# زیاتر لە دارتاشێک



جۆش مەکداوڵ
شۆن مەکداوڵ

وەرگێڕان: ڕۆمیۆ خەسرەو
هەڵەچنی: بۆران هەورامی
دیزاینی ناوەڕۆک: سەهەند هیوا

# پێڕست


پێشەکی.......................................................i

١. چیرۆکی من.................................................١

٢. چی وا دەکات عیسا جیاواز بێت؟..............................٨

٣. خودا، درۆزن یان شێت؟......................................٢٣

٤. ئەی چی دەربارەی زانست؟....................................٣٣

٥. ئایا پەیمانی نوێ جێگەی متمانەیە؟...........................٣٧

٦. کێ ئامادەیە لە پێناوی درۆیەکدا بمرێت.......................٥٧

٧. مەسیحێکی مردوو چ کەڵکێکی هەیە؟...........................٦٩

٨. بیستتان چی بەسەر شاوڵدا هات؟.............................٧٤

٩. دەتوانیت پیاوێکی مەزن ڕابگریت؟............................٨٤

١٠. تکایە با مەسیحە ڕاستەقینەکە هەڵبستێتە سەر پێ...............٩٨

١١. ئایا هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە؟..............................١٠٩

١٢. ئەو ژیانی منی گۆڕی.......................................١١٦

ستاییش بۆ ***زیاتر لە*** **دارتاشێک**..................................١٢٦

تێبینییەکان...................................................١٢٧

دەربارەی نووسەرەکان...........................................١٣٤

# پێشەکی

کاتێک بۆ یەکەم جار دانیشتم لەگەڵ دوازدە تیانووس (دەفتەر) لەساڵی ١٩٧٦، ٤٨ کاتژمێری بەتاڵ و بڕێکی زۆر قاوە بۆ نووسینی ئەو پەرتووکەی کە دەبێتە *زیاتر لە دارتاشێک*، من ئەمەم کرد بەهیوای ئەوەی یارمەتییەک بێت بۆ شوێنکەوتووانی عیسا بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە سەبارەت بە باوەڕەکەیان و هەروەها بۆ ئیلهامبەخشین بەو کەسانەی بەدوای ڕاستی دەگەڕێن بۆ ئەوەی ڕاستگۆیانە لە وتەکانی عیسا بکۆڵنەوە. هەرگیز خەونم بەوەوە نەدەبینی کە چیرۆکی کەسیی من لە گومانگەراییەوە بۆ باوەڕ لە کۆتاییدا ١٧ ملیۆن دانەی لێ بفرۆشرێت، وەربگێڕدرێت بۆ زیاتر لە ١٢٠ زمان و ئیلهام ببەخشێت بە خوێنەران کە تەماشایەکی نزیکتر و قووڵتر بکەن لە ئەگەرەکانی باوەڕ. بەردەوام شکۆدار و بێفیز دەبم هەر کاتێک کەسێک پێم دەڵێت کە پەرتووکەکەم گۆڕانێکی دروست کردووە لە ژیانیدا.

بەڵام بەردەوام شۆک دەبم بەرانبەر ئەو هەموو گۆڕانەی بەسەر جیهاندا هاتووە لەو کاتەوەی کە زیاتر لە دارتاشێک بۆ یەکەمین جار بڵاوکرایەوە. دۆزینەوەی نوێ کراوە ( و بەردەوامە لە ڕوودان) کە تیشک دەخەنە سەر مێژوویيبوونی عیسای مەسیح و ڕاستودروستی پەرتووکی پیرۆز. پرسیاری نوێ و ئاڵنگاری نوێیش سەریان هەڵداوە و لەگەڵ ئەوە نەوەی ئێستا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە و هەڵبژاردنی نوێ دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا بەردەوامن لە ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیارە لەمێژینەکان: عیسا کێیە؟ چ بەڵگەیەک هەیە کە ئەو کوڕی خودا بووە؟ تەنانەت ئەگەر ئەوەش ڕاست بێت ئایا چ گۆڕانێک دروست دەکات لە ژیانم؟

لەسەر بنەمای ئەمانە، بڕیارم دا کە ئیتر کاتی ئەوەیە نوێبوونەوەیەکی دیکەی بەرچاو بکرێت لە *زیاتر لە دارتاشێک*.

کوڕەکەم یارمەتی دام لە کۆتا نوێکردنەوە (٢٠٠٩)، ئیتر دووبارە بانگهێشتم کردەوە بۆ ئەوەی هاونووسەر بێت لەگەڵمدا. شۆن پرۆفیسۆری زانکۆیە لە بابەتی داکۆکیکاری (بەرگری لە باوەڕی مەسیحی) لە کۆلێژی تالبۆت بۆ خوێندنی ئایینزانیی، زانکۆی بایۆلا. ئەو قسەکەرێکی ناودارە، نووسەرە و یوتیوبەرە لەسەر چەندین بابەتی ئایینزانیی داکۆکیکاری لەسەر عیسا و پەرتووکی پیرۆز.

ئەو بڕوانامەی ئەکادیمی بەهێزی هەیە ( دوو بڕوانامەی ماستەر لە فەلسەفە و ئایینزانیی و دکتۆرایەک لە لێکۆڵینەوە داکۆکییکارییەکان و جیهانبینیی). ئەم دووانەمان بەیەکەوە کارمان کردووە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بەم ماددە پڕجۆشانەدا بکەین، بابەتی نوێ زیاد بکەین، وەڵامی ڕەخنە باوەکان بدەینەوە و ڕووخسارێکی نوێ بدەین بەم پەرتووک کلاسیکییە. دەرئەنجامەکەی چاپێکی نوێیە لە *زیاتر لە دارتاشێک* کە سەرەڕای ئەوەش گەڕانی تاقیکاری بەهێزی ناداکۆکیکاری بۆ ڕاستییەکان دەپارێزێت بۆ گەڕان بەشوێن ڕاستیەکەدا. لەگەڵ ئەوەی کە شۆن بە ڕادەیەکی باش بەشدار بووە لە نوێکردنەوەی ئەم پەرتووکە، چونکە بەدەوری چیرۆکی مندا دەسووڕێتەوە لە گوومانگەراییەوە بۆ باوەڕ، بڕیارمان دا کە هەر لەسەر زمانی کەسی یەکەمی من بمێنێتەوە.

خواستی دڵی ئێمەیە کە ئەم پەرتووکە کاریگەرییەکی گۆڕانپێکەری هەبێت لەسەر نەوەیەکی نوێ لە خەڵک لە گەشتی ڕۆحیيان بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ڕوون.

--- جەی ئێم

### بەشی یەک

# چیرۆکی من

فەیلەسووفی سەدەی سیازدەیەم تۆماس ئەکوەینس لە ڕاستییەکی قووڵ تێگەیشتبوو: لە ناخی هەموو ڕۆحێکدا تینوویێتییەک بۆ دڵخۆشی و واتا هەیە. کاتێک هەرزەکار بووم، بۆ یەکەم جار هەستم بەم تینوویێتییە کرد. دەمویست دڵخۆش ببم. دەمویست ژیانم واتایەکی هەبێت. لە مێشکمدا هەردەم ئەم سێ پرسیارە سادەیە دەهاتن و دەچوون کە ڕاوی ژیانی هەموو مرۆڤێک دەکەن: ناسنامەی من چییە؟ مەبەستی من چییە؟ چارەنووسی من چییە؟ وەڵامم دەویست، ئیتر وەک قوتابییەکی گەنج دەستم کرد بە گەڕان بەدوایاندا.

لەو شوێنەی تێیدا گەورە بووم هەموو کەسێک وا دیار بوو کە زۆر ئارەزووی لە ئایینە، هەر بۆیە من پێموابوو کە وەڵامەکانم لە ئایینیبووندا دەدۆزمەوە. بە ڕادەی ١٥٠% چوومە کڵێسا. هەرکاتێک دەرگا کراوە بووایە دەچووم، ئیتر بەیانیان بووایە، دوایینیوەڕۆ یان شەو. بەڵام دەبێت کڵێسا هەڵەکەم هەڵبژاردبووبێت، چونکە لەناوەوەیدا هەستم خراپتر بوو وەک لە دەرەوەی. لە گەورەبوونمدا لە کێڵگەیەک لە میشیگن ئەو شتە کردارییەم بۆ ماوەتەوە کە دەڵێت ئەگەر شتێک کاری نەکرد لە کۆڵ خۆتی بکەرەوە. هەر بۆیە وازم لە ئایین هێنا.

پاشان وا بیرم دەکردەوە ڕەنگە خوێندن وەڵامی پرسیارەکانی منی لا بێت لە گەڕانم بە شوێن واتادا، هەر بۆیە چوومە زانکۆوە. ئیتر بەزووترین کات بووم بە وەڕزکەرترین قوتابی لەنێو پرۆفیسۆرەکان. هەردەم بەشوێنیانەوە بووم لە ئۆفیسەکانیان و ڕامدەگرتن بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانم بدەنەوە. کاتێک منیان دەبینی دەهاتم، ڕووناکییەکانیان

دەکوژاندەوە، پەردەکەیان دادەدایەوە و دەرگاکانیان کلیل دەدا. دەتوانیت چەندین شت فێرببیت لە زانکۆیەک، بەڵام من ئەو وەڵامانەم دەست نەکەوت کە بەشوێنیانەوە بووم. ئەندامانی فاکەڵتییەکە و هاوپۆلەکانم هێندەی من کێشە و سەرئێشە و پرسیاری وەڵامنەدراوەیان هەبوو.

ڕۆژێکیان لە کەمپی زانکۆ قوتابییەکم بینی کە کراسێکی لەبەر بوو نووسرابوو، 'شوێن من مەکەوە، من ونم'. ئەمە ئەو جۆرە بوو کە هەموو کەسێکی زانکۆ دەهاتە بەرچاوم. بڕیارم دا کە خوێندن وەڵامەکە نییە.

بۆچوونت چییە؟
هاوڕایت لەگەڵ تۆماس ئەکوینس کە هەموو ڕۆحێک تینووی خۆشبەختی و واتایە؟

دەستم بەوە کرد کە بیربکەمەوە ڕەنگە لە ناودارییدا ئەو خۆشبەختی و واتایە بدۆزمەوە. ئامانجێکی باڵا دەدۆزمەوە و خۆمی بۆ تەرخان دەکەم و لە پرۆسەکەدا لە کەمپی زانکۆ دەناسرێم. ئەو خوێندکارانەی زۆرترین سام و دەستڕۆیشتوویيان هەبوو نوێنەرەکان بوون، کە لە هەمان کاتدا جزدانی پارەی بەشەکەیان بەدەست بوو. ئیتر منیش بۆ چەندین پێگەی جیاوازی قوتابییان هەڵبژێردرام. هەستێکی ناوازە بوو کە هەموو کەسێک لە کەمپی زانکۆ بناسم و بڕیاری گرنگ بدەم بۆ خەرجکردنی پارەی زانکۆ بۆ ئاهەنگی زۆر.

بەڵام هەستی ناودارbوونیش وەک هەموو شتێکی دیکە کە تاقیمکردبووەوە خۆشبەختییەکەی نەما. بەیانییانی یەکشەممان هەڵدەستام بۆ دەوام، بەزۆری بەسەرئێشەوە بەهۆی شەوی ڕابردووەوە و ڕۆژی وێرانەی دیکەم تێدەپەڕاند. یەکشەممە بۆ پێنجشەممە بەرگەم دەگرت و تەنها بۆ شەوە ئاهەنگەکانی پێنجشەممە و هەینی و شەممە دەژیام. ئیتر یەکشەممە سووڕە بێواتاکە دووبارە دەستی پێدەکردەوە.

خۆم نەدەخستە ژێرباری ئەوەی کە ژیانم بێواتا بوو؛ زیاد شانازییم پێوە دەکرد. هەموو کەسێک وایدەزانی کە من خۆشبەختترین کەسم لە زانکۆ. هەرگیز گومانی ئەوەیان نەدەبرد کە خۆشبەختییەکەم ساختە بوو. هەمووی بەپێی بارودۆخەکان بوو. ئەگەر شتەکان باش بڕۆیشتنایە بۆ من، ئەوە هەستم باش دەبوو، ئەگەر نالەبار بوونایە ئەوە هەستم بە بێتاقەتی دەکرد. تەنها شت ئەوە بوو کە دەرمنەدەخست. وەک بەلەمێک وابووم

**هەموو کەسێک وایدەزانی من خۆشبەختترین کەسم لە زانکۆ. هەرگیز گومانی ئەوەیان نەدەبرد کە خۆشبەختییەکەم ساختە بوو.**

لە دەریادا کە بە شەپۆلان پاش و پێشی دەکرد. نە هیچ سوکانێکم هەبوو- نە هیچ ئاڕاستەیەک و نە هیچ کۆنترۆڵێکیش. بەڵام کەسم نەدەبینی کە بە جۆرێکی تر بژیابایە کەسم نەدەدۆزییەوە بتوانێت پێم بڵێت چۆن بە شێوەیەکی جیاواز بژیم. بێزار بووبووم. نا، لەوە خراپتر بوو. دەستەواژەیەکی بەهێزتر هەیە بۆ پێناسەکردنی ئەو ژیانەی تێیدا بووم: دۆزەخ.

لەو ماوەیەدا تێبینی کۆمەڵەیەکی بچووکی قوتابییانم کرد—هەشت قوتابی و دوو ئەندامی بەشەکە—کە جیاواز دەردەکەوتن لەوانی دیکە. وا دیار بوون کە بزانن ئەوان کێن و بۆ کوێ دەڕۆن و باوەڕێکیان هەبوو. شادیهێنەرە کە کەسانێکی خاوەن باوەڕ بدۆزیتەوە، من پێم خۆش بوو لەدەوریان بم. ڕێز لەو کەسانە دەگرم کە باوەڕیان بە شتێک هەیە و هەڵوێست دەنوێنن لەسەری. تەنانەت ئەگەر هاوڕایش نەبم لەگەڵ باوەڕەکەیاندا.

> **بۆچوونت چییە؟**
> حەز دەکەیت لەدەوری کەسانی باوەڕدار بیت؟ چی وا دەکات ئەزموونێکی بەجۆش بێت؟ چی وا دەکات کە بێزارکەر بێت؟

بۆ من ڕوون بوو کە ئەو کەسانە شتێکیان هەبوو و من نەمبوو. خۆشبەختیی ئەوان جیاواز بوو. خۆشبەختییەکەشیان بەرز و نزمی نەدەکرد لەگەڵ بارودۆخی ژیانی زانکۆ؛ جێگیر بوو. وا دەردەکەوتن کە سەرچاوەیەکی ناوەکیی خۆشبەختییان هەبێت و بیرم دەکردەوە داخۆ لەکوێوە بێت.

شتێکی دیکە سەبارەت بەم خەڵکە سەرنجی ڕاکێشام—هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکدیدا. ڕاستگۆیانە یەکتریان خۆشدەویست—نەک تەنها یەکدی، بەڵکوو خەڵکی دەرەوەی خۆشیان. مەبەستم ئەوە نییە کە تەنها سەبارەت بە خۆشەویستی قسەیان دەکرد؛ ئەوان بەشدار بوون لە ژیانی خەڵکدا، یارمەتییان دەدان لە کێشە و پێویستییەکانیاندا. ئەمە تەواو نامۆ بوو بۆ من، بەڵام زۆر بەهێزەوە ڕایدەکێشام بۆی.

وەک زۆرینەی خەڵک، کاتێک شتێک دەبینم کە نیمە و دەشمەوێت، دەست دەکەم بە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ بەدەستهێنانی. بۆیە بڕیارم دا کە ببم بە هاوڕێ لەگەڵ ئەم خەڵکە سەرنجڕاکێشانەدا.

چەند هەفتەیەک دواتر لەسەر مێزی یەکێتی قوتابییان لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە دانیشتم. گفتوگۆکە چووە سەر باسی خودا. من زۆر نادڵنیا و گوماندار بووم لەبارەی ئەم بابەتە، بۆیە دیوارێکی گەورەم دروست کرد. پاڵم دایەوە دواوە وەک ئەوەی هیچ بە خەیاڵمدا نەیەت و گرنگ نەبێت.

"مەسیحییەت، ئەمە چییە، هەر بۆ ئەو کەسانە باشە کە مێشکیان باش ئیش ناکات و بیر ناکەنەوە". بێگومان لەگەڵ هەموو ئەم قسە بەرز و نزمانە بەڕاستی ئەو شتەم دەویست کە ئەم کەسانە هەیانە، بەڵام خۆپەرستییە بەرزەکەم نەیدەویست بهێڵێت ئەوان ئەو بەتاڵییە بەئازارەی ناخم هەست پێ بکەن کە سەغڵەتی دەکردم، بەڵام من نەمدەتوانی وازی لێ بهێنم. بۆیە ڕووم کردە یەکێك لەوان و پێم گوت، 'پێم بڵێ چی وا دەکات ئێوە جیاواز بن لە هەموو قوتابییانی دیکە لە زانکۆ؟ چی ژیانی ئێوەی گۆڕیوە؟'

**"مەسیحییەت، ئەمە چییە، تووڕێکی قوڕاویی ناهێنێت بابە. هەر بۆ ئەو کەسانە باشە کە مێشکیان باش ئیش ناکات و بیر ناکەنەوە". بێگومان لەگەڵ هەموو ئەم قسە بەرز و نزمانە بەڕاستی ئەو شتەم دەویست کە ئەم کەسانە هەیانە.**

بەبێ هیچ دوودڵییەک ڕاستەوخۆ تەماشای چاوەکانمی کرد بە ڕووخسارێکی زۆر جدی دوو وشەی گوت کە هەرگیز پێشبینیم نەدەکرد گوێبیستی ببم لە گفتوگۆیەکی هۆشیارانەی زانکۆ: "عیسای مەسیح".

"عیسای مەسیح؟" بەسەرسووڕمانەوە گوتم. "بۆ خاتری خوا ئەو زبڵەم پێمەدە. تێر ئایینم بینییوە و تێر کڵێسام بینییوە و تێر پەرتووکی پیرۆز."

ڕاستەوخۆ وەڵامی دامەوە، "من نەمگوت ئایین، گوتم عیسای مەسیح!" ئاماژەی بە شتێک کرد کە هەرگیز نەمزانیبوو. مەسیحییەت جیاواز لە هەموو ئایینەکانی دیکە سەبارەت بە پەیوەندییە لەگەڵ خودا. ئایینەکانی دیکە تەرکیز دەکەنە سەر هەوڵدان بۆ کاری چاکە بۆ گەیشتن بە خودا. مەسیحییەت بریتییە لە هاتنی خودا بۆ ئێمە لە ڕێگەی عیسای مەسیح.

**ئایینەکانی دیکە تەرکیز دەکەنە سەر هەوڵدان بۆ کاری چاکە بۆ گەیشتن بە خودا. مەسیحییەت بریتییە لە هاتنی خودا بۆ ئێمە لە ڕێگەی عیسای مەسیح.**

من نەدەچوومە ژێرباری و قایل نەدەبووم تەنانەت بۆ ساتێکیش. بەهۆی ئەو ئازایەتی و باوەڕەی ئەوەوە پاشەکشەم کرد و داوای لێبوردنم کرد بۆ هەڵسوکەوتەکەم. ڕوونمکردەوە "بێزار و ماندووم لە ئایین و خەڵکی ئاییندار" و "تامەوێت هیچ شتێکم هەبێت لەگەڵیاندا".

ئیتر هاوڕێ نوێیەکانم پێیان گوتم بۆ ئاڵنگارییەک (تەحەدا) کە نەمدەتوانی باوەڕ بکەم. ئاڵنگارییان کردم کە بەدواداچوونێکی زانستی و قووڵ و تاقیکارییانە بکەم بۆ گوتەکانی عیسای مەسیح- کە ئەو کوڕی خودایە؛ کە جەستەی مرۆڤی وەرگرت و لەناو خەڵکی ڕاستەقینەدا ژیا؛ کە ئەو لەسەر خاچ مردووە بۆ گوناهی مرۆڤایەتی؛ کە ئەو نێژرا و سێ ڕۆژ دواتر هەڵسایەوە لە مردن؛ کە ئەو تا ئێستاش زیندووە و دەتوانێت تەنانەت ئەمڕۆش ژیانی کەسێک بگۆڕێت.

بۆچوونت چییە؟
چۆن پێناسەی ئایین دەکەیت؟

وا بیرم دەکردەوە کە ئەم ئاڵنگارییە گاڵتەیە. ئایا هەموو کەسێکی دیکە نازانێت کە مەسیحییەت لەسەر ئەفسانە دامەزراوە؟ پێموابوو کە تەنها گەمژەکان دەتوانن باوەڕ بەوە بکەن کە مەسیح لە مردن هەڵساوەتەوە. من ڕاهاتبووم لە پۆلدا چاوەڕێی مەسیحییەکانم دەکرد قسە بکەن بۆ ئەوەی بیانشکێنمەوە. پێموابوو کە ئەگەر کەسێکی مەسیحیی یەک خانەی مێشکی هەبێت ئەوا لە تەنهاییدا شەق دەبات.

بەڵام ئاڵنگاریی هاوڕێکانمم قەبووڵ کرد، زیاتریش لەپێناوی ئەوەی کە بیسەلمێنم هەڵەن. باوەڕم وابوو کە چیرۆکی مەسیحییەت بە بەڵگە ناوەستێت. من خوێندکاری یاسا بووم و شتێک دەزانم دەربارەی بەڵگە. بەوردیی و قووڵیی لێکۆڵینەوە دەکەم دەربارەی مەسیحییەت و هەموو ئەو ناڕاستییانە دەردەکەم بۆیان لەو ئایینە ساختەیەیاندا.

**دەمزانی ئەگەر بەڵگەی حاشاهەڵنەگر بدۆزمەوە لەسەر ئەوەی کە پەرتووکی پیرۆز پشتی پێ نابەسترێت ئەوا تەواوی مەسیحییەت دادەڕمێت.**

بڕیارم دا کە بە پەرتووکی پیرۆز دەستپێبکەم، چونکە دەمزانی ئەگەر بەڵگەی حاشاهەڵنەگر بدۆزمەوە لەسەر ئەوەی کە پەرتووکی پیرۆز پشتی پێ نابەسترێت ئەوا تەواوی مەسیحییەت دادەڕمێت. بێگومان باوەڕدارێک دەتوانێت پێم بڵێت کە مەسیح لە پاکیزەیەک لەدایکبووە و پەرجووی کردووە و لە

مردن هەڵساوەتەوە، بەڵام کەڵکی چییە ئەگەر پەرتووکەکە متمانەپێکراو نەبێت بۆ ئەم پێشهات و گوتانە. ئەگەر بتوانم ئەمە دەربخەم دەتوانم پیشانی بدەم کە مەسیحییەت خەیاڵێکی خۆشدروستکراوی کۆمەڵێک باوەڕداری ئایینییە.

ئاڵنگارییەکەم بەجدی وەرگرت و چەندین مانگ لێکۆڵینەوەم کرد. تەنانەت لە زانکۆ هاتمە دەرەوە بۆ ئەوەی کاتم هەبێت بۆ خوێندن لەو پەرتووکخانە مێژووییە دەوڵەمەندانەی ئەوروپا. بۆ ئەوەی پارەی گەشتەکە تەرخان بکەم ئەو کۆمپانیای تابلۆکێشانەم فرۆشت کە لە زانکۆ دامەزراندبوو. بەڵگەم دۆزییەوە، بەڵگەی بێشوومار. بەڵگەی وا کە خۆم باوەڕم پێیان نەدەکرد ئەگەر بەچاوی خۆم نەمدیبانایە. لە کۆتاییدا دەمتوانی بگەم بە تەنها یەک دەرئەنجام: ئەگەر بمەوێت ڕاستگۆ و زانستی بمێنم پێویستە دان بنێم بەوەدا کە دەقەکانی پەیمانی کۆن و نوێ جێمتمانەترین دەقی مێژوویین. ئەگەر جێمتمانە بن ئەوا ئەو پیاوە، عیسا کە تەنها بە دارتاشێکم دانابوو لە شارۆچکەیەکی دوورەڕێ لە وڵاتێکی چەوساوە، پیاوێک کە لەناو دیدە مەزنەکانی خۆیدا ڕۆچووبوو؟

**بەڵگەم دۆزییەوە، بەڵگەی بێشوومار. پێویستە دان بنێم بەوەدا کە دەقەکانی پەیمانی کۆن و نوێ جێمتمانەترین دەقی مێژوویین.**

پێویست بوو دانبنێم بەوەدا کە عیسا لە دارتاشێک زیاتر بوو. ئەو هەموو ئەو شتانە بوو کە گوتبووی.

لێکۆڵینەوەکەم تەنها لە ڕووی فکرییەوە نەیگۆڕیم بەڵکو تەنانەت وەڵامی ئەو سێ پرسیارەی دامەوە لە گەڕانەکەم بۆ خۆشبەختی و واتا. بەڵام پەلەت نەبێت، ئەوەی کە ماوە لە چیرۆکەکە، لە کۆتایی ئەم پەرتووکەدا دەیگێڕمەوە. سەرەتا دەمەوێت کرۆکی ئەوە باس بکەم کە فێریبووم لەو چەند مانگەی لێکۆڵینەوەکەم بۆ ئەوەی کە تۆش ئەوە ببینیت کە مەسیحییەت ئەفسانەیەک نییە، خەیاڵی کۆمەڵێک خەونبین نییە، فێڵ و درۆ نییە بۆ ساویلکەکان کرابێت. ڕاستییەکی جێگیر و نەگۆڕە.

**بۆچوونت چییە؟**
**ئەگەر خودا ببێتە مرۆڤ، باشترین ڕێگا چییە بۆ ئەوەی لەگەڵ دروستکراوەکانی بدوێت؟**

هەروەها گەرەنتیت پێدەدەم کاتێک دەگەیتە تێگەیشتن لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا،

**دەگەیتە لێواری ئەوەی دۆزینەوەی وەڵامی ئەو سێ پرسیارە: ناسنامەی من چییە؟ مەبەستم چییە؟ چارەنووسم چییە؟**

**بەشی ٢**

# چی وا دەکات عیسا جیاواز بێت؟

جارێکیان دوای دۆزینەوەکانم سەبارەت بە پەرتووکی پیرۆز و مەسیحییەت، سەر تەکسیەک کەوتم و ئەوە بوو شتێکم باس کرد بۆ شۆفێرەکە دەربارەی عیسا. ڕاستەوخۆ وەڵامی دامەوە، "حەز ناکەم باسی ئایین بکەم، بەتایبەت عیسا." لەوێدا تێبینیم کرد کاردانەوەی زۆر هاوشێوە بوو لەگەڵ ئەو ئەزموونەی خۆم لە زانکۆ کاتێک ئەو کەسە بۆی باس کردم کە عیسا ژیانی گۆڕیوە. بەدیاریکراویی ناوی عیسا کە دیارە وا خەڵک قەڵس دەکات. شەرمەزاریان دەکات، تووڕەیان دەکات یان وایان لێدەکات کە بابەتەکە بگۆڕن. دەتوانیت باسی خودا بکەیت و خەڵک زۆر کات ئاساییە لایان، بەڵام ناوی عیسا بهێنیت، یەکسەر دەیانەوێت گفتوگۆکە بوەستێنن. بۆچی ناوەکانی وەک: بودا، موحەمەد یان کۆنفۆشیۆس خەڵک تووڕە ناکات وەکوو ناوی عیسا؟

پێم وایە هۆکارەکە ئەوەیە کە ئەم ڕابەرە ئاینییانەی دیکە بانگەشەی ئەوەیان نەکردووە خودا بن. ئەوە جیاوازییە گەورەکەیە لەنێوان عیسا و ئەوانەی دیکە. زۆری پێ نەچوو بۆ ئەو خەڵکەی عیسایان دەناسی پەی بەوە ببەن کە ئەم دارتاشەی ناسیرە بانگەشەی سەرسووڕهێنەری دەکرد سەبارەت بە خۆی. ڕوون بووبووەوە کە ئەو بانگەشانە ئەویان بە زیاتر لە پێغەمبەرێک یان مامۆستایەک دەناساند. ئەو بەڕوونی بانگەشەی خودابوونی دەکرد. ئەو وەک تاکە ڕێگای ڕزگاریی و تاکە سەرچاوەی لێخۆشبوونی گوناهەکان—شتانێک کە دەیانزانی تەنها خودا دەتوانێت بانگەشەی بکات.

**بۆچوونت چییە؟**
عیسا گوتی کوڕی خودایە. بۆچی ئەمە کێشەیە بۆ زۆر خەڵک؟ بۆچی باسکردنی خودا کەمتر تووڕەکەرە؟

بۆ زۆر کەس لەمڕۆدا بانگەشەکەی عیسا بۆ بوون بە کوڕی خودا بەڕاستی زۆر جیاوازە. لەم فرەکلتورییەماندا ئەمە شتێکی زۆر بەرتەسکە و بیرە ئایینییە داخراوەکە دەهەژێنێت. نامانەوێت باوەڕی پێ بکەین. بەڵام کێشەکە ئەوە نییە کە دەمانەوێت باوەڕی پێ بکەین بەڵکوو ئەوەی عیسا بانگەشەی کردووە کێ بێت و ئایا بانگەشەکەی ڕاستە؟ ئەمە ئەوە بوو کە زۆر بەتامەزرۆیی ویستم بیدۆزمەوە کاتێک ئاڵنگارییەکەم قەبووڵ کرد لە هاوڕێکانی زانکۆم.

دەستم کرد بە گەڕانی هەموو ئەوەی دەمتوانی سەبارەت بە بەڵگەنامەکانی پەیمانی نوێ بۆ ئەوەی بزانم دەکرێت چیمان پێ بڵێت سەبارەت بەم بانگەشەیە. دەستم کرد بە شیکردنەوەی ڕستەی "خودابوونی مەسیح" بۆ ئەوەی بەڕوونیی ببینم مەبەست چییە لە بانگەشەی ئەوەی عیسای مەسیح خودایە. جوولەکە و مەسیحی و موسڵمان هەموو هاوڕان کە خودا بێخەوشە، هەتاهەتاییە، هەموو شتێک دەزانێت و بەدیهێنەرێکی سەروەری گەردوونە. بەپێی خوداناسان خودا بوونەوەرێکی کەسییە کە ئەمڕۆ گەردوون دەپارێزێت. بەڵام ئایینزانیی مەسیحی شتێکی دیکە بۆ پێناسەی خودا زیاد دەکات: خودا لە عیسای مەسیحدا بەرجەستە بوو.

**ناوی عیسا واتا "یەهۆڤا-ڕزگارکەر." یان "خودا ڕزگار دەکات." نازناوی مەسیح لە وشەی یۆنانی 'مەسیا'وە هاتووە کە واتا "مەسحکراوەکە (هەڵبژێردراوەکە)".**

وشەکانی عیسای مەسیح یەکەم و کۆتا ناو نین؛ لە ڕاستیدا ناوێک و نازناوێکن. ناوی عیسا لە ناوی یەشوا سەرچاوەی گرتووە، واتای "یەهۆڤا-ڕزگارکەر" یان "خودا ڕزگار دەکات". نازناوی مەسیح لە ناوی یۆنانی 'مەسیا' سەرچاوەی گرتووە (یان عیبریی مەشیاخ؛ بڕوانە دانیاڵ ٩: ٢٦) کە واتە 'مەسحکراوەکە' (واتە پیرۆزکراو یان هەڵبژێردراو). لە پەیمانی کۆندا دەستەواژەی مەسیح پێگەکانی پێغەمبەر و کاهین و پاشا دەگرێتەوە. پێش لەدایکبوونی عیسا پێشبینییەکانی پەیمانی کۆن ئاماژەیان بە هاتنی ڕزگارکەرێک دەکرد کە هەر سێ ڕۆڵەکە بگرێتە خۆ. ئەم دڵنیاکردنەوەیە، گەوهەرییە بۆ تێگەیشتنێکی گونجاو لە عیسا و مەسیحییەت.

پەیمانی نوێ بەڕوونیی عیسا وەکوو خودا دەردەخات. زۆرێک لەو ناوانەی بۆ مەسیح دانراون ئەوانەن کە تەنها دەشێت بۆ یەکێک بەکاربێت کە خودا بووبێت. عیسا پێی دەگوترێت خودا لەو گوتەیە : "لە چاوەڕوانی هیوای بەرەکەتدار، دەرکەوتنی شکۆی خودای گەورە و ڕزگارکەرمان، عیسای مەسیح،" (تیتۆس ٢: ١٣ و هەروەها بڕوانە یۆحەنا ١: ١؛ ٢٠: ٢٨؛ ڕۆما ٩: ٥؛ عیبرانییەکان ١: ٨؛ دووەم پەترۆس ١: ١؛ یەکەم یۆحەنا ٥: ٢٠-٢١). نووسراوی پیرۆز ئەو تایبەتمەندییانەی تەنها دەدرێنە پاڵ خودا دەداتە پاڵ ئەو. عیسای مەسیح بە خودهەبوویی* دەردەخات (بڕوانە یۆحەنا ١: ٢؛ ٨: ٥٨؛ ١٧: ٥؛ ١٧: ٢٤)، لەهەمووجێیەکبووە (بڕوانە مەتا ١٨: ٢٠؛ ٢٨: ٢٠)، هەمووشتزانە (بڕوانە مەتا ١٧: ٢٢-٢٧؛ یۆحەنا ٤: ١٦-١٨؛ ٦: ٦٤)، خاوەن دەسەڵاتی ڕەهایە (بڕوانە مەتا ٨: ٢٦-٢٧؛ لۆقا ٤: ٣٨-٤١؛ ٧: ١٤-١٥؛ ٨: ٢٤-٢٥؛ ئاشکراکردن ١: ٨)، هەروەها سەرچاوەی ژیانی هەتاهەتایی (بڕوانە یەکەم یۆحەنا ٥: ١١-١٢، ٢٠).

> **نووسراوی پیرۆز ئەو تایبەتمەندییانە دەداتە پاڵ عیسا کە تەنها دەکرێت بدرێنە پاڵ خودا. عیسا شکۆ و پەرستشی وەرگرت کە تەنها دەبێت خودا وەریگرێت.**

عیسا شکۆ و پەرستشی وەرگرت کە تەنها دەبێت خودا وەریبگرێت. لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەیتاندا عیسا گوتی: «ئەی شەیتان لێم دووربکەوە! چونکە نووسراوە: ﴿کڕنۆش بۆ یەزدانی پەروەردگارت دەبەیت و تەنها ئەو دەپەرستیت.﴾ (مەتا ٤: ١٠). لەگەڵ ئەوەدا عیسا پەرستشی وەردەگرت وەک خودا لەلایەن مرۆڤەکان و فریشتەکان (بڕوانە مەتا ١٤: ٣٣؛ ٢٨: ٩، ١٧؛ یۆحەنا ٥: ٢٣؛ عیبرانیەکان ١: ٦؛ ئاشکراکردن ٥: ٨-١٤). زۆرێک لە شوێنکەوتووە یەکەمینەکانی عیسا جوولەکەی خواناس بوون کە بڕوایان بە تاکە خودای ڕاست هەبوو. تەواو یەکتاکپەرست بوون بەڵام هێشتا وەک ئەم نموونانەی داهاتوو نیشان دەدەن ئەوان ئەویان وەک بەرجەستەبوونی خودا دەبینی.

بە هۆکاری ڕاهێنانی ڕابییە بەرفراوانەکەی پۆڵس (ڕابی پلەیەکی ئایینییە لە ئایینی جوولەکە وەکوو مەلا لە ئیسلامدا)، لەوە ناچێت کەسێک بێت کە تایبەتمەندیی خودابوون بداتە پاڵ عیسا، پیاوێک بپەرستێت لە ناسیرەوە و پێی بڵێت خودا. بەڵام ئەمە ڕێک ئەو شتە بوو کە پۆڵس کردی. لە نامەکەی بۆ کۆلۆسییەکان، پۆڵس ئاماژە بە عیسا دەکات وەک 'وێنەی خودای نەبینراو' کە 'لە ڕێگەیەوە هەموو شتێک بەدیهاتووە' و 'چونکە خودا

*خودهەبوو وشەیەکی نوێیە لە زمانی کوردی بە واتای زاتێک دێت کە خودی خۆی بەدیهێناوە یان لەلایەن هیچ کەسێکەوە بەدی نەهاتووە

خۆشحاڵ بوو بە هەموو پڕیی خۆی لە مەسیحدا نیشتەجێ بێت.' (کۆلۆسی ١: ١٥، ١٦، ١٩).

دوای ئەوەی عیسا پرسیاری لە قوتابییەکانی کرد کە پێیان وایە ئەو کێیە، پەترۆس دانی پێدانا، "تۆ مەسیحەکەیت، کوڕی خودای زیندوو" (مەتا ١٦: ١٦). عیسا وەڵامی تێگەیشتنەکەی پەترۆسی دایەوە بە ڕاستکردنەوە نا، بەڵکوو بە دووپاتکردنەوەی ڕاستییەکەی و سەرچاوەکەی: "شیمۆنی کوڕی یۆنا، خۆزگەت پێ دەخوازرێت، چونکە گۆشت و خوێن ئەمەیان بۆت ئاشکرا نەکرد، بەڵکوو ئەو باوکەم کە لە ئاسمانە" (مەتا ١٦: ١٧).

مەرسا کە هاوڕێیەکی نزیکی عیسا بوو' پێی گوت: «بەڵێ گەورەم. باوەڕم هێناوە کە تۆ مەسیحەکەیت، کوڕی خودای، ئەوەی بۆ جیهان دێت» (یۆحەنا ١١: ٢٧). دواتر قسەکەرێکی ڕاستەوخۆمان هەیە بە ناوی نەتانئیل کە باوەڕی نەبووە هیچ شتێکی باش لە ناسیرە پەیدا ببێت. دانی پێدانا: «ڕابی، تۆ کوڕی خودایت! پاشای ئیسرائیلیت!» (یۆحەنا ١: ٤٩). کاتێک یەکەم شەهیدی مەسیحییەت بەردباران دەکرا نوێژەکەی ئاڕاستەی عیسا کرد: «عیسای خاوەن شکۆ، ڕۆحم وەربگرە!» (کردار ٧: ٥٩). نووسەری پەرتووکی عیبرانییەکان مەسیح بە خودا بانگ دەکات کاتێک دەنووسێت: "بەڵام لەبارەی کوڕەکەوە دەفەرموێت: ‹ئەی خودایە، تەختی تۆ بۆ هەتاهەتاییە" (عیبرانیەکان ١: ٨).

دواتر، بێگومان تۆماسمان هەیە کە ئەگەر ڕوونتر بڵێین، ناسراوە بە 'گومانکەرەکە.' (ڕەنگە قوتابییەکی دەرچوو بووبێت). "ئەویش پێی گوتن: «ئەگەر جێگای بزمارەکان بەدەستیەوە نەبینم، پەنجە نەخەمە شوێنی بزمارەکانەوە، دەست لە کەلەکەی نەدەم هەرگیز باوەڕ ناکەم.»" (یۆحەنا ٢٠: ٢٥). من هاوشێوەی تۆماسم. ئەو دەیگوت، "تەماشا بکەن، هەموو ڕۆژێک کەسێک لە مردن هەڵناستێتەوە یان بانگەشەی ئەوە بکات بەرجەستەبوونی خودایە. ئەگەر چاوەڕێی من دەکەن باوەڕ بکەم ئەوا پێویستیم بە بەڵگەیە." هەشت ڕۆژ دواتر، دوای ئەوەی تۆماس گومانەکانی خۆی باس کرد سەبارەت بە عیسا بۆ قوتابییەکانی دیکە، عیسا لەناکاو دەرکەوت، «سڵاوتان لێ بێت!» ئینجا بە تۆماسی فەرموو: «پەنجەت

**بۆچوونت چییە؟**
ئایا زیاتر خۆت وەک مەرسا دەبینیت (هەردەم باوەڕدارە) یان تۆماس(گومانکەر) یان نەتانئیل (ڕەشبینێک) لە بینینت سەبارەت بە عیسای مەسیح؟

بێنە ئێرە و دەستم ببینە، دەستت بێنە و لە کەلەکەمی بدە. بێباوەڕ مەبە بەڵکوو باوەڕ بهێنە.» (ئایەتی ٢٦-٢٨). عیسا قەبووڵی کرد کە تۆماس وەکوو خودا دانی پێیدا ناوە. یۆحەنای نێردراو و یەحیای لەئاوهەڵکێشیش ئاماژە بە عیسا دەدەن وەک خودا، بڕوانە یۆحەنا ١:١، ١٤، ٣٤). ئەم کەسانەی کە نزیکترینن لەو بەبەردەوامی ئەویان وەک خودا لە جەستەی مرۆڤدا ناساندووە.

لەم خاڵەدا ڕەنگە ڕەخنەگرێک ڕەخنە بگرێت کە هەموو ئەم گوتانە لەلایەن ئەوانەی دیکەوەیە لەسەر مەسیح، نەک لەلایەن مەسیحیەوە لەسەر خودی خۆی و خەڵکی ئەو کاتە بەهەڵە تێگەیشتوون لەو وەک چۆن ئێمە ئەمڕۆ هەڵە لێی تێدەگەین. ئەوان خودابوونیان داوەتە پاڵ ئەو، بەڵام ئەو بەڕاستیی بانگەشەی نەکردووە لەسەر خۆی.

لە ڕاستییدا، ئەگەر زیاتر قووڵ ببینەوە لە لاپەڕەکانی پەیمانی نوێ، دەبینین عیسا بەڕاستیی ئەم بانگەشەیەی کردووە. هەندێک کات عیسا قسانێک دەکات کە بەڕوونیی بانگەشەی خودابوونە بەڵام ئەو کەسانەی دەوروبەری کە گوێبیستی بوون زۆر کات تێنەگەیشتوون. چەندین جار وەڵامدانەوەیان بە پرسیارگەلێک بووە وەک، "ئەم پیاوە خۆی بەچی دەزانێت؟" لەکاتێکدا عیسا هەرگیز ڕاستەوخۆ ئەو وشانەی نەگوتووە، "من خودام،" قورسایی پەیمانی نوێ ڕوونە: عیسا بانگەشەی ئەوەی کردووە کە خودایە. بازرگانێک کە بەوردیی لە پەرتووکی پیرۆزی کۆڵیبووەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئەگەر عیسای مەسیح بانگەشەی ئەوەی کردبێت کە خودایە، پێی گوتم، "هەر کەسێک پەیمانی نوێ بخوێنێتەوە و نەگات بە ئەنجامی ئەوەی عیسا خودایە، دەبێت هێندەی پیاوێک کوێر بێت کە بەڕۆژی ڕووناک لەدەرەوە بێت و بڵێت خۆر نابینم."

لە مزگێنی یۆحەنادا ڕووبەڕووبوونەوەیەک هەیە لەنێوان عیسا و کۆمەڵێک جوولەکە. ڕەخنەیان لە عیسا دەگرت بۆ بانگەشەی ئەوەی ئیبراهیم پێشبینی هاتنی ئەوی کردووە: "جوولەکەکان پێیان گوت: «تۆ جارێ تەمەنت نەبووە بە پەنجا ساڵ، ئیتر چۆن دەڵێیت کە ئیبراهیمت بینیوە؟» عیسا پێی فەرموون: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، پێش ئەوەی ئیبراهیم لەدایک ببێت، من هەم.» (یۆحەنا ٨: ٥٧-٥٨). لە دەرئەنجامدا هەوڵی بەردبارانکردنیان دا. دەستەواژەی "من هەم" بە شێوەیەکی فراوان ئاماژەیە بۆ خودای پەیمانی کۆن و بەو ڕێگایە وەرگیراوە لەلایەن جەماوەرە جوولەکەکەی عیساوە. (وەڵامدانەوەکەیان بۆی ئەوە دەگەیەنێت کە دەستەواژەیەکی لەو شێوەیە کفرە کە لەلایەن تەنها پیاوێکەوە بکرێت و شایەنی مردنە). بۆ نموونە لە پەرتووکی دەرچوون خودا بە موسای گوت: "«من هەم ئەوەی کە هەم.» هەروەها فەرمووی: «ئاوا بە نەوەی

ئیسرائیل دەڵێیت: "'هەم' منی بۆ ئێوە ناردووە."»" جێگەی سەرنجە کاتێک جەماوەرە جوولەکەکە پرسیاری لێ دەکەن کە ئەگەر باوکە ئیبراهیمی ناسیبێت، بەڵام لە وەڵامدا بانگەشەی بوونی ئەزەلی خۆی دەکات. وەڵامدانەوەکەیان هیچ گومانێکی وا ناهێڵێت لەوەی لە بانگەشەکەی ئەو تێگەیشتوون بۆ ئەوەی خودای پەیمانی کۆن بێت. لەدەرئەنجامی ئەم بەریەککەوتنە هی دیکە کە عیسا خودابوونی خۆی دووپات دەکاتەوە (نم، یۆحەنا ٥: ١٧-١٨، ٢٢-٢٣)، ڕابەرە ئایینییەکان پیلان دادەنێن بۆ لەناوبردنی. ئەوان تەنها ڕقیان لێی نەبوو—دەیانویست بیکوژن.

بۆچوونت چییە؟
پێتوایە بۆچی ڕابەرە جوولەکەکان هێندە قەڵس بوون بە عیسا دوای ئەوەی لە شەنبەت خەڵکی چاک کردەوە؟ ئایا هۆکاری ئەوە بوو کە لە ڕۆژێکی پیرۆزدا کردی یان شتێکی دیکە؟

هەروەها عیسا بەتوندی بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو لەگەڵ باوک یەکن. ڕەنگە پێم بڵێیت، "بەڵام جۆش تەماشا بکە من نایبینم چۆن ئەمە هیچ شتێک دەسەلمێنێت. ئایا عیسا نوێژی نەکرد کە ئەو و قوتابییەکان و باوک ببن بە یەک؟" بەڵێ کردی، بەڵام زەمینەکە (کۆنتێکستەکە) جیاوازە. لە ماوەی جەژنی هەنوکە لە ئۆرشەلیم، هەندێک ڕابەری جوولەکە هاتنە لای عیسا و لێیان پرسی ئایا ئەو مەسیحەکەیە. عیسا لە وەڵامدا پێی گوتن، "من و باوک یەکین" (یۆحەنا ١٠: ٣٠). "دیسان ئەو جوولەکانەی بەرهەڵستی عیسایان دەکرد بەردیان هەڵگرت تاکوو بەردبارانی بکەن، بەڵام عیسا پێی فەرموون: «زۆر کاری چاکم لەلایەن باوکەوە پیشاندان، بەهۆی کامیانەوە بەردبارانم دەکەن؟» جوولەکەکان وەڵامیان دایەوە: «لەبەر کردارێکی چاک بەردبارانت ناکەین، بەڵکوو بەهۆی کفرکردنتەوە، چونکە تۆ مرۆڤیت و خۆت دەکەیت بە خودا.» (ئایەتی ٣١-٣٢). لە کاتێکدا عیسا نوێژی کرد کە ئەو و قوتابییەکان لەگەڵ باوکدا ببن بە یەک لە یەکێتیدا (بڕوانە یۆحەنا ١٧: ٢٠-٢٢)، لە یۆحەنا ١٠ عیسا بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە سروشت لەگەڵ خودادا یەک بن.

یەکێک لەوانەیە بیر بکاتەوە بۆچی جوولەکەکان هێندە بەتوندی وەڵامدانەوەیان هەبوو بۆ ئەوەی عیسا گوتی سەبارەت بە یەکبوون لەگەڵ باوک. بنیاتی دەستەواژەکە بەیۆنانی وەڵامەکە دەدات. ئەی تی ڕۆبێرتسن، گەورەترین زانای یۆنانیی سەردەمی خۆی، دەنووسێت کە لەم دەقەدا وشەی یەک بێلایەنە، نێرینە نییە؛ هەروەها یەکبوون

ناگەیەنێت لە کەسدا یان لە مەبەستدا بەڵکوو یەکبوون لە "کرۆک یان سروشت". ڕۆبەرتسۆن زیاتر لەسەری دەڕوات و دەڵێت: "ئەم دەستەواژە بەهێزە لووتکەی بانگەشەی مەسیحە بۆ پەیوەندی نێوان ئەو (کوڕ) و باوک. فەریسییەکانی هەژاند بۆ تووڕەییەکی کۆنترۆڵنەکراو."[١] ڕابەرە جوولەکەکان هەڕەشەیان لە عیسا کرد بە "کفرکردن" کە واتای ئەوەیە بێگومان لە بانگەشەکەی تێگەیشتوون بە خودابوونی. بەڵام ڕەنگە بپرسین، ئایا ڕاوەستان لەوەی بیر لە بانگەوازەکانی بکەنەوە کە ئایا ڕاستن یان نا؟

بۆچوونت چییە؟
جولەکەکان ویستیان عیسا بەردباران بکەن بەهۆی کفرکردن. ئایا تاوانی خۆیان بوو بۆ باوەڕپێنەکردنی و دەستکردن بە تۆمەتبارکردنی؟ یان تەنها ئیرەییان بە ناوداربیەکەی دەبرد؟

عیسا بەبەردەوامی لەبارەی خۆیەوە دواوە وەک یەکێک لە کرۆکدا یان سروشت لەگەڵ خودا. ئەو بوێرانە ڕایگەیاند، "ئەوەی منی بینیوە باوکی بینیوە" (یۆحەنا ١٤: ٩). "ئەوەی ڕقی لە من بێتەوە، ڕقی لە باوکیشمە" (یۆحەنا ١٥: ٢٣). "تاکوو هەموو ڕێزی کوڕەکە بگرن وەک چۆن ڕێزی باوک دەگرن. ئەوەی ڕێزی کوڕەکە نەگرێت، ڕێزی باوکیش ناگرێت کە ناردوویەتی" (یۆحەنا ٥: ٢٣). ئەم ئاماژانە ئەوە دەردەخەن کە عیسا بانگەشەی ئەوەی کردووە کە لە پیاوێک زیاترە. ئەو بانگەشەی ئەوەی کرد کە یەکسانە لەگەڵ خودا. ئەو کەسانەی دەڵێن کە عیسا تەنها نزیکتر بوو لەخودا و پەیوەندییەکی باشتری هەبوو پێویستە بیر لەم گوتەیەی بکەنەوە: "ئەوەی ڕێزی کوڕەکە نەگرێت، ڕێزی باوکیش ناگرێت کە ناردوویەتی."

کاتیک وانەی وێژەم دەگوتەوە لە زانکۆیەک لە ڤێرجینیای ڕۆژئاوا، پرۆفیسۆرێک پێی بریم و گوتی تاکە مزگێنی کە تیایدا عیسا بانگەشەی خودابوون بکات مزگێنیی یۆحەنایە کە دواترییانە نووسرابێت. پاشان ئەو گوتی کە مزگێنی مەرقۆس کە پێشترینیانە هەرگیز بۆ جارێکیش باسی ئەوەی نەکردووە کە عیسا بانگەشەی خودابوون بکات.

بەسادەیی بڵێم، ئەم پیاوە مزگێنیی مەرقۆسی بەوردیی نەخوێندبووەوە. لە وەڵامدا چوومە سەر ئینجیلی (مزگێنیی) مەرقۆس بۆ دەقێک کە تیایدا مەسیح بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەتوانێت لە گوناهەکان خۆش بێت. "کاتێک عیسا باوەڕی ئەوانی بینی، بە ئیفلیجەکەی

**ئەو کەسانەی کە دەڵێن عیسا تەنها نزیکتر بوو لەخودا و پەیوەندییەکی باشتری هەبوو پێویستە بیر لەم گوتەیەی بکەنەوە: "ئەوەی ڕێزی کوڕەکە نەگرێت، ڕێزی باوکیش ناگرێت کە ناردوویەتی".**

فەرمووو: «کوڕم، گوناهەکانت بەخشران.»" (مەرقۆس ٢: ٥)؛ هەروەها بڕوانە لۆقا ٧: ٤٨-٥٠). بەپێی ئایینزانیی جوولەکە، تەنها خودا دەتوانێت شتێکی وەها بڵێت. ئیشایا ٤٣: ٢٥ بەخشینی گوناە سنووردار دەکات و ئیمتیازێکی کە تەنها بۆ خودا دەشێت (هەروەها بڕوانە دەرچوون ٣٤: ٦-٧؛ زەبوور ٥٢: ٣؛ دانیاڵ ٩: ٩). بۆ ئەو نووسەرە جوولەکانەی لە شەریعەتی خودا قووڵ بووبوونەوە شتێکی باوەڕپێنەکراو بوو پیاوێک بتوانێت لەو گوناهانە خۆش بێت کە بەرانبەر خودا کراون. کاتێک نووسەرەکان گوێبیستی ئەوە بوون کە عیسا لە گوناهەکانی ئەو پیاوە خۆش دەبێت گوتیان، "«بۆچی ئەمە بەم شێوەیە دەدوێت؟ کفر دەکات! بێجگە لە خودا کێ دەتوانێت گوناە ببەخشێت؟» پاشان عیسا گوتی: کامیان ئاسانترە، بە ئیفلیجەکە بگوترێت: "گوناهەکانت بەخشران،" یان بگوترێت: "هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ"؟ (مەرقۆس ٢: ٧، ٩).

بەپێی ڕاڤەی ویکلیف بۆ پەرتووکی پیرۆز ئەمە بریتییە لە

> پرسیارێک کە ناتوانرێت وەڵام بدرێتەوە. دوو گوتەکە وەک یەک سادەن بۆ گوتن؛ بەڵام بۆ ئەوەی هەرکامێکیان بگوترێت بەهاوکاتی لەگەڵ جێبەجێکردندا پێویستی بە هێزێکی خوداییە. بێگومان ساختەکارێک بۆ خۆلادان لە ئاشکرابوون ئەوەی یەکەمی بۆ ئاسانتر دەبوو. عیسا بەردەوام بوو لە چاککردنەوەی نەخۆشییەکە بۆ ئەوەی ئەو پیاوانە بزانن کە دەسەڵاتی هەیە بۆ ئەوەی مامەڵە بکات لەگەڵ هۆکارەکەی.[٢]

لەمەدا ڕابەرە ئایینییەکان تۆمەتباریان کرد بە کفرکردن. لیویس سپێری چافەر، دامەزرێنەر و یەکەم سەرۆکی زانکۆی ئایینزانیی دالاس، دەنووسێت:

هیچ شتێک لەسەر زەمین دەسەڵات یان مافی ئەوەی نییە گوناه ببەخشێت. تەنها ئەو کەسە دەتوانێت گوناه ببەخشێت کە لەلایەن هەمووانەوە گوناهی بەرانبەر کراوە. کاتێک مەسیح گوناه دەبەخشێت کە بەدڵنیاییەوە بەخشیشی، ئەو ئیمتیازێکی مرۆڤانەی ئەنجام نەدەدا. چونکە هیچ کەسێک جگە لە خودا ناتوانێت گوناه ببەخشێت، بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دەریدەخات کە مەسیح چونکە گوناهی بەخشیوە، خودایە.[3]

ئەم چەمکی بەخشینە ماوەیەکی باش منی قەڵس کردبوو چونکە لێی تێنەدەگەیشتم. ڕۆژێکیان لە وانەیەکی فەلسەفە لە وەڵامی پرسیارێک لەسەر ناسنامەی عیسا ئایەتی 'مەرقۆس ٢: ٥'م هێنایەوە. یاریدەدەرێکی دەرچوو ئاڵنگاریی تێگەیشتنەکەی کردم کە گوناه بەخشینەکەی دەسەڵاتی خودایی دەرەدەخات، گوتی کە ئەو دەتوانێت لە خەڵک خۆش ببێت بە بێ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکات خودایە. خەڵک هەموو کات ئەمە دەکەن. کاتێک بیرم دەکردەوە کە ئەم پیاوە چی دەڵێت، وەڵامەکە لە مێشکم گیرسایەوە. دەمزانی بۆچی ڕابەرە ئایینییەکان هێندە بەتوندی وەڵامدانەوەیان هەبوو بەرانبەر مەسیح. چونکە بەڵێ، کەسێک دەکرێت بڵێت لێت خۆش دەبم، بەڵام تەنها ئەو کاتەی هەڵەکە یان گوناهەکە بەرانبەر ئەو کرابێت. بەڵام ئەگەر گوناهەکە بەرانبەر کەسێکی دیکە کرابێت ئەوا مافێکی وای نییە. پیاوە ئیفلیجەکە گوناهی بەرانبەر عیسای مرۆڤ نەکردبوو، ئەو دوو پیاوە هەرگیز ڕووبەڕووی یەکتر نەبووبوونەوە. ئیفلیجەکە گوناهی بەرانبەر خودا کردبوو. دواتر عیسا هات کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا گوتی، "گوناهەکانت بەخشران." بەڵێ دەتوانین لە گوناهێک خۆش ببین بەرانبەر ئێمە کرابێت بەڵام مەحاڵە هیچ کەسێک بتوانێت لە گوناهێک خۆش ببێت بەرانبەر خودا کرابێت جگە لە خودی خودا خۆی. کەچی هێشتا ئەمە ئەوە بوو کە عیسا بانگەشەی دەکرد بیکات.

**بۆچوونت چیە؟**
لەم نموونەیەدا پێت وایە بۆچی عیسا سەرەتا بە پیاوە ئیفلیجەکەی گوت 'گوناهەکانت بەخشران' پاشان پێی گوت 'هەڵسە و بڕۆ'؟

جێگەی سەرسووڕمان نییە بۆچی جوولەکەکان هێندە بەتوندیی وەڵامی بانگەگەشەکانی عیسایان داوەتەوە! ئەم دووپاتکردنەوەیە کە ئەو دەتوانێت گوناه ببەخشێت، ڕاگەیاندنێکی مەزن بوو بۆ ئەو ئیمتیازەی کە تەنها خودا هەیەتی.

**بۆچوونت چییە؟**
هاوڕایت کە هیچ کەسێک ناتوانێت گوناهێک ببەخشێت کە بەرانبەر خودا کرابێت جگە لە خودا؟

ئەمە تەنها یەک نموونەیە لە ئینجیلی مەرقۆس. با بەکورتیی تەماشای سێی دیکە بکەین بۆ ئەوەی ببینین کە عیسا وەک کوڕی خودا دەناسێنێت. لە مەرقۆس ١: ١-٢، مەرقۆس دەقێکی ئیشایە ٤٠: ٣ دەهێنێتەوە، کە باس لەوە دەکات چۆن پەیامبەرێک دێت، وەک "کەسێک هاوار دەکات و دەڵێت :لە چۆڵەوانی ڕێگا بۆ هاتنی یەزدان ئامادە بکەن، لە بیابان شاڕێگا بۆ خودامان ڕێک بخەن." ئەم پەیامبەرە ڕێگەکە بۆ هاتنی 'خودامان' ڕێک دەخات. مەرقۆس دەنووسێت کە هەر وەک چۆن خودامان هات یەحیاش وەک پەیامبەرە ڕێگا خۆشکەرەکەیە. کەواتە بە دەربڕینێکی دیکە دەبینین کە چۆن یەحیا کە پەیامبەرەکەیە ڕێگە خۆش دەکات بۆ خودی خودا لە کەسایەتی عیسای مەسیحدا. ئینجیلی مەرقۆس دەستپێدەکات بە ناسینەوەی ئەوەی عیسا خودای پەیمانی کۆنە.

هەروەها مەرقۆس خودی عیسای مەسیح پێشان دەدات کە بانگەشەی خودابوون دەکات.

**دەتوانین لە گوناهێک خۆش ببین بەرانبەر ئێمە کرابێت بەڵام مەحاڵە هیچ کەسێک بتوانێت لە گوناهێک خۆش ببێت بەرانبەر خودا کرابێت جگە لە خودی خودا خۆی. هێشتا ئەمە ئەوە بوو کە عیسا بانگەشەی دەکرد بیکات.**

لە مەرقۆس ٦: ٤٥-٥٢، عیسا بەسەر ئاودا دەڕوات و قوتابییەکانی تۆقیون بە بینینی. وەڵام دەداتەوە "«ورەتان بەرز بێ! ئەوە منم. مەترسن.»" یۆنانییەکە بۆ 'ئەوە منم' ( egō eimi) دەقاودەقە بۆ ئەو شێوازەی خودا خۆی ئاشکرا کرد بۆ موسا وەک "من هەم" (دەرچوون ٣: ١٤). لێکچوونە زمانەوانییەکە هەڕەمەکی نییە. کاتێک عیسا گوتی ' egō eimi' ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەمان کەسایەتی بێت کە خۆی بۆ موسا دەرخست لە دەوەنە

گرگرتووەکە. بەم شێوەیە عیسا هەمان بانگەشەی خودابوون دەکات وەک لێرەدا تۆمار کراوە لەلایەن یۆحەنا (بڕوانە یۆحەنا ٨: ٥٨).

لە کۆتاییدا ئینجیلی مەرقۆس دەگاتە لووتکە لە بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کوڕی خودا بێت لە دادگاییکردنەکەیدا. کاهینی باڵا هەڵدەستێت و فشار دەخاتە سەر عیسا سەبارەت بە ناسنامەکەی: «ئایا تۆ مەسیحەکەی، کوڕی خودای پیرۆز؟» عیسا فەرمووی: «من ئەوم. لە داهاتوویش دەبینن کوڕی مرۆڤ لە دەستەڕاستی خودای توانادار دادەنیشێت و بەسەر هەوری ئاسمانەوە دێتەوە.» (مەرقۆس ١٤: ٦١-٦٢). ئاماژەکەی عیسا بۆ کوڕی خودا کە بەسەر هەوری ئاسمانەوە دێتەوە لە دانیاڵەوەیە لە دانیاڵ ٧: ١٣-١٤:

> «لە بینینەکەی شەودا تەماشام کرد، بەسەر هەوری ئاسمانەوە یەکێکی وەک کوڕی مرۆڤ بوو هات، گەیشتە لای خودای جاویدانی و بردیانە بەردەمی. ئینجا دەسەڵات و شکۆ و پاشایەتی پێدرا، بۆ ئەوەی هەموو گەلان و نەتەوەکان و خەڵکی هەموو زمانەکان بیپەرستن. دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتێکی هەتاهەتاییە کە بەسەرناچێت، پاشایەتییەکەی لەناو ناچێت.»

لە کاتێکدا دەبینین عیسا دەستەواژەی "کوڕی مرۆڤ" بەکار دەهێنێت بەدرێژایی خزمەتەکەی، ڕەنگە بۆ جەماوەرەکەی ناڕوون بووبێت. بەڵام لەم دەقەدا، لە لووتکەی ئینجیلی مەرقۆس، عیسا بەبێ هەڵە ئاشکرای دەکات مەبەستی چی بووە. "کوڕی مرۆڤ" ناسناوێکی نزم نییە کە ئاماژە بێت بۆ مرۆڤبوونەکەی بەڵکوو بانگەوازێکی بەرزە بۆ بوون بەو بوونەوەرە ئەفسووناوییەی ئاسمان کە پەرستش و شکۆ و دەسەڵاتی پێدراوە لەسەرووی هەموو گەلانەوە و پاشایەتی هەتاهەتایی هەیە. لە پەرتووکی *دانانی عیسا لە شوێنی دروستی خۆی*، ڕۆبەرت بۆومان و ئێد کۆمۆسێوسکی ڕوونی دەکەنەوە چۆن ئەمە جێبەجێ دەبێت بۆ بینینەکەی دانیاڵ:

> لە بینینەکەی دانیاڵ ئەو شێوەیەی دەیبینێت کە وەک مرۆڤێکە خاوەندارێتی دەسەڵاتی هەموو حوکمێک دەکات و حوکمڕانیی شانشینێکی هەتاهەتایی دەکات. بیرۆکەی لاوازیی و پەیوەستبوون بوونی نییە. پێناسەی شێوەکە کە

لەگەڵ هەورەکاندا دێت ئەو وەک خودایی دەناسێنێت، چونکە لە شوێنانی دیکەی پەیمانی کۆن وێنەی هاتن بەسەر هەورەوە بەتایبەتی بۆ ئەو شێوانە (یان کەسایەتیانە) بەکارهاتوون کە خودایین.[٤]

بەم جۆرە لە ئاماژەپێکردنەکەی بۆ دانیاڵ ٧: ١٣، عیسا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خودایی بێت، ئەو کەسایەتییە ئاسمانییە کە لە دەستەڕاستی خودا دادەنیشێت و حوکمڕانی بە دەسەڵاتی ڕەهاوە دەکات بەسەر هەموو گەلان بۆ هەتاهەتایە. جێگەی تێڕامان نییە بۆچی دەسەڵاتدارە جوولەکەکان توڕە بوون—عیسا کفری کرد بە بانگەشەکردن بۆ ئەوەی خودا بێت! بەڕوونیی دیارە عیسا باوەڕی وابووە کە ئەو خودایییە لە ئینجیلی مەرقۆس و یۆحەنادا.

شیکردنەوەیەک بۆ شایەتییەکەی مەسیح دەریدەخات کە ئەو بانگەشەی خوداییبوونی کردووە (١) کوڕی خودای پیرۆز، (٢) ئەوەی لە دەستەڕاستی هێز دادەنیشێت (٣) کوڕی مرۆڤ کە دێتە سەر هەورەکانی ئاسمان. هەریەک لەم دووپاتکردنەوانە بەشێوازێکی دیار بۆ مەسیحن. کاریگەرییە کەڵەکەبووەکەی ئەم سیانە مەزنە. ئەنجوومەنی باڵای جوولەکە، هەرسێکیانی گرت و لەدەرئەنجامدا کاهینی باڵا وەڵامی دایەوە بە دڕاندنی بەرگەکەی و گوتنی "«ئیتر چ پێویستیمان بە شایەت هەیە؟" (مەرقۆس ١٤: ٦٣). لە کۆتاییدا لە دەمی خودی عیساوە گوێبیستی بوون. بە وشەکانی خۆی تۆمەتبار کرا.

دادوەر ڕۆبەرت ئاندرسۆن کە بۆ جارێک لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکاریی هەبوو لە سکۆتلەندا، ئاماژە بەوە دەکات کە:

> هیچ بەڵگەیەکی دووپاتکەرەوە قایلکەرتر نییە لە شایەتییەکانی دوژمن و ئەو ڕاستییەی کە گەورەمان بانگەشەی خودابوونی کردووە بێ مشتومڕ بە کرداری دوژمنەکانی دووپاتکراوەتەوە. پێویستە بیرمان بێت کە جوولەکەکان خاوەن کلتوور و ئایینیبوونێکی چڕ بوون و لەسەر ئەم تۆمەتە بەبێ هیچ دەنگێکی ناڕازی مردنەکەی فەرمانی لەسەر درا لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای جوولەکە—ئەنجوومەنە نەتەوەییە مەزنەکەیان، ڕابەرەکانیان، کە پیاوی لە

جۆری گەمالائیلی تێدا بووە، فەیلەسووفی مەزنی جوولەکەی سەدەی یەکەم و قوتابییە ناودارەکەی، شاوڵی تەرسۆس.[٥]

کەواتە ڕوونە ئەمە ئەو شایەتییەیە کە عیسا ویستوویەتی هەڵیبگرێت دەربارەی خۆی. لەوەیش تێدەگەین کە جوولەکەکان وەک بانگەشەی خودابوون لە وەڵامەکەی تێگەیشتوون. لەم خاڵەدا ئەوان ڕووبەڕووی دوو بژاردە بوونەوە: کە گوتەکانی کفرێکی مەزن بوون یان ئەو خودا بوو. دادوەرەکان بەڕوونیی کێشەکەیان دەبینی—هێندە ڕوون کە لە ڕاستیدا ناردیان بۆ لەخاچدان و سووکایەتییان پێکرد چونکە "پشتی بە خودا بەست... چونکە گوتی، من کوڕی خودام" (مەتا ٢٧: ٤٣).

ئێچ. بی. سوێت پرۆفیسۆری لاهوتییەت لە زانکۆی کامبریج گرنگی دڕاندنی پۆشاکی کاهینی باڵا ڕوون دەکاتەوە:

> شەریعەت لە کاهینی باڵای قەدەغە دەکات پۆشاکەکەی بدڕێنێت لە گرفتی تایبەتدا (لێڤیەکان ١٠: ٦؛ ٢١: ١٠)، بەڵام کاتێک وەک دادوەرێک مامەڵە دەکەن، بەپێی نەریتەکان پێویست بوو بەم شێوەیە ترسی خۆی دەربڕێت لە هەر کفرێک کە بگوترێت.... بەئارامبەخۆداهاتنەوەکەی دادوەرەکە ڕوون بوو سەرباری شەرمەزاربوونەکەی (بەهۆی دڕاندنی بەرگەکەی). چونکە هەرچەندە بەڵگەی پێویست نەدرا، چیتر پێویست نەبوو. دەستبەسەرداگیراوەکە خۆی تۆمەتبار کرد.[٦]

دەست دەکەین بە بینینی ئەوەی ئەمە دادگاییکردنێکی ئاسایی نییە. وەک پارێزەر ئیروین لینتۆن دەیخاتە ڕوو،

> جیاوازیی ئەم دادگاییکردنە لەنێو دادگاییکردنە تاوانکارییەکاندا ئەوەیە کە کردارەکە نا بەڵکوو ناسنامەی تۆمەتبارەکە گرفتەکەیە. ئەو تۆمەتی

> تاوانکارییەی خرابوویە پاڵ مەسیح، دانپیادانان یان شایەتی یان کردەوەکانی لە ئامادەیی دادگادایە کە پێی تۆمەتبار کرا. لێکۆڵینەوەکان لەسەر حوکمڕانە ڕۆمانییەکە و نووسراو و ڕاگەیاندنەکانی لەسەر خاچەکە لەکاتی لەسێدارەدانیدا هەمووی گرفتی یەک پرسیاریان هەیە، ئەویش ناسنامەی ڕاستی مەسیح و شکۆیەکەی. "تۆ ڕات چییە لەسەر مەسیح؟ کوڕی کێیە؟[7]

**لە زۆرینەی دادگاییەکان تۆمەتبارکراوەکە دادگایی دەکرێت بۆ ئەو تاوانەی کە کردوویەتی، بەڵام بابەتەکە ئەمە نەبوو لە دادگایی عیسادا. دادگایی کراوە بۆ ئەوەی کە گوتویەتی کێیە.**

دادوەری باڵای دادگای نیو یۆرک، ویلیەم جێی گەینەر لە باسی دادگاییکردنەکەی عیسا، دەچێتە ئەو لایەنەوە کە کفرکردن تاکە تۆمەت بوو کە درایە پاڵ مەسیح لەبەردەم ئەنجوومەنی باڵای جوولەکە. بە ئاماژەکردن بە یۆحەنا ۱۰: ۳۳وە گوتی، "ڕوونە لە هەریەک لە گێڕانەوەکانی ئینجیل کە ئەو تاوانەی بانگەشەی بۆ کرا عیسا کردوویەتی یان پێی تۆمەتبار کراوە کفرکردن بووە. عیسا بانگەشەی هێزی سەروسروشتی دەکرد کە لە مرۆڤەکاندا ئەمە کفرکردنە.[8]

لە زۆرینەی دادگاییەکان تۆمەتبارکراوەکە دادگایی دەکرێت بۆ ئەو تاوانەی کە کردوویەتی، بەڵام بابەتەکە ئەمە نەبوو لە دادگاییکردنی عیسادا. دادگایی کراوە بۆ ئەوەی کە گوتوویەتی کێیە.

دادگاییکردنی عیسا پێویستە بەس بێت بۆ دەرخستنێکی قایلکەرانە کە ئەو دانی بە خوداییبووندا ناوە. دادوەرەکانی لە بانگەشەکەی دڵنیا دەبنەوە. بەڵام تەنانەت لە ڕۆژی لەخاچدانی دوژمنەکانی ئەوە دەردەخەن کە ئەو بانگەشەی ئەوەی کردووە کە خودا بێت لە شێوەی مرۆڤدا:

> بە هەمان شێوە کاهینانی باڵا لەگەڵ مامۆستایانی تەورات و پیران گاڵتەیان پێدەکرد و دەیانگوت: «خەڵکی دیکەی ڕزگار کرد، بەڵام ناتوانێت خۆی ڕزگار بکات! ئەگەر پاشای ئیسرائیلە، با ئێستا لە خاچەکە دابەزێت، باوەڕی

**پێدەهێنین! پشتی بە خودا بەست، با ئێستا خودا ڕزگاری بکات، ئەگەر ئەمی دەوێت، چونکە گوتی: ”من کوڕی خودام.“»**
**مەتا ٢٧: ٤١-٤٣**

بەشی ٣

# خودا، درۆزن یان شێت؟

لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو دیدە جیاوازە لەسەر عیسا لەمڕۆدا، ئایا دەتوانین دڵنیاییمان هەبێت لە ناسنامەی عیسا ڕاستەقینەکە؟ زۆر کەس دەیەوێت عیسا وەک خودا نەبینێت بەڵکوو وەک پیاوێکی چاکی ڕەوشتبەرز یان وەک پێغەمبەرێکی لەڕادەبەدەر دانا کە چەندین ڕاستیی قووڵی گوتووە. زانایان هەندێک کات ئەو تێگەیشتنە پێشکەش دەکەن وەک تاکە تێگەیشن کە خەڵک بتوانن بە بیری خۆیان پێی بگەن. زۆر کەس تەنها سەریان دەلەقێنن وەک ڕازیبوون و هەرگیز خۆیان ماندوو ناکەن بۆ بینینی چەوتیی بیرکردنەوەیەکی ئاوها.

عیسای مەسیح ئەفسانەیەک نەبوو، بەڵکوو کەسایەتییەکی مێژوویی بوو کە نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش بەسەر زەویدا ڕۆیشتووە. بانگەشەی خودابوونی کردووە و بۆ ئەو گرنگییەکی بنچینەیی هەبووە کە ژن و پیاو باوەڕی پێبکەن وەک ئەو کەسەی کە هەیە. ئێمە تاکوو ئێستا بینیمان بانگەشەکانی عیسا بۆ خودابوون تاقیکرانەوە لە کۆنترین ئینجیلدا (مەرقۆس). لە دواتردا لەم پەرتووکە بەڵگە دەخەینە ڕوو بۆ ڕاستودروستیی ئینجیلەکان. بەڵام بۆ ئێستا ئەگەر تەرکیز بخەینە سەر بانگەشەکانی بۆ خودابوون، ئەوا دوو هەڵبژاردەمان هەیە: یان باوەڕی پێدەکەین یان نا. ئەو بواری بۆ جێنەهێشتووین ئەمبەراوئەوبەر بکەین لەنێوان هەڵبژاردەکاندا.

سی ئێس لویس مامۆستای زانکۆی کامبریج کە ڕۆژێکیش لە ڕۆژان باوەڕی بە ئایینەکان نەبووە، بەڕوونیی لەم گرفتە تێگەیشتووە و لەبارەیەوە دەنووسێت:

هەوڵ دەدەم ڕێگە نەدەم هیچ کەسێک ئەو شتە گەوجانەیە بڵێت دەربارەی ئەو کە خەڵک زۆر کات دەیڵێت: "ئامادەم عیسا قەبووڵ بکەم وەک مامۆستایەکی مەزنی ئەخلاق، بەڵام بانگەشەکەی قەبووڵ ناکەم کە خودا بێت." ئەوە تاکە شتە کە نابێت بیڵێین. پیاوێک کە تەنها پیاوێک بووبێت و ئەو جۆرە شتانە بڵێت کە عیسا گوتویەتی نابێت بە مامۆستایەکی مەزنی ئەخلاق. دەکرێت شێتەپەتەڕییەک بێت یان دەکرێت شەیتانی دۆزەخ بێت. پێویستە هەڵبژاردنی خۆت ئەنجام بدەیت. یان ئەم پیاوە کوڕی خودایە، یان شێتێکە و لەوانەیشە شتێکی خراپتر.

دواتر لویس دەڵێت، "دەتوانیت وەک گەمژەیەک دایبنێیت. دەتوانیت تفی تێ بکەیت وەک شەیتانێک یان دەتوانیت لەبەر پێیەکانی بکەویت و پێی بڵێیت خوداوەندم. بەڵام با هیچ سازشێکی بێواتا نەکەین دەربارەی ئەوەی مامۆستایەکی مرۆڤانەی مەزن بێت. ئەو ئەم شتەی بۆ ئێمە بەکراوەیی نەهێشتووەتەوە و نیازی ئەوەی نەبووە."[١]

**بەڵام با هیچ سازشێکی بێواتا نەکەین دەربارەی ئەوەی مامۆستایەکی مرۆڤانەی مەزن بێت. ئەو ئەم شتەی بۆ ئێمە بەکراوەیی نەهێشتووەتەوە و نیازی ئەوەی نەبووە.**

مامۆستای زانکۆی کامبریج ئێف جەی ئەی هۆرت، کە بیست و هەشت ساڵی بەسەر برد لە خوێندنی ڕەخنەگرانەی دەقی پەیمانی نوێ، دەنووسێت،" وشەکانی مەسیح بە ڕادەیەکی هێندە تەواو و ڕوون گوتەی خۆی بوون و گوزارشت بوون لە خۆی، کە ناکرێت مەبەست لێیان تەنها پەیامێکی گشتیی عیرفانیی بێت، وەکوو ئەوانەی لەلایەن تەنها پێغەمبەرێکەوە دەکرێن. خودی خۆی دەربکە وەک بابەتی سەرەکی لە هەموو گوتەکانی و دواتر دەبینیت کە هەمووی پارچە پارچە دەبێت."[٢]

لە وشەکانی کێنێز سکۆت لاتۆرێت، مێژووناس لە زانکۆی یال، "فێرکردنەکانی عیسا نییە کە عیسا هێندە ناوازە دەکات، هەرچەندە ئەوە بەس دەبێت ئەو جیا بکاتەوە، بەڵکوو پێکەوەیی فێرکردنەکانی لەگەڵ خودی خۆیدا. ئەم دووانە جیا ناکرێنەوە." لاتۆرێت بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

> پێویستە ڕوون بێت بۆ هەر خوێنەرێکی وریای تۆماری ئینجیلەکان کە عیسا خۆی و پەیامەکەی بە جیانەکراوە دادەنێت. ئەو مامۆستایەکی مەزن بوو، بەڵام زیاتریش بوو لەوە. فێرکردنەکانی دەربارەی شانشینی خودا و ڕەفتاری مرۆڤ و دەربارەی خودا گرنگ بوون، بەڵام ناکرێت لە خۆی جیا بکرێتەوە بەبێ ئەوەی تێکبدرێت.[٣]

عیسا بانگەشەی ئەوەی کرد خودایە. بانگەشەکەی دەکرێت یان ڕاست بێت یان درۆ. هەموو کەسێکیش پێویستە هەمان تێگەیشتنی هەبێت کە عیسا چاوەڕێی دەکرد لە قوتابییەکانی: "ئەی ئێوە دەڵێن من کێم؟" (مەتا ١٦: ١٥). چەند هەڵبژاردەیەک هەیە.

یەکەم جار با وای دابنێین کە بانگەشەکەی بۆ خودابوون هەڵەیە. ئەگەر هەڵە بووبێت ئەو کاتە تەنها دوو هەڵبژاردەمان هەیە. یان دەیزانی هەڵەیە یان نەیدەزانی هەڵەیە. هەر ئەگەرێکیان بەجیا هەڵدەسەنگێنین و بەڵگەکانی تاقیدەکەینەوە.

## عیسا درۆزن بوو؟

ئەگەر کاتێک عیسا بانگەشەکانی کردووە، زانیبێتی خودا نییە، ئەو کاتە درۆی کردووە و مەبەستدارانە شوێنکەوتووەکانی هەڵخەڵەتاندووە. بەڵام ئەگەر درۆزن بووبێت ئەوا دووڕوویش بووە چونکە سەبارەت بە گوتنی ڕاستیی فێری کردوون و دەبوو بە نموونە (بۆ نموونە بڕوانە: مەتا ٥: ٣٧؛ یۆحەنا ٨: ٤٤؛ ١٧: ١٧؛ ١٨: ٣٧). لەوەیش خراپتر، ئەگەر درۆی کردبێت ئەوا بەدکاریش بووە چونکە بەوانی دیکەی گوتووە متمانەی پێ بکەن بۆ چارەنووسی هەتاهەتاییان کاتێک هەڵیخەڵەتاندن بە هیوایەکی ناڕاست. لە کۆتاییدا دەبێت گەمژەش بێت چونکە بانگەشەکانی بۆ خودابوون ئەوی گەیاند بە لەخاچدانەکەی—بانگەشەگەلێک دەکرا لێیان بگەڕێتەوە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی تەنانەت لە کۆتا خولەکدا.

سەرسام دەبم کە دەبیستم چەندین کەس دەڵێن عیسای مەسیح بەسادەیی مامۆستایەکی ڕەوشتیی باش بوو. با واقیعی بین. چۆن دەکرێت مامۆستایەکی ئەخلاقیی

مەزن بێت و ئاگایانە خەڵک بەلاڕێدا ببات لە گرنگترین خاڵی فێرکردنەکەی—ناسنامەی خۆی؟

که وا لێی تێبگەین عیسا درۆزن بووە، یەک ناگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی دەیزانین دەربارەی ئەو و یەکیش ناگرێتەوە لەگەڵ فێرکردنەکانی و دەرئەنجامەکانی ژیانی. لە هەرکوێ عیسا ڕاگەیەندرابێت، ژیانی کۆمەڵێک دەبینین گۆڕاوە بۆ باشتر، نەتەوەکان بەرەو باشتر گۆڕاون، دزەکان بوون بە ڕاستگۆ، ئالوودەکانی کحول بەهۆش هاتوونەتەوە، ئەوانەی پڕ ڕق بوون بوونەتەوە کانیاوی خۆشەویستیی و ستەمکارەکانیش باوەشیان بۆ دادپەروەریی کردووەتەوە.

**بۆچوونت چییە؟**
بۆچی ناتوانین بڵێین عیسا تەنها مامۆستایەکی ڕەوشتیی (ئەخلاقیی) مەزن بوو؟ دەتوانیت بیر لە هیچ ڕەوشتێکی باش بکەیتەوە ئەو فێری شوێنکەوتەکانی کردبێت و تا ئەمڕۆیش واتادار بێت؟

ویلیەم لێکی، یەکێک لە ناودارترین مێژوونووسانی بەریتانیا و دوژمنێکی سەرسەختی مەسیحییەتی ڕێکخراو، کاریگەریی مەسیحییەتی ڕاستەقینەی بینی لەسەر جیهان و دەنووسێت:

> تایبەت بووە بە مەسیحییەت نموونەیەکی باڵا پێشکەش بە جیهان بکات کە لەگەڵ هەموو گۆڕانەکانی هەژدە سەدەدا کاریگەریی داناوە لەسەر دڵی مرۆڤەکان بە خۆشەویستییەکی پڕسۆزەوە؛ وا خۆی نیشان داوە کە تواناداره کار بکات لەسەر گشت تەمەنەکان، نەتەوەکان، کەسایەتییە جیاوازەکان و بارودۆخەکان؛ نەک تەنها باڵاترین نموونەی فەزیلەت، بەڵکوو بەهێزترین هاندەریش بۆ جێبەجێکردنەکەی. تۆماری سادەی بۆ ئەو سێ ساڵە کورتەی ژیانێکی چالاک زیاتری کرد بۆ ڕاستکردنەوە و نەرمکردنەوەی مرۆڤایەتی وەک لە هەموو لێکۆڵینەوەی فەیلەسووفان و ئامۆژگارییەکانی ئەخلاقناسان.[٤]

فلیپ سکافی مێژووناس دەڵێت:

شایەتییەکە (کە عیسا خودایە)، ئەگەر ڕاست نەبێت، دەبێت کفرکردنێکی تەواو بێت یان شێتبوون... خۆهەڵخەڵەتاندن لە بابەتێکی هێندە مەزن و لەگەڵ بیروهۆشێک کە لە هەموو لایەنەکانەوە زۆر ڕوون و جێگیرە، مەحاڵە ڕووبدات. چۆن دەکرێت ئەو سەرشێتێک بێت کە هەرگیز هاوسەنگیی مێشکی لەدەستنەداوە، بەئارامیی دانی بەخۆیدا گرتووە بەسەر هەموو کێشە و چەوساندنەوەکان، وەک خۆر لەسەر هەورەکانەوە، کە هەمیشە ژیرانەترین وەڵامی دەدایەوە بۆ پرسیارە بەلاڕێدابەرەکان. کە هێمنانە و مەبەستدارانە پێشبینیی مردنی خۆی کرد لەسەر خاچ، هەڵسانەوەی لە ڕۆژی سێیەم، سەرڕێژبوونیی ڕۆحی پیرۆز، دامەزراندنی کڵێساکەی، وێرانبوونی ئۆرشەلیم – پێشبینیگەلێک کە بەڕاستی جێبەجێبوون؟ کەسایەتییەک هێندە ڕەسەن، هێندە پڕاوپڕ، هێندە جێگیر و نەگۆڕ، هێندە بێخەوش، هێندە مرۆڤانە و هێندە لەسەرووی مەزنیی هەموو مرۆڤایەتی، ناکرێت نە ساختەکاریی بێت و نە دروستکراو بێت. وەک وتراوە، دەبێت نووسەرەکە لە پاڵەوانەکە زۆر مەزنتر بێت لەم سیناریۆیەدا. پێویست بە کەسێک دەکات لە عیسا مەزنتر بێت بۆ ئەوەی عیسا دابهێنێت.[5]

لە شوێنی دیکەدا سکاف بیرۆکەی قایلکەری دیکە دەخاتەڕوو لە بەرانبەر بینینی مەسیح وەک درۆزنێک:

چۆن دەکرێت بە ناوی لۆجیک و ژیریی و ئەزموونەوە ساختەکارێک کە فێڵباز، لووتبەرزە و خراپەکارە، پاکترین و ڕەسەنترین کەسایەتیی ناسراو لە مێژوو، بە دەرکەوتنێکی تەواو ڕاستگۆیانە و باوەڕپێکراوانە لە سەرەتاوە تا کۆتایی دابهێنێت؟ چۆن دەکرێت بیرۆکەیەکی هێندە ناتەریب لەگەڵ بەرژەوەندیی خود و بە ڕەوشتێکی بەرز و شاکارانەی بۆ بێت کە تەنانەت

ژیانی خۆیشی دانا لەپێناوی، لە بەرانبەر بەهێزترین دەمارگیرییەکانی خەڵکەکەی و سەردەمەکەی؟[٦]

کەسێک کە وەک ئەوە ژیابێت کە عیسا ژیاوە، فێرکردنی فێرکردبێت وەک ئەوەی عیسا فێری کردووە و مردنێک مردبێت کە عیسا مردووە، ناکرێت درۆزن بێت. با تەماشای هەڵبژاردەکانی دیکە بکەین.

## ئایا عیسا شێتێک بوو؟

ئەگەر درۆزنبوونی عیسا بە شتێکی باوەڕپێنەکراو ببینین، ئەوکات نەدەکرا بەهەڵە خۆی بە خودا زانیبێت؟ دوای هەموو ئەمانە ئەگەری هەیە کە هەم ڕاستگۆ بیت و هەم هەڵە. وەک بینیمان لە بەشی دوودا، عیسا بانگەشەی ئەوەی نەکرد کە خودایەک بێت، بانگەشەی ئەوەی نەکرد کە تەنها بوونێکی ئاسمانیی بێت یان فریشتەیی. لە ڕێگەی وشەکانی و کردارەکانی عیسا بانگەشەی کرد دروستکەرە خودهەبووە هەتاهەتاییەکەی گەردوونە. گوتی هەر کەسێک ئەوی بینیبێت خودای باوکی بینیوە (بڕوانە یۆحەنا ١٤: ٩). ئەو خۆی یەکسان کرد لەگەڵ تاکە خودای ڕاستەقینە؛ چونکە بۆ کەسێک بەهەڵە خۆی بە خودا بزانێت، بەتایبەت لە زەمینەی کلتوورێکی توندی یەکتاپەرستی و پاشان ئەوەی بە کەسانی دیکە بڵێت چارەنووسی هەتاهەتاییان بەندە بە باوەڕیان بەو، خەیاڵێکی خۆش نییە بەڵکوو وەهمێکە و خودسەنتەرییە. ئایا بەڕاستی دەتوانین ئاوا لێی تێبگەین کە عیسا ڕەنگە وڕێنەکەرێک بووبێت؟

بۆچوونت چییە؟
پێت وایە بۆچی عیسا پەیامەکەی برد بۆ نەتەوەی جوولەکە؟ ئایا پێت وایە ئەوەی کە پێشتر دارتاش بووە هیچ قازانجێکی بۆی هەبووبێت پێش ئەوەی خزمەتەکەی دەستپێبکات؟

ئەگەر ئەمڕۆ کەسێک بڕوا بە خۆی بکات کە خودایە، وەک کەسێک وابزانێت ناپلیۆنە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. ئەو کەسە وەک یەکێک دەبینین وڕێنەی (هەلوەسە) کردبێت و خۆی هەڵخەڵەتاندبێت. بەڵام لە عیسادا ئەو تایبەتمەندییە ناهاوسەنگە نابینین کە بڕوات لەگەڵ وڕێنەکردن. ئەگەر

بەڕاستی وڕێنەکەر بووایە ئەوا ئەو هێمنی و ئارامگرتنەی هیچی کەمتر نییە لە ناوازەیی و سەرسووڕهێنەریی

پسپۆڕی پزیشکی هارۆڵد کۆینگ، پرۆفیسۆری دەروونشیکاریی و زانستەکانی ڕەفتارناسیی لە زانکۆی ناوەندی پزیشکی دیوک. ئەو دامەزرێنەر و هاوبەڕێوەبەری ناوەندی دیوکە بۆ ئایینزانی و ڕۆحانییەت و تەندروستی. باس لەوە دەکات کە چەندە ئەستەم دیارە عیسا تووشی وڕێنەکردن بووبێت:

> لە ڕووی تیۆرییەوە ئەگەری هەیە کەسێک نەخۆشیی وڕێنەکردنی هەبێت (باوەڕ بەوە بکات خۆی خودایە) بەڵام هێشتا بە ڕادەیەکی بەرز چالاک بێت لە هەموو لایەنەکانی ژیانیدا. لە ئەزموونی خۆمەوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی دەروونیی، ئەگەر کەسێک نەخۆشیی وڕێنەکردنی (هەلوەسەکردن) هەبێت، کۆمەڵێک نیشانەی دیکەی هەیە کە پێشنیازی ئەوە دەکەن بیرکردنەوەی زۆر دروست نەبێت .هەبوونی ئەو فێرکردنە قووڵانەی عیسا و کاریگەرییە ئەرێنییەکەی لەسەر دەروونی باوەڕی مەسیحی و نەریتەکانی، لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو فێرکردنانە کە جەخت دەکەنەوە لەسەر خۆشەویستی و گرنگیپێدان بۆ ئەوانی دیکە تەنانەت لە بەرانبەر نرخی ئەوەی کەسەکان ژیانی خۆیان دابنێن، بۆ من وا دەردەکەوێت نەگونجێت لەگەڵ فێرکردنەکانی کەسێک نەخۆشی وڕێنەکردنی هەبێت (کە ئەو چەشنە وڕێنەکردنانە بەزۆری خودسەنتەرین، نەک ئەوەی-دیکە-سەنتەر). عیسا هەر شتێک بووبێت، خودسەنتەر نەبووە

**بۆچوونت چییە؟**

ئایا هیچ شتێک لە ڕەفتاری عیسا بەدی دەکەیت (جگە لە بانگەشەی خودابوونەکەی) کە نیشانەی ئەوە بێت وڕێنەی کردووە؟ ئەگەر لە ڕۆژەکانی ئەودا بژیابوویتایە دەتویست گوێی بۆ بگریت؟

لە ڕۆشنایی ئەو شتانەی دیکەی دەربارەی عیسا دەیانزانین، سەختە وێنای ئەوە بکەین کێشەی هەبووبێت لەگەڵ نەخۆشییەکی وڕێنەکردن. لێرە پیاوێک هەیە کە کۆمەڵێک لە قووڵترین ئەو وشانەی گوتووە کە تا ئێستا تۆمار کرابێت. ڕێنماییەکانی زۆر

کەسی گیرۆدەی دەروونی ئازاد کرد. دەروونشیکاری کارا، پابلۆ مارتینێز و ئاندرو سیمسی سەرۆکی پێشووی کۆلێژی شاهانە بۆ دەروونپزیشکیی، گەیشتنە ئەم دەرئەنجامە لەسەر باری دەروونیی عیسا:

بەپوختی لێرە کەسێکمان هەیە بە پەیامێکی قووڵ و یەکگرتوو، مامۆستایەکی خۆشویستراو؛ کەسایەتییەک کە خاوەنی هاوسۆزییەکی قووڵە بۆ نەخۆشان، چاککەرەوەی تەواوی کەسەکەیە؛ پیاوێک کە دڵە نەرمەکەی بۆ چەوساوە و پەراوێزخراوان دوژمنایەتی دامەزراوەیەکی هەڵستاند. ئایا کەس بوێریی ئەوەی هەیە نکۆڵی بکات لەوەی ئەم بەکارهێنانە خۆنەویست و بەهێزەی بەهرەکان، کەسایەتییەکەی ناوازە، جێگیر و خاوەن ڕاستودروستییەکی بێڕکابەر دەردەخات؟ هیچ کەسێکی دروونەخۆش، هیچ پیاوێکی بەدکار هەرگیز ناتوانێت ئەو ڕەفتار یان قسە بێکەموکوڕی و کاریگەرانە بکات وەک ئەوەی عیسا کردی. بەڕای ئێمە بەڵگەکان دووبارە قایلکەرن: عیسا تەنها پیاوێک نەبوو بە کەسایەتییەکی هاوسەنگ، بەڵکوو ژیانێکی تەواو ڕاستودروست ژیا. ئەگەر کەسایەتییەکەی ئەو سەرنجڕاکێش بکات، ئەوا وشەکانی و کردارەکانی ئەو ناوازە دەکەن. ئێمە هیچ ناتەباییەک نادۆزینەوە لەنێوان بوونی و کردارەکانی. گوتە و کردارەکانی عیسا بەڕوونیی ئەو دەروونددروستی و ڕەوشتە تەواو ڕاستودروستەی دەردەخات.[۸]

دەروونناس گاری ئاڕ کۆلینس ڕوونی دەکاتەوە کە:

عیسا پڕ بوو لە خۆشەویستیی بەڵام نەیهێشت هاوسۆزییەکەی ڕایبگرێت؛ خۆبەزلزان نەبوو هەرچەندە زۆر کات دەورە درابوو بە ئاپۆڕایەکی شەیدا بۆی؛ هاوسەنگی پاراست تەنانەت لە هەمدەمی شێوازە ژیانێک کە هەردەم زیاتری لێ داوا دەکرا؛ هەمیشە دەیزانی چی دەکات و بۆ کوێ دەڕوات؛ گرنگی بە خەڵک دەدا، لە نێویشیاندا ژنان و منداڵان کە پێشتر هێندە بەگرنگی تەماشا نەدەکران؛ دەیتوانی خەڵک قەبووڵ بکات بەبێ ئەوەی

هەروا بەسانایی چاوی بەرانبەر گوناهەکانیان دابخات؛ گرنگی بە تاکەکان دەدات بەپێی ئەوەی لەکوێن و پێویستییە تایبەتییەکانیان چی بووە. کرۆکی ئەوەی دەیڵێم ئەوەیە کە من هیچ نیشانەیەکی ناتەندروستیی دەروونیی نابینم لە عیسادا... ئەو لە هەموو کەسێک تەندروستترە من بیناسم، بە خۆشمەوە.[٩]

سی ئێس لویس دەنووسێت:

زۆر سەختە ڕوونکردنەوەیەک بدرێت لەسەر ژیانی عیسا و فێرکردنەکانی و کاریگەرییەکەی کە سادەتر بێت لە ڕوونکردنەوە مەسیحییەکە بۆ ژیانی عیسا. ناتەبایی نێوان سروشتە قووڵ و کامڵەکەی فێرکردنە ئەخلاقییەکانی لەگەڵ گرنگییە لەڕادەبەدەرەکەی خودی خۆی کە دەبێت بچێتە ژێر فێرکردنە ئایینزانییەکانی، ناتواندرێت لێکبدرێتەوە و وەک پێویست ڕوون بکرێتەوە مەگەر بەڕاستی خودا بێت. لەمەشەوە گریمانە نامەسیحییەکە بۆ عیسا جارێکی دیکە دۆشدادەمێنێت.[١٠]

بۆچوونت چییە؟
پێت وایە بۆچی چەندین پسپۆڕی دەروونیی عیسا وەک نموونەیەک دەبینن بۆ دەروونلدروستیی؟

فلیپ سکاف ئاوا لێکی دەداتەوە: بلیمەتێکی لەو شێوەیە کە هێندەی ئاسمان ڕوونە و هێندەی شاخ بەهێز و هێندەی شمشێر تیژ، هەمیشە ئامادەباش و خۆڕاگر، دەکرێت وڕێنەی کردبێت و هەڵە بووبێت دەربارەی مەبەست و ئەرکەکەی؟ بیرۆکەیەکی لەو شێوەیە بێواتایە![١١]

## ئایا عیسا خودا بوو؟

خودی خۆم ناتوانم بگەمە ئەو باوەڕەی عیسا درۆزن بووبێت یان شێت. تاکە جێگرەوەی ئەوەیە کە ئەو مەسیحەکەیە، کوڕی خودایە هەر وەک بانگەشەی کرد. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو لۆجیک و بەڵگەیە زۆر کەس وا دەرناکەون خۆیان بگەیەنن بەم دەرئەنجامە.

کاتێک بابەتەکانی ئەم بەشە باس دەکەم لەگەڵ هاوڕێ جوولەکە و موسڵمانەکانمدا، وەڵامەکانیان سەرنجراکێشن. ئەو بانگەشانەیان بۆ باس دەکەم کە عیسا کردوویەتی لەسەر خۆی، پاشان هەڵبژاردنە سیانییەکەیان دەخەمە بەردەست (درۆزن، شێت یان خودا). کاتێک لێیان دەپرسم ئەگەر عیسا شێت بێت بە توندی دەڵێن "نەخێر!" و کاتێک دەپرسم ئەگەر باوەڕیان وایە عیسا درۆزن بووبێت دەڵێن "بەدڵنیاییەوە نەخێر." "باوەڕت وایە ئەو خودایە؟" پێش ئەوەی گوێبیستی هەر قسەیەکی دیکە ببم گوێبیستی "بێگومان نەخێرا!" دەبم. بەڵام کاتێک لەوە تێدەگەین عیسا خودی خۆی ئەم بانگەشەیەی کردووە هیچ هەڵبژاردنگەلێکی دیکەمان نامێنێتەوە.

**خودی خۆم ناتوانم بگەمە ئەو باوەڕەی عیسا درۆزن بووبێت یان شێت. تاکە جێگرەوەی ئەوەیە کە ئەو مەسیحەکەیە، کوڕی خودایە وەک بانگەشەی کرد.**

گرفتی ئەم سێ هەڵبژاردنە ئەوە نییە کامیان دەشێت لۆجیکییانە ڕووبدەن، چونکە ڕوونە هەرسێکیان ڕێی تێدەچێت. بەڵکوو پرسیارەکە ئەوەیە کامیان "زیاتر ڕێی تێدەچێت؟" ناتوانیت لەسەر ڕەفەکە دایبنێیت وەک تەنها مامۆستایەکی ئەخلاقیی گەورە یان پێغەمبەرێک. ئەوە واقیعی نییە. ئەو یان درۆزنێکە، شێتێکە یان یەزدانی خوداوەندە. پێویستە هەڵبژێریت. بڕیارەکەت دەربارەی عیسا پێویستە لە کردارێکی ژیری بێمەبەست زیاتر بێت. وەک نێردراو یۆحەنا لە لووتکەی ئینجیلەکەیدا نووسیویەتی، "بەڵام ئەمانە نووسراون تاکوو ئێوە باوەڕ بهێنن کە عیسا مەسیحەکەیە، کوڕی خودایە، تاکوو بە باوەڕهێنان بە ناوی ئەو ژیانتان هەبێت." (یۆحەنا ٢٠: ٣١).

بەڵگەکان بەڕوونی لە بەرژەوەندیی ئەوەدان کە عیسا خودایە.

بەشی ٤

# ئەی چی دەربارەی زانست؟

زۆرێک مەسیح ڕەتدەکەنەوە لەژێر گریمانەی ئەوەی ئەگەر نەتوانیت زانستییانە شتێک بسەلمێنیت، ئەوا ڕاست نییە. چونکە کەسێک ناتوانێت زانستییانە خودابوون و هەڵسانەوەی عیسا بسەلمێنێت، ئەوکات ڕۆشنبیرەکانی ئەم سەردەمە پێویستە باشتر بیربکەنەوە وەک لەوەی وەک ڕزگارکەر قەبووڵی بکەن.

زۆرکات لە وانەی فەلسەفە یان مێژوودا کەسێک ڕووبەڕووم دەبێتەوە بە ئاڵنگارییەک، "دەتوانیت بە زانست بیسەلمێنیت؟" منیش زۆرکات دەڵێم "لە ڕاستیدا نەخێر، من زانا نیم." دواتر گوێبیستی پۆلەکە دەبم کە چۆن دەکەونە قسە لەگەڵ یەکتر و گوێم لە کۆمەڵێک دەستەواژە دەبێت وەکوو "کەواتە بەس باسی بکە." یان "دەبینیت، پێویستە تەنها بە باوەڕ وەریبگریت" (واتە باوەڕێکی کوێرانە).

جارێکیان لە گەشتێکی ئاسمانییدا بۆ بۆستن، لەگەڵ سەرنشینێک گفتوگۆم دەکرد دەربارەی ئەوەی بۆچی باوەڕم بەوە هەیە مەسیح ئەوە بێت کە بانگەشەی بۆ کردووە. فرۆکەوانەکەیش کاتێک بەخێرهاتنی سەرنشینەکانی دەکرد بەشێکی قسەکانمانی گوێلێبوو. گوتی "تۆ کێشەیەکت هەیە لەگەڵ باوەڕەکەت." گوتم "چییە؟" گوتی "ناتوانیت بە زانست بیسەلمێنیت."

> **بۆچوونت چییە؟**
> لەپاڵ ڕاستییە مێژووییەکان، ئایا هیچ شتانێکی دیکە هەن کە دەزانین ڕاستە و لەڕووی زانستییەوە ناسەلمێندرێن؟ ئەگەر بەڵێ، ئەو شتانە چین؟

سەرسامم بەو بیرکردنەوە ناهاوڕێکەی سەردەمی مۆدێرن پێیگەیشتووە. ئەم فرۆکەوانە وەک زۆر کەسە لەمرۆدا، بیرکردنەوەکانیان پەیوەست دەکەن بەوەی ئەگەر شتێک نەتوانیت بە زانست بیسەلمێنیت ئەوا ناتوانیت بزانیت چییە. بەڵام ئێمە هەموومان چەندین ڕاستی قەبووڵ دەکەین کە ناتواندرێت بە ڕێگا زانستییەکان بسەلمێندرێن. ناتوانین زانستییانە هیچ شتێک دەربارەی هیچ پێشهاتێک لە مێژوو یان کەسێکدا بسەلمێنین، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە مێژوو نەتواندرێت بزانرێت. پێویستە جیاوازیی نێوان دوو شتی سەرەکی بزانین لێرەدا، ئەوانیش شێوازی زانستی و ئەوەی من پێی دەڵێم لێکۆڵینەوەی یاسایی مێژوویی. با ڕوونی بکەمەوە.

ڕێگا یان شێوازە زانستییەکە لەسەر بنەمای کێشانی دەرئەنجامە دەربارەی سروشتی شتێک بەپێی ئەنجامە دووبارەبووەکان کە جێگیر و ڕوونن. ئەنجام دەدرێت لە ژینگەیەکی کۆنترۆڵکراو کە بتواندرێت تێبینیی بکرێت و ببیندرێت، زانیارییەکان وەربگیردرێت و گریمانەی ئەزموونی جێگیر بکرێت. پەیوەندیی هەیە بە پێوەرەکان بۆ دەرکەوتەکان و تاقیکردنەوەکان یان تێبینیکردنی دووبارەبوونەوە.[1] د. جەیمس بی کۆنانتی سەرۆکی پێشووی هارڤارد دەنووسێت: "زانست بریتییە لە کۆمەڵێک زنجیرە لە چەمکەکان و ڕیزبوونێکی بنیاتی کە بەرهەم هاتووە لەئەنجامی تاقیکاریی و تێبینیکردن و بەرهەمدارن بۆ تاقیکردنەوەی زیاتر لەگەڵ تێبینیکردنی زیاتر کە بکرێت."[2]

**زۆر کەس لەمرۆدا بیرکردنەوەکانیان پەیوەست دەکەن بەوەی ئەگەر شتێک نەتوانیت بە زانست بیسەلمێنیت ئەوا ناتوانیت بزانیت چییە.**

تاقیکردنەوەی ڕاستی گریمانەیەک بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەیەکی کۆنترۆڵکراو یەکێکە لە تەکنیکە سەرەکییەکانی شێوازی سەردەمیانەی زانستی. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بڵێت تەختە سەرئاو ناکەوێت، منیش دەڵێم سەرئاو دەکەوێت. بۆ سەلماندنی قسەکەم کەسی بەرانبەر دەهێنم و لەبەردەمیدا تەشتێک پڕ دەکەم لە ئاو، پاشان پارچەیەک تەختە دەکەمە ناوی. ئەوەتا، تێبینی دەکەین و زانیاری کۆ دەکەینەوە و بەتاقیکاریی گریمانەکە دەسەلمێنین: تەختەکە سەرئاو دەکەوێت.

ئەگەر شێوازە زانستییەکە تاکە ڕێگامان بێت بۆ سەلماندنی هەموو شتێک، ئەوا ناتوانیت بیسەلمێنیت کە دوێنێ شەو تەماشای فیلمێکت کردووە یان ئەمڕۆ شێوت خواردووە. هیچ ڕێگایەک نییە ئێمە بتوانین ئەو پێشهاتانە دووبارە بکەینەوە لە ژینگەیەکی کۆنترۆڵکراودا. هەروەها نەشماندەتوانی بیسەلمێنین کە نەژادپەرستی و سێکسیزم

هەڵن، چونکە بابەتە ئەخلاقییەکانیش ناتواندرێت بە شێوازە زانستییەکە بسەلمێندرێن. لە ڕێگەی ئەزموون و شایەتی و وردبوونەوە لە چەندین شت تێدەگەین و دەزانین کە لە دەرەوەی بازنەی زانستن.

**ئەگەر شێوازە زانستییەکە تاکە ڕێگامان بێت بۆ سەلماندنی هەموو شتێک، ئەوا ناتوانیت بیسەلمێنیت کە دوێنێ شەو تەماشای فیلمێکت کردووە یان ئەمڕۆ شێوت خواردووە. هیچ ڕێگایەک نییە ئێمە بتوانین ئەو پێشهاتانە دووبارە بکەینەوە لە ژینگەیەکی کۆنترۆڵکراودا.**

ڕێگەیەکی دیکەی بەدواداچوون بریتییە لە لێکۆڵینەوەی یاسایی مێژوویی، لەسەر بنەمای ئەوەی شتێک ڕاستییە لە سەروو لێکدانەوەی ژیرانە. بە دەربڕینێکی دیکە، دەگەینە دەرئەنجامێک لەسەر بنەمای قورسایی بەڵگەکان نەک بنەمای لێکدانەوەی ژیرانە بۆ گومانکردن لە بڕیارەکە. بەڵگەی یاسایی مێژوویی لەسەر بنەمای سێ شایەتییە: شایەتی زارەکی، شایەتی نووسراو، نیشانە بەرجەستەکان (وەک چەکێک، فیشەکێک، یان تیانووسێک یان دەفتەرێک). بەبەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی یاسایی مێژوویی بۆ دیاریکردنی ڕاستییەکان، دەتوانیت لەسەروو لێکدانەوەی ژیرانە بیسەلمێنیت کە دوێنێ شێوت خواردووە. هاوڕێکانت تۆیان بینی، شاگردەکە تۆی بیرە لەوێ بوویت و پسوڵەی چێشتخانەکەت پێیە.

ڕاستەوخۆ بدوێین، شێوازە زانستییەکە تەنها بۆ ئەو شتانە دەکرێت بەکاربێت کە بۆ سەلماندنیان تێبینی دووبارەبوونەوەیان دەکەین. دووبارە، شێوازە زانستییەکە گونجاو نییە بۆ تاوتوێکردنی کۆمەڵێک پرس لەسەر کەسەکان یان پێشهاتەکان. شێوازە زانستییەکە شیاو نییە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارگەلێکی وەک ئەوەی ئایا جۆرج واشنتۆن ژیاوە؟ ئایا مارتن لوسەر کینگ جونیەر سەرکردەیەکەی بواری مافە مەدەنییەکان بووە؟ عیسای ناسیرەیی کێ بووە؟ ئایا عیسا لە مردن هەڵساوەتەوە؟ ئەم پرسیارانە دەچنە بواری لێکۆڵینەوەی یاسایی مێژوویی. شێوازە زانستییەکە لەسەر بنەمای تێبینیکردن و کۆکردنەوەی زانیاریی،

> **بۆچوونت چییە؟**
> سوودەکانی بەکارهێنانی شێوازە زانستییەکە چین بۆ 'سەلماندن'ی شتێک؟ زیانەکانی چین؟ سوودەکانی شێوازی لێکۆڵینەوەی یاسایی مێژوویی چین؟

گریمانە و لێکدانەوە و سەلماندنی تاقیکارییە بۆ ڕوونکردنەوەی سروشتیی دووبارەبووەوەی ئەزموونیی. لەدەرئەنجامدا ناتوانێت وەڵامی هەبێت بۆ هەندێک لە گرنگترین پرسیارەکانی ژیان.

یەک شت دەربارەی باوەڕی مەسیحیی کە سەرنجی ڕاکێشاوم بەتایبەتیی ئەوەیە کە باوەڕێکی کوێرانەی نەزانانە نییە بەڵکوو لەسەر بنەمای بەڵگەیە. خودا پەرجووی لە ڕێگەی موساوە ئەنجام دا بۆ ئەوەی خەڵک متمانە بە موسا بکەن وەک گوتەبێژی خودا و باوەڕی پێ بکەن (بڕوانە دەرچوون ١٤: ٣١). عیسا پەرجووگەلێکی کرد بەزۆری بۆ ئەوەی ئاشکرای بکات ئەو مەسیحە بەڵێندراوەکەیە بۆ ئەوەی خەڵک دڵنیاییان هەبێت و باوەڕ بە وشە و فێرکردنەکانی بکەن (بڕوانە مەرقۆس ٢: ١٠؛ یۆحەنا ٢٠: ٣٠-٣١). نووسراوی پیرۆز خەڵک بانگ ناکات بۆ ئەوەی بەبێ بەڵگە باوەڕ بهێنن، بەڵکوو خەڵک بانگ دەکات بۆ ئەوەی لە ڕووناکی بەڵگەکاندا باوەڕ بکەن. هەر کاتێک دەخوێنینەوە کە کەسایەتییەکی پەرتووکی پیرۆز داوای لێکراوە باوەڕی هەبێت، دەبینین باوەڕێکی زیرەکانەیە. عیسا گوتی، "ڕاستیی دەناسن، ڕاستییش ئازادتان دەکات." (یۆحەنا ٨: ٣٢)، نەک پشتگوێی بخەن. مەسیح پرسیاری لێ کرا "«مامۆستا، گرنگترین ڕاسپاردەی تەورات چییە؟» عیسا وەڵامی دایەوە: «بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و لە هەموو بیرتانەوە یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێت.» زۆر کەس لەمڕۆدا وا دیارە تەنها بە دڵ خودایان خۆش دەوێت. ڕاستی دەربارەی مەسیح هەرگیز ناچێتە بیریانەوە. ئێمە بیرمان پێدراوە و بە ڕۆحی پیرۆز توانادار کراوین بۆ ئەوەی خودا بناسین، هەر وەک چۆن دڵمان هەیە خۆشمانبوێت و ویستی ئازاد بۆ ئەوەی هەڵیبژێرین. پێویستە لە هەرسێ لایەنەکەوە چالاک بین بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی تەواومان هەبێت لەگەڵ خودا و بۆ ئەوەی شکۆداری بکەین. نازانم لەگەڵ تۆدا چۆنە بەڵام دڵم ناتوانێت بە شتێک شاد بێت کە بیرم ڕەتی بکاتەوە. بیر و دڵم دروستکراون بۆ ئەوەی بە هاوسازی کار بکەن بەیەکەوە. بۆ متمانەکردن بە مەسیح هەرگیز داواکراو نییە کە ژیری وەلا بنێین، تەنانەت بۆ من تەواو پێچەوانە بووە.

لە چوار بەشی داهاتوودا تەماشای بەڵگەکان دەکەین بۆ پشتپێبەستراویی بەڵگەنامەکان و ڕاستودروستی شایەتە زارەکییەکان و ئەو شایەتانەی عیسایان بینیوە.

## بەشی ٥

# ئایا پەیمانی نوێ جێگەی متمانەیە؟

پەیمانی نوێ سەرچاوەی سەرەکییە بۆ زانیاریی مێژوویی دەربارەی عیسا. لەبەر ئەمە لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا زۆر ڕەخنەگر هێرشیان کردووەتە سەر ڕاستودروستیی بەڵگەنامەکانی پەرتووکی پیرۆز. وا دیارە کە هێرشێکی بەردەوامی تۆمەتبارکردن هەبێت کە بناغەیەکی مێژووییان نییە یان لە ڕێگەی دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسییەکان سەلمێندراوە کە نادروستن.

کاتێک لە زانکۆی ویلایەتی ئاریزۆنا وانەم دەگوتەوە، ڕۆژێکیان پۆلەکانمان هێنابووە دەرەوە بۆ وانەخوێندنێکی کراوە، پرۆفیسۆرێک کە وانەی ویژەیی دەگوتەوە هات بۆ لام و گوتی، "کاک مەکداوڵ، تۆ هەموو بانگەشەکانت دەربارەی عیسا لەسەر بنەمای بەڵگەنامەکانی سەدەی دووەمە کە کەڵکی نەماوە. ئەمڕۆ لە وانەکەمدا پیشانمدا کە پەیمانی نوێ ماوەیەکی زۆر دوای عیسا نووسراوە کە ناکرێت ورد بێت لەو شتەی تۆماری کردووە." بەگشتی ئەو مشتومڕی دەکرد بۆ ئەو تۆمارکردنە درەنگە و ئەوەی کە بەڵگەنامەکانی پەیمانی نوێ ورد نین. پێموایە لە هەردوو لایەنەکەوە هەڵەیە!

وەڵامم دایەوە، "بەڕێزەکەم، پەیامەکەت تێدەگەم و دەزانم ئەو نووسینانە چین کە بەکاریاندەهێنیت بۆ ئەم قسانە. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە سەلمێندراوە ئەو نووسینانە هەڵەن بە دۆزینەوەی بەڵگەنامەی تازە-دۆزراوە کە بەڕوونی نیشانی دەدەن پەیمانی نوێ لەماوەی یەک نەوەدا نووسرابێت لە کاتی عیساوە."

ئەو سەرچاوەیەی پرۆفیسۆرەکە تێگەیشتنەکەی لێوە هێنابوو سەبارەت بەو تۆمارانەی دەربارەی عیسان، نووسینی ڕەخنەگری ئەڵمانی فێردیناند کریستیان باور بوو.

باور وای دانابوو کە زۆرینەی نووسراوەکانی پەیمانی نوێ هەتا کۆتاییەکانی سەدەی دووەم (دوای مەسیح) نەنووسران. نووسینەکان چۆن کۆکرانەوە؟ ئەو وایدانابوو نووسەرەکان کۆمەڵێک ئەفسانە و خەیاڵیان کۆکردبووەوە کە گەشەیسەندووە لە نێوان کاتی مردنی عیسا و نووسینی بەڵگەنامەکان لە سەدەی دووەمدا.

**بۆچوونت چییە؟**
**ئایا هیچ دۆزینەوەیەکی شوێنەوارناسیی پەیوەندیدار بە پەرتووکی پیرۆز هەبووە کە لەم ساڵانەی دواییدا سەرنجی تۆی ڕاکێشابێت؟ بۆچی ئەم دۆزینەوانە زۆر کات دەنگدانەوەیەکی جیهانیی دەبێت؟**

چەندین ئایینزانی لیبراڵ ناچارن کە بیر لە ڕێکەوتی زووتر بکەنەوە بۆ پەیمانی نوێ. دەرئەنجامی لێکدانەوەکانی مەتران جۆن ئەی تی ڕۆبینسن لە پەرتووکەکەی *خوێندنەوەی پەیمانی نوێ* بە شێوازێکی نوێ شۆکهێنەرە. لێکۆڵینەوەکەی ئەوی گەیاندە ئەو باوەڕەی کە تەواوی پەیمانی نوێ پێش ڕووخانی ئۆرشەلیم لە ساڵی ٧٠ی زایینی نووسراوە.[١] لەکاتێکدا ئەوەی پێی گەیشتووە زووترە لەوەی زۆرینەی زانا ئینجیلییەکان دەکرێت کۆک بن لەسەری، پرۆفیسۆری پەیمانی نوێ جۆناسان بێرنێر لەم دواییانەدا کەیسێکی بەهێزی دروست کرد بۆ ڕێکەوتێکی زووی پەیمانی نوێ. لە پەرتووکەکەیدا *دووبارە بیرکردنەوەیەکی ڕێکەوتەکانی پەیمانی نوێ*، بێرنێر دەگات بەوەی کە "زۆرینەی دەقەکان کە لە کۆتاییدا کۆکرانەوە بۆ پێکهێنانی بەرگی پەیمانی نوێ، بیست بۆ سی ساڵ زووتر نووسراون وەک لەوەی پێشتر لەلایەن زۆرینەی زانا سەردەمییەکانەوە دانرابوو.[٢] دەتواندرێت کەیسێکی باش دروست بکرێت کە سەرجەم پەرتووکەکانی پەیمانی نوێ پێش کۆتایی سەدەی یەکەم نووسراون.

سەرەڕای ئەوەش تەنانەت ئەگەر ئەو پرۆفیسۆرەی ئاریزۆنا ڕاست بووایە دەربارەی ڕێکەوتی درەنگ، هێشتا تۆمارمان هەیە بۆ پێشهاتەکانی دەوری سەرچاوەی سەرهەڵدانی مەسیحییەت کە زووترن لەو پێشهاتە مێژووییە پرسیارهەڵنەگرانەی زۆر کات بەکاردێن بۆ پاڵپشتیکردن لە بابەتی دیکە.

بەڕێز ویلیەم ڕامزی کە یەکێکە لە مەزنترین شوێنەوارناسەکان کە ژیابێت، قوتابی بوو لە کۆلێژی مێژوویی ئەڵمانی کە فێریان دەکرد پەرتووکی کردار (کرداری نێردراوان) بەرهەمی نیوەی سەدەی دووەمی دوای زایین بووە نەک سەدەی یەکەم وەک ئەوەی

دەیگەیەنێت. دوای خوێندنەوەی ڕەخنەی سەردەمییانە لەسەر پەرتووکی کردار، ڕامزی گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەو پەرتووکە تۆمارێکی متمانەپێکراو نییە بۆ ڕاستییەکانی ئەو کاتەی (٣٠-٦٠ز) و لەبەر ئەوە شایەنی بەهابۆدانان نییە لەلایەن مێژووناسێکەوە. پاشان لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لەسەر مێژووی ئەنادۆڵ ڕامزی گرنگییەکی کەمی دا بە پەیمانی نوێ. هەرچۆنێک بێت لێکۆڵینەوەکەی، ئەوی ڕاکێشا بۆ ئەوەی دووبارە هەڵسەنگاندن بکاتەوە بۆ نووسینەکانی لۆقا، نووسەری پەرتووکی کردار. شوێنەوارناسەکە تێبینی ئەو وردییە مێژووییە بێخەوشەی وردەکارییەکانی کرد و کەمە کەمە هەڵوێستی بەرانبەر پەرتووکەکە دەستی بە گۆڕان کرد. ناچار بوو دان بەوەدا بنێت کە "لۆقا مێژوونووسێکی پلە یەکە. ئەم نووسەرە دەبێت لەپاڵ مەزنترین مێژوونووسەکان دابنرێت."[٣]

بەهۆکاری ئەو باوەڕەی لەسەر وردیی پەرتووکەکە، ڕامزی لە کۆتاییدا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی پەڕووتووکی کردار ناکرێت بەڵگەنامەیەکی سەدەی دووەم بێت، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەم، لەدوای کەیسەکەی ڕامزییەوە، وردیی مێژوویی پەرتووکی کردار بەڕادەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە. لە شیکردنەوە چوار بەرگییەکەی لەسەر کردار، زانای پێشەنگی پەیمانی نوێ کرەیگ کینەر دەچێتە قوڵاییەوە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووییبوونی کردار بە بنەماکانی مێژووناسیی (هیستریۆلۆجی) دێرین. ئەوە تێبینی دەکات کە بەڵگەسازییەکی دەرەکی دووبارەبووەوە هەیە بۆ کەسەکان، شوێنەکان و پێشهاتەکان لە کرداردا و شایەتی بەچاودیتوو هەیە لە پشتییەوە. د. کینەر دەگاتە ئەوەی "هێندەی سەرچاوە مێژووییەکان بتوانن پێی بگەن، کردار یەکێکی لەڕادەبەدەر بەهادارە کە چەندین بەڵگەی پشتپێبەستوو دەخاتە ڕوو لەلایەن شایەتی بەچاودیتوو و دەتواندرێت پشتی پێ ببەسترێت."[٤]

لەمڕۆدا ڕەخنەگرانی ڕووخسار—واتە ئەو زانایانەی لە دەقە ئەدەبییە دێرینەکان دەکۆڵنەوە بەتایبەت ڕووخسارەکەیان و ئەو نەریتە زارەکییەی پشت نووسینەکانی پەرتووکی پیرۆز—دەڵێن کە ماددەکە لە زارەوە بۆ زار گواستراوەتەوە تاکوو نووسراوە لە شێوەی ئینجیلەکاندا. هەرچەندە ئێستا دان دەنێن بەوەدا کە ماوەی گواستنەوەکە زۆر کورتترە لەوەی پێشتر بۆی دانرابوو، هێشتا وا لێکی دەدەنەوە کە تۆمارەکانی ئینجیل لە شێوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بووە (ئەفسانە، چیرۆک و نموونەی پەند).

بەڵام ڕەخنەیەکی سەرەکی کە لە چەمکی نەریتیی زارەکی گواستراوەی گەشەسەندووی ئەم ڕەخنەگرانەی ڕوخسار دەگیرێت بریتییە لەو ماوە کەمەی نێوان

پێشهاتەکانی پەیمانی نوێ و تۆمارکردنەکانیان. لە باسکردنی کورتیی ئەم ماوەیە، سایمۆن کیستمەیکەر، پرۆفیسۆری پەیمانی نوێ لە فێرگەی ئایینزانی ڕیفۆرمد، دەنووسێت:

> لە باری ئاساییدا، بۆ دروستبوونی فۆلکلۆر (واتە ئەو وێژەیەی لە زارەوە بۆ زار دەگوازرێتەوە)... پێویست بە چەندین نەوە دەکات، پرۆسەیەکی خاوە کە لە ماوەی چەند سەدەیەک دەگاتە ئەنجام. بەڵام هاوتا لەگەڵ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانی ڕووخسار، پێویستە بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە چیرۆکەکانی ئینجیل لە ماوەی کەمێک زیاتر لە یەک نەوە پێکهاتوون. لەسەر بنەمای خوێندنەوەی ڕەخنەیی ڕووخسارناسی، پێکهاتنی یەکەکانی ئینجیل پێویستە وەک پرۆژەیەکی چڕی دەستوبرد تەماشا بکرێت.[٥]

ئەی ئێچ ماکنێیل پرۆفیسۆری شاهانەی لاهوتییەت لە زانکۆی دەبلن، ئاڵنگاریی چەمکی نەریتی زارەکی ڕەخنەگرانی ڕووخسار دەکات. نیشانی دەدات کە ڕەخنەگرانی ڕووخسار لەگەڵ نەریتەکانی وشەکانی عیسادا وەک پێویست نزیک مامەڵە ناکەن. لە کلتووری جوولەکەدا گرنگ بووە کە وشەکانی مامۆستایەک بەوریایی بپارێزرێن و بگوازرێنەوە.[٦] باو بووە بۆ قوتابییەکی جوولەکە وشەکانی ڕابییەکەی ئەزبەر بکات و بیانگوازێتەوە بە گرنگییەکی تەواوەوە. بۆ نموونە لە یەکەم کۆرنسۆس ٧: ١٠، ١٢ پۆڵس ئاگایی پیشان دەدات بۆ هەردووک لە پاراستنی فێرکردنەکانی عیسا و جیاکردنەوەی لە ئەوانەی خۆی: "بەڵام بۆ هاوسەران، ڕایاندەسپێرم، من نیم بەڵکوو مەسیحی باڵادەست ڕایاندەسپێرێت: با ژن لە مێردەکەی جیا نەبێتەوە... ئەوانی دیکە من پێیان دەڵێم نەک مەسیحی باڵادەست: ئەگەر برایەک ژنێکی بێباوەڕی هەبوو، ژنەش ڕازی بوو لەگەڵیدا بژیێت، با تەڵاقی نەدات."

**لە کلتووری جوولەکەدا گرنگ بووە کە وشەکانی مامۆستایەک بەوریایی بپارێزرێن و بگوازرێنەوە.**

زانایانی دیکە لەگەڵ پۆڵ ئێڵ. مەیەر کۆکن، پرۆفیسۆری مێژووی دێرین لە زانکۆی میشگنی ڕۆژئاوا. دەنووسێت، "بۆ ئەوەی کە بگوترێت چیرۆکی مردن و هەڵسانەوەی عیسا لە ئەفسانەیەک سەری هەڵداوە لە ماوەیەکی دوورودرێژ یان ئەوەی

سەرچاوەکان پاش چەندین ساڵ لە پێشهاتەکان نووسرابێتن بەسادەیی ڕاستەقینە نییە."[7] پەیمانی نوێ بەجێگیری لە مێژوودا بەچەسپاوی دەمێنێتەوە.

## چوار ئینجیل یان زیاتر؟

چ لە پەرتووکەکان، فیلمەکان یان هەندێک جار لە جیهانی خوێندنی ئەکادیمییشدا بێت، بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە جگە لە مەتا، مەرقۆس، لۆقا و یۆحەنا چەند ئینجیلێکی دیکە لە ڕیزدا بوون بۆ ئەوەی ئەوانیش لە پەرتووکی پیرۆزدا بن. دیارترین نموونەکان ئەوانەی تۆماس، یەهوزا، فلیپۆس، پەترۆس و مریەمن. تێگەیشتنەکە ڕوونە: ئەم دەقە دێرینانە بینینێکی جیاواز بۆ عیسا ئاشکرا دەکەن کە تەنها هێندەی ئەو نەریتەی کڵێسا کە لەگەڵ کات دامەزراوە جێی متمانەیە.

**بۆچوونت چییە؟**
ئایا هیچ بایەخێک دەدەیت بەو پەڕتووک و بڵاوکراوە و دۆکیومێنتاریانەی باس لە ڕاستودروستی پەڕتووکی پیرۆز و عیسا دەکەن بە بەڵگەگەلیک لە دەرەوەی پەڕتووکی پیرۆز؟ ئایا چۆن بەراوردی بەڵگە مێژووییەکان دەکەیت لە نێوان عیسا و کەسایەتییە ناودارەکانی دیکە؟

ئایا هیچ ڕاستییەک هەیە بۆ ئەم بانگەشانە؟ ئایا چوار ئینجیلەکە پێگە خاوەن ئیمتیازەکەیان لەدەستداوە وەک دابینکەری تایبەتمەندیی ژیان و خزمەتی عیسا؟ ئایا ئەم ئینجیلە تازەدۆزراوانە تێگەیشتنی ئێمە دەگۆڕن دەربارەی مەسیحییەت؟

هەرچەندە ئەو بانگەشانە جیاواز و سەرسووڕهێنەر دەردەکەون، بەڵام بەسادەیی تێکدەشکێن لەژێر قورسایی شیکردنەوەی مێژوویی. لە پەرتووکی *ئینجیلە شاراوەکان* فلیپ جێنکینس لێکیدەداتەوە کە "بیرۆکەی ئەوەی ئەو چەندین ئینجیلە ناکانۆنییە* یەکسانانە گەواهی مێژووی مەسیحییەت دەدات چەوتە.[8] گەورەترین ئاڵنگاریی بۆ پێگەی ئەم ئینجیلانە ڕێکەوتە درەنگەکەیانە. لە کاتێکدا هەر چوار ئینجیلەکە لە ماوەی سەدەی یەکەمدا

* پەڕتووکە ڕەسەن یان قانونییەکان (ئەو پەڕتووکانەی لە لیستی پەڕتووکە پیرۆزەکان بەفەرمی پەسەند کراون)

نووسراون، هەموو بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەو ئینجیلانەی دیکە لە ماوەی ساڵانی ١٢٠ز بۆ ٢٥٠ز بەرهەمهاتبن، بەلایەنی کەمەوە دوو سێ نەوە دوور لە ژیانی مەسیحەوە.

چونکە ئەم دەقانە زۆر درەنگتر لە چوار ئینجیلە نەریتییەکە نووسراون، ڕێی تێ ناچێت زانیاریی نوێ دەربارەی عیسای مێژوویی ئاشکرا بکەن. بەم شێوەیە پرۆفیسۆری پەیمانی نوێ کرەیگ ئەی. ئیڤانس لێکیدەداتەوە کە، "بەکارهێنانێکی ئەکادیمییانە بۆ ئەم تۆماری ئینجیلانە کە لەدەرەوەی کانۆنەکەن بەڕاستی ئابڕووچوونە. بۆمان ئاشکرا بووە کە ئەم ئینجیلە ناکانۆنیانە نەریتی پشتپێبەستراوی زوو ناگەیەنن کە سەربەخۆ بێت لەوەی هەمانە لە ئینجیلەکانی پەیمانی نوێ."[٩]

## بەڵگەکان بۆ پەیمانی نوێ

زۆر کات نامەسیحییەکان پێم دەڵێن ناتوانین متمانە بەوە بکەین کە پەرتووکی پیرۆز دەیڵێت. دەڵێن "چونکە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا نووسراوە، پڕە لە هەڵە و دژیەکی." منیش وەڵام دەدەمەوە کە باوەڕم بەوە هەیە بتوانم متمانە بە پەرتووکی پیرۆز بکەم. پاشان دەست دەکەم بە باسکردنی بەسەرهاتێک کە لە وانەیەکی مێژوودا پێشهات. گوتم کە باوەڕم بەوە هەیە بەڵگەی زیاتر هەیە بۆ پەیمانی نوێ لە بەنزیکەیی هەر دە پارچەیەک لە وێژەی کلاسیکیی بەیەکەوە.

ئەو پرۆفیسۆرەی لە سووچەکەدا دانیشتبوو مینگەمینگی دەهات وەک ئەوەی بڵێت، "کورە دە لاچۆ، بەجدیتە باوەڕ بەم شتانە دەکەیت." لێم پرسی بەچی پێدەکەنێت. وەڵامی دایەوە، "ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم تۆ لە وانەیەکی مێژوودا بانگەشەی ئەوە دەکەیت پەیمانی نوێ پشتپێبەستراوە. ئەوە گەمژانەیە!"

بۆ ئەوەی خاڵێکی هاوبەش بدۆزمەوە بۆ مشتومڕ، لێیم پرسی، "پێم بڵێ بەڕێزەکەم وەک مێژووناسێک تۆ پێوەرەکانت چین بۆ تاقیکردنەوەی هەر پارچەیەک لە نووسینی مێژوویی بۆ دەستینشانکردنی پشتپێبەستراوی و ڕاستودروستییەکەی؟" سەرسام بووم کە هیچ تاقیکردنەوەیەکی وای نەبوو. سەرسووڕهێنەرە کە چۆن چەند کەسێکی کەم دەتوانن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە. وەڵامم دایەوە، "من هەندێک تاقیکردنەوەم هەیە". پێم گوت کە باوەڕێکی توندم بەوە هەیە کە پێویستە پشتپێبەستراویی مێژوویی نووسراوی پیرۆز تاقیبکەینەوە بەهەمان ئەو پێوەرە توندانەی بۆ بەڵگەنامە مێژووییەکانی دیکە بەکاری

دەهێنین. مێژووناسی سەربازی، کاونسیساندەرس سێ بنەمای سەرەتایی دەژمێرێت بۆ مێژووناسیی (هیستریۆگرافیا): تاقیکردنەوەی بیبلۆگرافیا، تاقیکردنەوەی *بەڵگە ناوەکییەکان* و تاقیکردنەوەی *بەڵگە دەرەکییەکان*.[10] با هەر یەکێکیان لەسەر پەرتووکی پیرۆز تاقیبکەینەوە.

## تاقیکردنەوەی بیبلۆگرافیی (بیبلۆگرافیا واتە سەرچاوەناسی کە لە سەرچاوەکان دەکۆڵێتەوە)

تاقیکردنەوە بیبلۆگرافییەکان لەوە ورد دەبنەوە کە بەڵگەنامەیەکی دێرین چەند بەوردیی و ڕاست و ڕەوانی لەبەرگیراوەتەوە و بەدرێژایی مێژوو گواستراوەتەوە. ئەم تاقیکردنەوەیە پێویستە، چونکە ئێمە نووسینی یەکەمی پەرتووکی پیرۆزمان نییە (ئۆتۆگراف). لەجیاتی ئەوە ئێمە دەستنووسی لەبەرگیراوەی لەبەرگیراوەکانمان هەیە. هەر دەستنووسێک بە ڕادەیەکی زۆر کەم جیاوازە، بە هۆکاری گۆڕانکاری بەمەبەست یان بێمەبەست. کەواتە بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی بیبلۆگرافی، دەپرسین، ئایا بەدڵنیابوونەوە دەتوانین دەقی ڕەسەنی پەرتووکی پیرۆز پێکبهێنین بە بەکارهێنانی ئەو دەستنووسانەی ئەمڕۆ هەن؟ بەگشتی گفتوگۆکەمان لەدەوری پەیمانی نوێدا دەسووڕێتەوە بەدیاریکراوی، بۆیە تەرکیزی پرسیارەکانمان دەخەینە سەر ئەوێ.

بۆ ئەوەی دەقی ڕەسەنی پەرتووکی پیرۆز پێکبهێنینەوە، یارمەتیدەرە کە ژمارەیەکی مەزنی دەستنووسمان هەبێت بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکەین و بەراوردیان بکەین بەیەکتری. سێ دەستنووسی جیاواز ڕەنگە هاوکار نەبێت بۆ کارەکە، بەڵام سێ سەد دەستنووسی جیاواز شێواز، ڕەوت، ڕیزبوونەکان و لێکچووەکان دەردەخات بۆ ئەوەی شانسێکی باشترمان هەبێت لە پێکهێنانەوەی دەقە ڕەسەنەکە. ئەمە هەواڵێکی خۆشە بۆ مەسیحییەکان چونکە لە هەموو ئەو نووسراوە دێرینانەی هەمانە لە هەموو بوارەکاندا، پەیمانی نوێ زۆر پێشدەکەوێت لە ژمارەی دەستنووسەکاندا. زۆرینەی نووسینە دێرینەکان ڕەنگە چەند سەد دەستنووسێکیان هەبێت بەناویانەوە، کە بەسە. بەراوردکارییانە لە ساتی ئەم نووسینەدا *دەزگای لێکۆڵینەوەی دەقی پەیمانی نوێ* (ئای ئێن تی ئێف) ژمارەی دەستنووسەکانی پەیمانی نوێ لیست دەکات بۆ ٥٧٠٠ دانە.[11] پێشبڕکێکاری دووەم ئیلیادەی هۆمەرە کە تاکو ١٩٠٠ دەستنووس دەڕوات.[12]

بەڵام دەستنووسەکان بەتەنها ناژمێردرێن بەڵکوو پێوانەی قورساییەکەشیان دەکرێت. لە زۆرینەی کەیسەکاندا دەستنووسە کۆنترەکان کێشێکی زیاتری گرنگیپێدانیان پێ دەدرێت بەهۆکاری ئەو مەودا کاتییە کورتترەی نێوان دەستنووسەکە و نووسراوە ڕەسەنەکە کە ئەمەش واتە لەبەرگیراوەی کەمتر هەبوون لە نێوانیاندا. کێشەکە ئەوەیە نووسراوە زووترەکان زیاتر پارچە پارچەی بچووکن لەوەی پێشتر هەبوون، چەند ئایەتێک یان چەند وشەیەک لە پەرتووکی پیرۆز دابین دەکەن. کەواتە ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە کە ئایا بەشی پێویست زانیاریی بەسوودمان هەیە بەدرێژایی *دێرینترین دەستنووسەکانمان* بۆ ئەوەی دەقە ڕەسەنەکە پێکبهێنینەوە؟

**بۆچوونت چییە؟**
ئایا تۆ یان کەسێک بیناسیت باوەڕی وایە دەقی پەڕتووکی پیرۆز جێی متمانە نییە چونکە دێرینە (کۆنە)؟ ئایا هیچ دەقێکی دێرین لە دەرەوەی پەرتووکی پیرۆز هەیە تۆ یان ئەوان هیچ کێشەیەکیان نەبێت لە متمانەپێکردنی؟

بەڵێ! دانیاڵ واڵس، مامۆستا لە زانکۆی ئایینزانیی دالاس و یەکێک لە ڕابەرە دەسەڵاتدارەکان لەسەر دەقی یۆنانیی و دەستنووسەکانی پەیمانی نوێ دەڵێت، "ئەمڕۆ هێندەی ١٢ دەستنووسمان هەیە لە سەدەی دووەمەوە، ٦٤ لە سێیەمەوە، ٤٨ لە چوارەمەوە—*کۆی گشتی* ١٢٤ دەستنووس لە ماوەی ٣٠٠ ساڵ لە پێکهێنانی پەیمانی نوێ. زۆرینەی ئەمانە پارچەیەکن، بەڵام تەواوی دەقی پەیمانی نوێ لەم کۆمەڵەیەدا چەندین جار پێکدێتەوە.[13]

بیری لێ بکەرەوە: لەگەڵ هەبوونی ئەوەی کە دەستنووسێکی ئاسایی دەکرێت زیاتر لە سەدەیەک بمێنێتەوە (هەندێک لە زانایان مەزەندەی زیاتریش دەکەن)، کۆنترین دەستنووس کە هەمانە ئەمڕۆ ڕەنگە تەنها چەند نەوەیەکی کەم لە ڕەسەنەکەوە دوور بێت. ئەمە چەند جیاوازییەک دروست دەکات لەنێو دەستنووسەکاندا بەهۆی هەڵەی مرۆڤانە، بەڵام پێشبینی ئەوە ناکەین جیاوازییەکان هێندە بنچینەیی بن کە دەقە ڕەسەنەکە نەتوانرێت پێکبهێنرێتەوە بە ڕادەیەکی بەرزی دڵنیایی. تەنانەت هەندێک لە دەستنووسە کۆنتر و تەواوترەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەڵگە دەدەن بە دەستەوە کە لە دەستنووسی زۆر کۆنەوە لەبەرگیراونەتەوە کە چی دیکە نەماناوە، ئەمەش بەشێوەیەکی

کاریگەرانە دۆخێکی بەراوردکاریی بەهێزیان پێ دەبەخشێت لەگەڵ کۆنترین دەستنووسەکانمان.[14]

**کاتێک دێتە سەر دەسەڵاتی دەستنووسەکانی پەیمانی نوێ، زۆر و زەوەندیی ماددەکان بەڕاستی ناوازەیە.**

کاتێک دێتە سەر دەسەڵاتی دەستنووسەکانی پەیمانی نوێ، زۆر و زەوەندیی ماددەکان بەڕاستی ناوازەیە. ئەگەر ئەو زیاد لە ١٤٠ ساڵە لە کارکردنی چڕ لەسەر دەستنووسەکانی پەیمانی نوێ لەگەڵ تەکنیکە زانستییە هاوچەرخەکانمان بخەینە سەر ئەو دەسەڵاتە، دەتوانین دڵنیاییمان هەبێت کە دەقێکی ڕەسەنی پەیمانی نوێ دامەزراوە. زانای ئیتاڵی کلاسیکیی جیۆرجیۆ پاسکاڵی لەسەر پەیمانی نوێ دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە بڵێت "هیچ دەقێکی یۆنانی بەو ڕادەیە بەدەوڵەمەندی و بەهێزیی نەماوەتەوە."[15]

هەندێک ڕەنگە هێشتا ڕەتی بکەنەوە و بڵێن کە دەقی پەرتووکە پیرۆزەکەمان دەکرێت گۆڕدرابێت بەڕادەیەکی بەرچاو پێش کۆنترین دەستنووسەکان کە لەبەردەستن. بێگومان ئەمە مەحاڵ نییە، بەڵام ئایا ژیرانەیە؟ ئەو تۆپەڵە دەستنووسانە لە ماوەی هەزار ساڵدا هیچ گۆڕانێکی بەرچاو نیشان نادەن. بۆچی پێویستە وا بیربکەینەوە دەستنووسەکان بێهیوایانە دەستکاریکرابێتن لە ماوەی یەکەمین یان دووەمین سەدەدا؟ تەنانەت ئەگەر کەسێک ویستبێتی مەبەستدارانە ناوەڕۆکەکەی بگۆڕێت، هیچ کەسێک ناتوانێت هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێت و هەموو دەستنووسەکان بدۆزێتەوە و بیانگۆڕێت بەبێ ئەوەی کڵێساکان تێبینی بکەن. بۆ ئەوەی ئەو سیناریۆیە ڕووبدات پێویست دەبوو دەستیان هەبووایە بەسەر دەقی ئینجیلەوە پێش ئەوەی لەبەریان بگیرێتەوە و بڵاو ببنەوە بەدەوری جیهاندا. بەڵام چۆن بیانزانیبایە دەقەکە هێندە گرنگە بۆ ئەوەی دەستکاریی بکەن هەتا ئەو کاتەی ئیتر بڵاوبووبووەوە؟ گریمانەی دەستکاریکردنی دەق پێش کۆنترین دەستنووسەکان بەسادەیی تڕەکەڵەکێکە (واتە لاوازە).

**ئەی چی دەربارەی جیاوازییەکانی پەرتووکی پیرۆز؟* (مەبەست لە جیاوازییەکان ئەو جیاوازییانەیە لە دەستنووسەکان کە دەکرێت جیاوازیی بێت لە وشە، خونجەکردن یان گرێکان وەک گرێی ناویی و هتد).**

ڕەخنەگری دەق، بارت ئێرمان ئاگربارانێکی لە مشتومڕ دروست کرد بە بڵاوکردنەوەی پڕفرۆشترین پەرتووکی بەناوی *بەهەڵەوەرگرتنی عیسا*: پەیامەکەی سادە بوو: دەستنووسەکانی پەیمانی نوێ چەندین هەڵەیان تێدایە کە لە بەهای بینینێکی ئینجیلی بۆ سرووشیبوونی (وەحیبوونی) نووسراوی پیرۆز کەم دەکەنەوە. باوەڕی وایە کە واتادارە باسی دەقە ڕەسەنەکە بکەین و هەوڵ بدەین کە پێکیبهێنینەوە. بەڵام ئەو جەخت دەکاتەوە لە گرنگی جیاوازییەکان. ئێرمان دەڵێت کە هەندێک لەم هەڵانە بەڕێکەوتن، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە بەئەنقەست بوون. ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگ دەوروژێنێت: ئایا دەتوانین متمانە بە پەیمانی نوێ بکەین لەنێو جیاوازی دەستنووسەکان؟

ئێرمان بانگەشەی ئەوە دەکات ٣٠٠،٠٠٠ بۆ ٤٠٠،٠٠٠ جیاوازیی هەیە لەنێو دەستنووسەکانی پەیمانی نوێ. بەسادەیی جیاوازییەکی دەقیی دابنێ لە هەر کاتێک کە دەستنووسەکانی پەیمانی نوێ وشەدانانی جێگرەوەی جیاوازی هەبێت. بەزانینی ئەوەی پەیمانی نوێ نزیکەی ١٣٨،٠٠٠ وشەیە، بیرۆکەی ئەوەی دوو هێندە و سێ هێندە ژمارەی وشەکان جیاوازیی هەیە یەکلانەبووەوەیە.[١٦]

بەڵام ئەو ژمارە زۆرەی جیاوازییەکان دەرئەنجامێکی ڕاستەوخۆی بوونی ژمارەیەکی لەڕادەبەدەرە لە دەستنووسەکانی پەیمانی نوێ کە هەمانە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئێمە چەندین جیاوازیی زۆرمان هەیە چونکە تۆپەڵێکی گەورە دەستنووسمان هەیە! مایکڵ مۆریل لە دکتۆرانامەکەیدا لە زانکۆی بێرمینگهام هەموو جیاوازییەکانی کۆکردەوە لە یۆحەنا ١٨دا و ئەوەی بەدەست هات بریتیی بوو لە ٣،٠٥٨ داڕشتنەوەی جیاواز بۆ ئەو بەشە، کەواتە نزیکەی ٣.٩ داڕشتنەوەی (جیاواز) بۆ هەر وشەیەک.[١٧] هەرچەندە ڕەنگە ئەمە وەڕسکەر دیار بێت، پڕۆفیسۆری پەیمانی نوێ پیتەر گاری ئەوە دەستنیشان دەکات کە بەو پێوەرە دەستنووسێکی ئاسایی بۆ هەر ٤٣٤ وشەیەک جیاوازییەکی تێدایە. بۆ لەبەرگرەوەیەک کە بەدەست لەژێر ڕۆشنایی مۆمێکدا بنووسێتەوە ئەمە هیچ خراپ نییە![١٨] ڕەنگە پیتێک دوو جار نووسرابێتەوە یان وشەیەک پەڕیبێت. بەڵام کاتێک دەستنووسە جۆراوجۆرەکان بەراورد دەکەین لەگەڵ جیاوازییەکان، دەتوانین یۆحەنا ١٨ (تەواوی پەیمانی نوێیش) پێکبهێنینەوە بە ڕادەیەکی بەرز لە دڵنیایی.

* مەبەست لە جیاوازییەکان ئەو جیاوازییانەیە لە دەستنووسەکان کە دەکرێت جیاوازی بێت لە وشە، خونجەکردن یان گرێکان وەک گرێی ناویی و هتد.

بەهەڵە لێم تێمەگەن: هەندێک ئاڵنگاریی لە دەقی پەیمانی نوێدا هەن کە هەم گرنگن و هەم سەختیشە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. بەڵام ئەوانە حاڵەتی شازن. کاتێک گشت جیاوازییەکان لەبەرچاو دەگیرێن، نزیکەی لە سەدا یەکی واتای دەقەکە دەگرێتەوە. بەڵام ئەو ڕاستییەش دەکرێت زیادەڕەویی تێدا بکرێت. بۆ نموونە، مشتومڕ هەیە کە ئایا یەکەم یۆحەنا ١: ٤ دەبێت وەربگێڕدرێت بۆ "ئێمە ئەمانەتان بۆ دەنووسین تاکوو خۆشییەکەمان پڕ و تەواو بێت" یان "ئێمە ئەمانەتان بۆ دەنووسین تاکوو خۆشییەکەتان تەواو بێت." هەرچەندە ئەم مشتومڕە پەیوەندیی بە واتاوە هەیە بەڵام بە هیچ جۆرێک هیچ ئایینزانییەکی سەرەکی باوەڕی مەسیحییەت ناخاتە مەترسییەوە. هەر بۆیە نووسەرانی پەرتووکی *دووبارە داهێنانەوەی عیسا* دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی، "پرسیارە کورتەکە دەربارەی ئەوەی چ ڕاستییەکی ئایینزانیی کێشەی لەسەر بێت لەم جیاوازییانە بریتییە لە—هیچ."[١٩] پاش هەموو ئەمانەیش تەنانەت ئەگەر دەقێکی گرنگی پەرتووکی پیرۆز جیاوازیی دەقی سەختی هەبێت، ئایینزانیی مەسیحیی لەسەر یەک تاکە ئایەت ڕانەوەستاوە بەڵکوو لەسەر تۆڕێکی فراوانە لە زانیاریی لە تەواوی پەرتووکی پیرۆز.

## تاقیکاریی بەڵگە ناوەکییەکان

تاقیکردنەوەی بیبلۆگرافیی تەنها ئەوە دەستنیشان دەکات کە ئەو دەقەی هەمانە هەر تۆماری دەقە ڕەسەنەکەیە. ئێمە پێویستە نەک تەنها ئەوە دەستنیشان بکەین کە دەقە ڕەسەنەکە متمانەپێکراوە بەڵکوو ئەوەیش کە تا چ ڕادەیەک باوەڕپێکراوە. ئەمە ئەرکی ڕەخنەگرتنی ناوەکییە، کە دووەم تاقیکردنەوەیە لە مێژووناسیی کاونسی ساندەرس.

پسپۆڕی داکۆکیکاریی ئایینیی جۆن مانتگۆمری بیرمان دەخاتەوە "لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئەکادیمیی بەردەوامە لە شوێنکەوتنی گوتە بەرزەکانی ئەرستۆ کە قازانجی گومان بۆ ئەوەیە بدرێت بە خودی دەقەکە نەک لەلایەن ڕەخنەگرەوە بۆ خۆی بەکاریبهێنێت." مانتگۆمری درێژەی پێ دەدات، "ئەمە واتە پێویستە کەسەکە لە ژێر شیکردنەوەدا گوێ بگرێت بۆ بانگەشەکانی بەڵگەنامەکە، نەک وای دابنێت کە فێڵە یان هەڵەیە مەگەر نووسەرەکە خۆی متمانە لەدەستبدات بەوەی دژی قسەکانی خۆی بنووسێت یان ڕاستییە ڕوونەکان بەهەڵە بگەیەنێت."[٢٠]

لویس گۆتسچالکی پرۆفیسۆری مێژوو لە زانکۆی شیکاگۆ، شێوازە مێژووییەکەی دەخاتە ڕوو لە ڕێبەرێکدا کە لەلایەن زۆرێکەوە بەکاردێت بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی.

گۆتسچالک دەست دەخاتە سەر ئەوەی کە تواناى نووسەر یان گەواهیدەرەکە بۆ گوتنی ڕاستییەکان یارمەتیدەرە بۆ مێژووناسان لە هەوڵەکانیاندا بۆ دەستنیشانکردنی باوەڕپێکراوێتیی. "تەنانەت ئەگەر بەدەست هاتبێت بە زەبر یان فێڵکردن، یان جێگەی گومان بێت، یان بەڵگەی هەڵبەستراو، یان لەلایەن گەواهیدەرێکی لایەنگرەوە بێت."[٢١]

ئەم تواناداریی گوتنی ڕاستییە پەیوەندییەکی نزیکی هەیە لەگەڵ هەردووک لە نزیکیی جوگرافی و کاتی شایەتحاڵەکە لەو پێشهاتە تۆمارکراوانە. تۆمارەکانی پەیمانی نوێ بۆ ژیان و فێرکردنەکانی عیسا، لەلایەن پیاوانێکەوە تۆمارکراون کە بە بینین خۆیان شایەتحاڵی بوون یان بەوریاییەوە شایەتی ئەو شایەتحاڵانەیان تۆمارکردووە کە خۆیان ئامادە بوون لە پێشهاتەکان و فێرکردنەکانی مەسیح. ئەم دەستپێکەی ئینجیلی لۆقا لەبەرچاو بگرە:

> ئەی ساوفیلۆسی پایەبەرز، زۆر کەس هەڵسان بە داڕشتنی چیرۆکی ئەو شتانەی لەلای ئێمە هاتنە دی، وەک ئەوەی لەلایەن ئەوانەوە پێمان گەیشت کە لە سەرەتاوە شایەتحاڵ و خزمەتکاری پەیامەکە بوون. لەدوای ئەوەی من لە سەرەتاوە پشکنینێکی وردم بۆ هەموو شتێک کرد، ئێستاش بە باشم زانی بە ڕیزبەندیی بۆت بنووسم، تاکوو لە ڕاستی ئەو قسانە دڵنیابیت کە فێرکراویت.

لۆقا شایەتحاڵی ئەو پێشهاتانە نەبووە کە تۆماریان دەکات، بەڵام ئینجیلەکەی بەو پێشەکییە کورتە دەستپێدەکات تاکوو خوێنەران لەو خەمخۆرییەی بۆ ڕاستی تێبگەن. لۆقا ئاماژە دەدات بە خوێنەرانی کە بەوریاییەوە لێکۆڵینەوەی کردووە بۆ ئەو پێشهاتانەی تۆماری کردوون و هەڵبەست ناگێڕێتەوە. لۆقا تاکە نووسەری پەرتووکی پیرۆز نییە خەمی وردیی گێڕانەوەکانی بێت. هەندێک تۆماری دیکە لەبەرچاو بگرە:

> کاتێک هاتنی عیسای مەسیحی خاوەنشکۆمان و هێزەکەیمان پێناساندن، ئێمە بەدوای کۆمەڵە ئەفسانەیەکی زیرەکانەی هەڵبەستراو نەکەوتبووین،

بەڵکوو شایەتحاڵی پایەبەرزییەتی ئەو بووین.
دووەم پەترۆس ١: ١٦

ئەوەی بینیومانە و بیستوومانە بە ئێوەی ڕادەگەیەنین، بۆ ئەوەی پێکەوە ژیانی هاوبەشمان هەبێت، پێکەوەژیانی ئێمەیش پەیوەستە لەگەڵ باوکی ئاسمانی و عیسای مەسیحی کوڕی.
یەکەم یۆحەنا ١: ٣

ئەو پیاوەی ئەمەی بینی شایەتی دا، شایەتییەکەشی ڕاستە. خۆی دەزانێت کە ڕاست دەڵێت، تاکوو ئێوە باوەڕ بهێنن.
یۆحەنا ١٩: ٣٥

دوای ئازارچێژتنی بە چەندین بەڵگە بەزیندوویی خۆی پیشاندان، لە ماوەی چل ڕۆژدا بۆیان دەرکەوت و سەبارەت بە شانشینی خودا بۆیان دوا.
کردار ١: ٣

بەڵام پەترۆس و یۆحەنا وەڵامیان دایەوە... بەڵام ئێمە ئەوەی بینیومانە و بیستوومانە ناتوانین باسی نەکەین.»
کردار ٤: ١٩-٢٠

وەک بینیمان، پەرتووکەکانی پەیمانی نوێ بەبەردەوامی ئەوە ڕادەگەیەنن کە لەلایەن شایەتحاڵەوە نووسرابێتن، بەڵام چۆن بتوانین متمانە بەم گوتانە بکەین؟ جەی وارنەر واڵس لێکۆڵەرێکی تاوانکاریی کەیسە ساردەکانە (واتە ئەو کەیسانەی کە کاتێکی بەسەردا تێپەڕیوە بەڵام هیشتا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و یەکلا نەبوونەتەوە) کە ئەتایست بووە تاکوو تەمەنی سی و پێنجساڵی. بەردەوام لە بەرنامە تەلەفزیۆنییە

**بۆچوونت چییە؟**
پاش خوێندنەوەی ئەم شایەتییانەی پەڕتووکی پیرۆز، چ وشەیەک یان دەربڕینێک وات لێ دەکات بەوریایی بیر لە بانگەشەکانیان بکەیتەوە؟ ئایا چ هەستێک لەم گوتانەدا ڕەنگ دەداتەوە؟

تاوانکارییەکان چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێت بەهۆی ئەو سەرکەوتنەی وەک لێکۆڵەر. پێشتر وای دانابوو کە گێڕانەوەکانی پەرتووکی پیرۆز ئەفسانەن تاکوو پەرتووکی کرداری خوێندەوە. واڵس شۆک بوو کە چەندە نێردراوان باس لە شایەتی شایەتحاڵەکان دەکەن بۆ بناغەی فێرکردن و وتارەکانیان. بڕیاری دا کە ڕێساکانی زانستی تاوانناسی (واتە جێبەجێکردنی بنەما زانستییەکان بۆ لێکۆڵینەوە) بەکاربهێنێت بۆ ئینجیلەکان و گەیشت بە چوار دەرئەنجامی سەرەکی. یەکەم، نووسەرانی ئینجیل ئامادەبوون لەو پێشهاتانەی تۆماریان کردوون. بەپێی واڵس، "شایەتییەکەیان بەشی ئەوە زوو دەردەکەوێت لە مێژوودا بۆ ئەوەی ئەوە دووپات بکاتەوە کە بەڕاستی ئامادە بوون لە بینینی ئەو شتانەی کە گوتوویانە بینیویانە."[٢٢] هەروەها بەبەکارهێنانی شیکردنەوەی تاوانناسی دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە شایەتییەکانیان ورد و ڕاستودروستە و پشتڕاست دەکرێنەوە و هیچ پاڵنەرێکی شاراوە نییە لە ئارادا لە ڕاگەیاندنەکەیان بۆ ڕزگارکەرێکی لەخاچدراو. تەنها ئەوە نەبوو کە لێکۆڵەر واڵس قایل بێت بەوەی نووسەرانی ئینجیل شایەتحاڵ بوون، بەڵکوو دواتر خۆیشی بوو بە شوێنکەوتەی مەسیح.

خاڵێکی دیکە هەیە کە هاوکارە بۆ دامەزراندنی متمانەپێکراوێتی شایەتی نێردراوان: تۆمارەکانی پەیمانی نوێ بۆ مەسیح لە ماوەی ژیانی هاوسەردەمەکانیدا ڕوویانداوە. ئەمە چ گرنگییەکی هەیە باس بکرێت؟ ئەم کەسانە کە ژیانیان لەگەڵ عیسادا یەکدەگرێتەوە و لە هەمان کاتدا ژیاون، هاوکات لەگەڵ بانگەشەکانی نووسەرانی ئینجیل، بێگومان دەتوانن ڕاستی ئەو تۆمارانە دووپات بکەنەوە یان نکۆڵی لێ بکەن. نێردراوان لە پاڵپشتیکردنی

**تۆمارەکانی پەیمانی نوێ بۆ مەسیح لە ماوەی ژیانی هاوسەردەمەکانیدا ڕوویانداوە. ئەم کەسانە کە ژیانیان لەگەڵ عیسادا یەکدەگرێتەوە و لە هەمان کاتدا ژیاون، هاوکات لەگەڵ بانگەشەکانی نووسەرانی ئینجیل، بێگومان دەتوانن ڕاستیی ئەو تۆمارانە دووپات بکەنەوە یان نکۆڵی لێ بکەن.**

کەیسەکەیان بۆ ئینجیل پەنایان بردووەتە بەر ئەو زانیارییە هاوبەشانەی (تەنانەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرسەختترین ڕکابەرەکانیاندا) لەسەر عیسا هەبوون. بەتەنها نەیانگوت، "تەماشا بکە، ئێمە ئەمەمان بینی" یان "ئەوەمان بیست"، بەڵکوو ڕوویان بەرز کردەوە و بەڕووی سەرسەختترین ڕەخنەگرەکانیان گوتیان، "ئێوەش دەربارەی ئەم شتانە دەزانن، بینیتان. خودی خۆتان دەیزانن." گوێ لەم ئاڵنگارییە بگرە لەم دەقەی داهاتوودا:

«پیاوانی ئیسرائیل، گوێ لەم قسانە بگرن: عیسای ناسیرەیی پیاوێکە بۆتان سەلمێنرا، بە پەرجوو و کاری مەزن و نیشانە لەلایەن خوداوە لایەنگری کراوە، کە خودا لە ڕێگەی ئەوەوە لەنێوتان ئەنجامی دا، وەک خۆتان دەزانن.»
کردار ٢: ٢٢

کاتێک پۆڵس بەم قسانە بەرگری لە خۆی دەکرد، فێستۆس هاواری کرد: «پۆڵس شێت بوویت! ئەوەندەت خوێندووەتەوە کە شێت بوویت.» پۆڵس گوتی: «فێستۆسی پایەبەرز، شێت نیم، بەڵام قسەی ڕاست و شیاو دەکەم. ئەم پاشایەی ئازادانە قسەی لەگەڵ دەکەم، ئەم شتانە دەزانێت، دڵنیام هیچ لەمانە لەلای شاراوە نییە، چونکە ئەم کارانە لە سووچێک نەکراون.»
کردار ٢٦: ٢٤-٢٦

مرۆڤ باشتر وریا بێت کاتێک بە بەرانبەرەکەی دەڵێت، "تۆش ئەمە دەزانیت"، چونکە ئەگەر ڕاستی و زانیارییەکی هاوبەش نەبێت ئاڵنگارییەکە سەرتاپا دادەڕمێت.

دەربارەی بەهای تۆماری ئەم سەرچاوە سەرەکییەی پەیمانی نوێ، ئێف ئێف بروس تێبینی دەکات،

تەنها شایەتحاڵە دۆستەکان نەبوون کە مزگێنیدەرەکانی سەرەتا پێویست بوو مامەڵەیان لەگەڵ بکەن؛ شایەتحاڵی دیکەی کەمتر دۆستانەش هەبوون کە

ئەوانیش ئاشنا بوون بە ڕاستییە سەرەکییەکانی خزمەت و مردنی عیسا. قوتابییەکانی مەسیح نەیاندەتوانی خۆیان بخەنە ژێر ڕیسکی وردنەبوونەوە لە گێڕانەوەکان (چ جای دەستکاریی بەمەبەستی ڕاستییەکان) کە ڕاستەوخۆ ئاشکرا دەکرا لەلایەن ئەو نەیارانەوە کە بەخۆشحاڵییەوە دەیانکرد. بەپێچەوانەوە، یەکێک لە خاڵە زۆر بەهێزەکانی مزگێنیدانی نێردراوان ئەو دڵنیاییەیە بە ڕاکێشانی گوێگرەکان بە زانیارییە هاوبەشەکانیەوە؛ بەتەنها نەیانگوت "ئێمە شایەتحاڵی ئەم شتانەین" بەڵکوو "وەک خۆتان دەزانن" (کردار ۲: ۲۲). ئەگەر هەر مەیلێک هەبووبێت بۆ لادان لە ڕاستی، ئامادەبوونی شایەتحاڵە نەیارەکان لە جەماوەرەکەدا وەک ڕاستکەرەوەیەک کاری دەکرد.[٢٣]

پێشهاتەکانی دەوری عیسا بەنهێنی ڕوویان نەداوە. ئەو لەناو خەڵکدا فێرکردنی کردووە. لەناو خەڵکدا پەرجووی ئەنجام داوە. لەناو خەڵکدا لە خاچ دراوە. هەروەها لە گۆڕی پیاوێکی ناوداردا نێژرا. ئەگەر ئەو بانگەشانەی دەربارەی ژیان و پێشهاتەکانی پەیوەندیدار بە عیساوەن ڕاستنەبووبێتن، شایەتحاڵە نەیارەکان دەستوبرد تۆمارەکەیان ڕاست دەکردەوە. سەرەڕای ئەوەش نێردراوان لە ئامادەیی نەیارانێکی لەو جۆرە پەیامەکەیان ڕاگەیاند. بەڕوونی و ڕەوانی، ئەمە ئەو باوەڕبەخۆبوونە ناوازەیە پیشان دەدات لە ڕاستی باوەڕەکانیان دەربارەی عیسا.

ئەمە تاکە هۆکارە کە پەروەردەکار و مێژووناسی ناسراو، دەیڤد هاکێت فیسچەر، شایەتیی شایەتحاڵە بەچاودیتووەکانی نێردراوان بە "باشترین بەڵگەی بەهێز" دابنێت.[٢٤]

ویڵ دورانتی مێژووناس لە بواری لێکۆڵینەوەی مێژوویی ڕاهێنانی پێکراوە و ژیانی لە شیکردنەوەی ئامارەکانی مێژووی دێرین بەسەر بردووە. ئەو بەباوەڕێکی نەریتی ناڕوانێتە ئینجیلەکان، بەڵام بەهۆی ئەو شێوازە مامەڵەیە وردە مێژووییەیەوە، ناچار بووە دان بەوەدا بنێت کە زۆرینەی ئینجیلەکان ڕاستیی مێژووییان گێڕاوەتەوە. دورانت دەنووسێت،

سەرەڕای پێشداوەریی و پێشگریمانە ئایینزانییەکانی مزگێنیدەرەکان، چەندین پێشهات تۆمار دەکەن کە ئەگەر کەسانێک ئەو چیرۆکەیان داهێنابێت دەیانشاردنەوە—پێشبڕکێی قوتابییەکان بۆ شوێنی بەرز لە شانشینەکە، هەڵهاتنەکەیان دوای دەستگیرکرنی عیسا، نکۆڵیلێکردنەکەی پەترۆس، نەتوانینی عیسا بۆ ئەوەی پەرجوو ئەنجام بدات لە جەلیل، گوتەی چەند کەسێک لە باسی ئەگەری شێتبوونی عیسا، دانپێدانانی بە نائاگایی لە داهاتوو، ساتی ئازار و تاڵی چەشتنی، گریانە بێهیواکەی لەسەر خاچەکە؛ هیچ کەسێک لە خوێندنەوەی ئەمانە ناتوانێت گومان بکات لە ڕاستی ئەو کەسایەتییەی لە پشتیانەوەیەتی. ئەوەی کە چەند پیاوێکی سادە و ساکار بتوانن لە یەک نەوەدا کەسایەتییەکی هێندە بەهێز و سەرنجڕاکێش دابهێنن، خاوەن باڵاترین ئەخلاق و بینینێکی ئیلهامبەخش بۆ ئاشتی و برایەتی مرۆڤایەتی، ئەنجامدانی ئەم کارە پەرجوویەک دەبێت کە زۆر گەورەترە لەوانەی لە ئینجیلەکان تۆمار کراون. دوای دوو سەدە لە ڕەخنەگرتنی باڵا، ژیان و کەسایەتی و فێرکردنەکانی مەسیح، بەڕوونی بەردەوامن لەوەی خاوەن سەرسووڕهێنەرترین کاریگەریی بن لە مێژووی ڕۆژئاوادا.[٢٥]

## تاقیکاریی بەڵگە دەرەکییەکان

سێیەمین تاقیکردنەوەی مێژووناسیی بەڵگە دەرەکییەکانە. گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا سەرچاوەکانی دیکەی مێژوو ئەم شایەتییانەی ناو پەرتووکی پیرۆز دووپات دەکەنەوە یان نکۆڵی لێ دەکەن. بە دەربڕینێکی دیکە، چ سەرچاوەیەک بەدەر لەو وێژەیەی لە ژێر شیکردنەوەیە (لێرەدا پەرتووکی پیرۆز) ڕاستودروستی و وردیی ڕەسەنایەتی ئەم بەڵگەنامانە دووپات دەکاتەوە؟

**سێیەمین تاقیکردنەوەی مێژووناسی بەڵگە دەرەکییەکانە. گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا سەرچاوەکانی دیکەی مێژوو ئەم شایەتییانەی ناو پەرتووکی پیرۆز دووپات دەکەنەوە یان نکۆڵی لێ دەکەن.**

ڕێگایەک بۆ پشتڕاستکردنەوەیەکی دەرەکییانەی پەرتووکی پیرۆز لە ڕێگەی نووسراوە مێژووییەکانی دیکەوەیە. وەک چۆن لێکۆڵەری پسپۆڕ لە هەڵسانەوەی مێژووییانەی عیسا، گاری

هامبەرماس لەو بەڵگانەی دەرەوەی پەرتووکی پیرۆزی کۆڵیوەتەوە بۆ عیسا. هامبەرماس دەڵێت "کاتێک ئەو بەڵگانەی لە سەرچاوەی دێرینی نامەسیحیین پوخت دەکرێنەوە، بڕێکی سەرسووڕهێنەر زانیاریی دەدرێت بەدەستەوە دەربارەی عیسا و مەسیحییەتی دێرین." زانیارییەکان بریتین لەوەی کە عیسا (١) لە فەڵەستین ژیا و خزمەتی کرد، (٢) باس کراوە لە پاکیزەیەک لەدایکبووە، (٣)برایەکی هەبوو بەناوی یاقوب، (٤) لە خێزانێکی هەژارەوە هاتووە، (٥) وەک پیاوێکی ژیر و فەزیلەتدار (چاک) ناسرابوو، (٦) قوتابی جوولەکە و ناجوولەکەشی هەبووە، (٧) وەک خودا پەرستراوە، (٨) پەرجووی ئەنجام داوە، (٩) پێشبینیگەلێکی ڕاگەیاندووە و هاتوونەتەدی، (١٠) ڕۆحی پیسی دەرکردووە، (١١) لەخاچ درا لەژێر دەسەڵاتی پیلاتۆس و زۆری تر.[٢٦] بەزانینی ئەوەی عیسا لە شوێنێکی نادیاری ئیمپراتۆریەتی ڕۆما ژیاوە، هیچ پۆستێکی سەربازیی حکومیی نەبووە، سەرسامکەرە چەند زانیاریمان هەیە لە سەرچاوەکانی دەرەوەی پەرتووکی پیرۆز دەربارەی عیسا. هەروەها زۆر زیاترمان هەیە کاتێک بەشەکانی دیکەی پەیمانی نوێ لەبەرچاو دەگرین، وەک ژیان و گەشتەکانی پۆڵس.

**بۆچوونت چییە؟**
**سەرەڕای هەبوونی بەڵگەی شوێنەوارناسییش ڕەخنەگران هەندێک جار دەڵێن نووسراوی پیرۆز ورد نییە. بۆچی پێت وایە کە بەو جۆرەیە؟ ئایا هیچ بەڵگەیەک هەیە کە نەتوانیت نکۆڵی لێ بکەیت؟**

شوێنەوارناسییش بەڵگەی بەهێزی دەرەکی دابین دەکات. جگە لە لایەنی سرووش و ئاشکراکردن، شوێنەوارناسی زۆر شت پێشکەش دەکات بە ڕەخنەی (لەڕوویەکی ئەرێنییەوە) پەرتووکی پیرۆز بە دابینکردنی بەڵگە دەربارەی وردیی پێشهاتە تۆمارکراوەکان. زۆر زانا و سەرچاوەی میدیایی پەرتووکی پیرۆز بە ئەفسانە یان پڕوپاگەندەیەک دادەنێن. هەندێک کات بە ناپەیوەندیدار دادەنرێت بۆ خوێندنی مێژوویی. 'بەڵام' شوێنەوارناس تیتۆس کێنەدی دەنووسێت، " کاتێک خەڵک تەماشای ئەوە دەکەن کە شوێنەوارناسەکان دۆزیویانەتەوە، چیرۆکێکی جیاواز دێتە ئاراوە کە ئەوە پیشان دەدات لەجیاتی هەڵبەستە و حەقایەت، پەرتووکی پیرۆز دەریدەخات کە بەوردیی تۆماری پێشهاتەکان دەپارێزێت لە نووسراوەکانی ناو پەڕەکانی. بەدیاریکراوی، سەدان دۆزراوەی شوێنەوارناسی لە ڕابردووی دوورەوە پێشهاتەکان، کەسەکان و شوێنەکانی پەرتووکی پیرۆزیان دەرخستووە کە مێژوویی بن."[٢٧] د. کێنەدی لە پەرتووکەکەیدا *'هەڵکەندنی پەرتووکی پیرۆز'* ١٠١

دۆزینەوەی شوێنەوارناسیی لیست دەکات لە پەرتووکی پەیدابوونەوە بۆ کردار—کە پەرتووکی پیرۆز ڕۆشن و پشتڕاست دەکەنەوە.

پێشتر بینیمان چۆن شوێنەوارناسیی وای کرد ویلیەم ڕامسی ڕای پێشتری بگۆڕدرێت سەبارەت بە مێژووییبوونی لۆقا. لە دەرئەنجامدا گەیشتە ئەوەی کە پەرتووکی کردار ورد و ڕاستودروست بوو لە باسکردنی جوگرافیا، مێژووی کۆن و کۆمەڵگەی ئەنادۆڵ.

ئێف ئێف بروس تێبینی ئەوە دەکات کە "لەکوێ گومانی وردنەبوون بە لۆقا برابێت و پاشان وردبوونەکەی ڕەوا کرابێت بە چەند بەڵگەیەکی دەرەکی، ڕەنگە دروست بێت کە ئیتر بڵێین شوێنەوارناسیی تۆمارەکانی پەیمانی نوێی پشتڕاست کردووەتەوە."[٢٨]

ڕەنگە ئێستا بێیت و بڵێیت "بەڵام جۆش، ئایا چیرۆکە دروستکراوەکانیش بە زەمینەیەکی ڕاستەقینەوە دروست ناکرێن؟ ئەگەر نووسەرانی پەیمانی نوێ بیانویستبایە چیرۆکەکەیان وەک ڕاستی بناسێنن ئەوا شتێکی ژیرانە دەبوو بیخەنە ناو وێنەیەک لە ڕاستییەوە وەرگیرابێت." ئەمە وەڵامدانەوەیەکی گونجاوە. بەڵام بۆ دوو هۆکار من قایل نیم بەو سیناریۆیە. یەکەم شت ئەوەیە کە نووسەرانی پەرتووکی پیرۆز تەکنەلۆژیای هاوچەرخیان نەبووە بۆ گەڕان بۆ کەسەکان، شوێنەکان و پێشهاتەکان. بەڵام هێشتا وا دەردەچێت کە ئینجیلنووسەکان زۆریان دەربارەی جوگرافیا، ئەو شوێنانەی عیسا خزمەتی لێ کردبوو، نەریتەکان و کلتووری ئەو سەردەمە زانیبێت. هەروەک لیدیا ماکگریو لە پەرتووکەکەیدا *شایەتی بۆ ڕاستی: بۆچی دەتوانیت متمانە بە ئینجیلەکان بکەیت*، دەست دەخاتە سەر ڕاستگۆیی شایەتی نێردراوان بۆ ئەو پێشهاتانەی باسی دەکەن.[٢٩]

دووەمین شت، بیرت بێت کە پەیمانی نوێ بەبەردەوامی بانگەشەی ئەوە دەکات ڕاستییەکان بگوازێتەوە. نەوەک ئەفسانەگێڕانەوە، نووسەرانی پەیمانی نوێ نێردراوان وەک شایەتحاڵ ڕادەگەیەنن (بڕوانە دووەم پەترۆس ١: ١٦). چونکە نووسەرانی پەیمانی نوێ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گرنگی بدەن بە ڕاستییەکان، لێکۆڵینەوەیەک بۆ ڕاستییەکان هاوکار دەبێت. بەم شێوەیە تاقیکردنەوەی دەرەکی دەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ تاقیکردنەوەی ئەوەی ئەگەر بانگەشە ناوەکییەکانیان ڕاست بێت. لە کەیسی پەیمانی نوێدا کەیسی دەرەکی بەهێزە.

**ئەگەر پەڕتووکی پیرۆز بە متمانەپێنەکراو دابنێین لەڕووی مێژووییەوە، ئەوا پێویستە هەموو وێژەی مێژووی دێرینیش بە متمانەپێنەکراو دابنێین.**

پاش ئەوە خودی خۆم هەوڵم دا مێژووییبوون و ڕاستودروستیی نووسراوی پیرۆز تێکبشکێنم، ناچارم بگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە لەڕووی مێژووییەوە جێی متمانەیە. ئەگەر پەرتووکی پیرۆز بە متمانەپێنەکراو دابنێین لەڕووی مێژووییەوە، ئەوا پێویستە هەموو وێژەی مێژووی دێرینیش بە متمانەپێنەکراو دابنێین. هیچ پەرتووکێکی دێرینی دیکە هێندە بەڵگەی نییە بۆ ئەوەی متمانەپێکراوێتی خۆی بسەلمێنێت. کێشەیەک کە بەردەوام ڕووبەڕووی دەبمەوە ئەو مەیلەیە بۆ بەکارهێنانی پێوەرێک بۆ تاقیکردنەوەی مێژووی نائایینیی (سیکۆلاریزم) و پێوەرێکی دیکە بۆ پەرتووکی پیرۆز. ئێمە پێویستە هەمان پێوەر پەیڕەو بکەین چ جای ئەو وێژەیەی لەژێر لێکۆڵینەوەدایە ئایینیی بێت یان نائایینیی. بەو پێیەی خۆم ئەمانەم کردووە، من قایلم کە پەرتووکی پیرۆز جێی متمانەیە و لەڕووی مێژووییەوە ڕاستودروستە لە شایەتییەکەی دەربارەی عیسا.

بەشی ٦

# کێ ئامادەیە لەپێناوی درۆیەکدا بمرێت؟

ئەوانەی ئاڵنگاریی مەسیحییەت دەکەن زۆر کات لایەنێک لە بەڵگەکان پشتگوێ دەخەن: گۆڕانێک لە نێردراوانی عیسادا. ئەو گۆڕانە مەزنەی ژیانی ئەم پیاوانە هۆکاری لۆجیکیمان پێدەدات بۆ متمانەکردن بە شایەتییەکانیان لەسەر عیسا.

لەبەر ئەوەی باوەڕی مەسیحیی مێژووییە، زانیارییەکانمان لەسەری پێویستە بەقورسی پشت بە شایەتی ببەستن، هەردووک لە نووسراو و زارەکی. بەبێ شایەتی وا، ئێمە هیچ پەنجەرەیەکمان نییە بۆ هیچ پێشهاتێکی مێژوویی، مەسیحیی بێت یان نا. ئەگەر پشتبەستن بە شایەتی وا، وا دەرکەوێت کە بناغەیەکی لەرزۆک بداتە مێژوو، ئەوکات پێویستە بپرسین بە چ ڕێگەیەکی دیکە بتوانین لە ڕابردووەوە فێرببین؟ چۆن بزانین ناپلیۆن ژیاوە؟ هیچکام لە ئێمە لەو سەردەمەدا نەژیاوە. ئێمە نە بینیومانە نە چاومان پێی کەوتووە. پێویستە پشت بە شایەتی ببەستین.

بەم جۆرە، زانیاریمان لەسەر مێژوو یەک گرفتی بۆماوەیی هەیە: ئایا دەتوانین متمانە بەوە بکەین کە شایەتییەکە جێی متمانەیە؟ چونکە زانیارییەکانمان لەسەر مەسیحییەت لەسەر ئەو شایەتیانە دامەزراوە کە لە ڕابردووی دوور دراون، پێویستە بپرسین ئەگەر متمانە بەو کەسانە دەکەین کە نووسیویانن. ئایا هۆکارمان هەیە باوەڕ بەوە بکەین ئەوان کەسایەتی و توانای ئەوەیان هەیە ئەوەی عیسا گوتویەتی و کردوویەتی بیگەیەنن؟ باوەڕم وایە دەتوانین.

یەکێک لەو هۆکارانەی متمانەم بە شایەتی نێردراوەکان هەیە ئەوەیە کە ئەوان ئامادەییان هەبوو لەپێناو ئەو باوەڕەیان کە عیسا لە مردن هەڵساوەتەوە، ئازار بچێژن و بمرن. ئەم پیاوانە مەبەستدارانە خۆیان خستە ڕێگای ئازار و زیانەوە، کە هەموو ئەو سووکایەتی، خستنەزیندان، لێدان و تەنانەت کوشتنیان لە پێناوی باوەڕەکەیان دەگرێتەوە. تەنها سێ بەشی سەرەتای پەرتووکی کردار بخوێنەوە!

کوڕەکەم شۆن، تێزی دکتۆراکەی لەسەر چارەنووسی نێردراوان کرد و شیکردنەوەیەکی ئەکادیمی بۆ بەڵگەکان کرد. چی دۆزییەوە؟ یەکەمین شت، نێردراوان ئامادەبوون بۆ باوەڕەکەیان بناڵێنن کە عیسا هەڵساوەتەوە. کۆنترین تۆمار هەمانبێت دەربارەی ئەوەی یەکەمین مەسیحییەکان باوەڕیان بە چی هەبووە، وەک پوختە کورتەکەی باوەڕی مەسیحیی لە یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣-٥، بەردەوام بەستراوەتەوە بە باوەڕ بە هەڵسانەوە. دووەمین، چەوساندنەوە هەبوو بەرانبەر کڵێسای سەرەتایی—یەکەم جار لەلایەن ڕابەرە ئایینییەکان پاشان لەلایەن ڕۆما. سێیەمین، بەڵگەی مێژوویی بەهێزمان هەیە کە بەلایەنی کەمەوە هەندێک لە دوازدە قوتابییەکە شەهیدبوون، هەروەها نێردراو پۆڵس و یاقوب، برای عیسا. چوارەم، هیچ بەڵگەیەک نییە کە هیچکامێکیان کشابێتنەوە.

زۆر گرنگە ئەوەمان لەبیر بمێنێت کە ئامادەیی نێردراوان بۆ ئازارچەشتن و مردن لەپێناو باوەڕەکەیاندا، ئەوە ناسەلمێنێت کە هەڵسانەوە یان مەسیحییەت ڕاست بێت. بەشێکە لە کەیسێکی گەشەکردوو کە هاوکارە لە دامەزراندنی ڕاستگۆیی نێردراوان. ئەمە پیشانی دەدات کە درۆزن نەبوون و باوەڕیان وا بووە کە عیسا بەڕاستی لەدوای مردنی بۆیان دەرکەوتووە.

ئەو بۆچوونەی هەندێک کات گوێبیستی دەبم بریتییە لە، "کەواتە ئەم پیاوانە ئامادەبوون لەپێناو درۆیەکدا بمرن. زۆر کەس ئەوەیان کردووە. کەواتە چی دەسەلمێنێت؟"

شەهیدی ئەم سەردەمە لەپێناو ئەوە شتەدا دەمرن کە بەڕاستی باوەڕیان وایە ڕاستە، بەڵام باوەڕەکەیان لەسەر شایەتییەک ڕەگی داکوتیوە کە لە خەڵکی دیکەوە بۆیان ماوەتەوە. بۆ نموونە ئەو تیرۆرستە موسڵمانانەی هێرشیان کردە سەر باڵەخانە دووانییەکە لە یازدەی سێپتەمبەری ٢٠٠١، هیچ پەرجوویەکیان نەبینیوە بەدەستی موحەممەد. لە ڕاستیدا زیاتر لە سێزدە سەدە دوای موحەممەد ژیاون. گومان نییە لەوەی موسڵمانە توندڕەوەکان ڕاستگۆیانە باوەڕیان هەیە، بەڵام تێگەیشتنەکانیان لە باوەڕێکدا ڕەگی داکوتیوە کە بە چەند سەدەیەک بۆیان گوازراوەتەوە. ئەوان ڕاستەوخۆ موحەممەدیان

نەدەناسی، لەخۆیەوە گوێبیستی فێرکردنەکانی بووبێتن یان شایەتی هیچ یەک لە پەرجووەکانی بووبێتن، وەک ڕۆیشتن بەسەر ئاو، چاکردنەوەی نابینا یان هەڵسانەوە لە مردن.

جیاوازییەکی مەزن هەیە لەنێوان مردنێکی مەبەستدارانە لەپێناوی بیروڕایەکی ئایینیی وەرگیراو لەوانی دیکەوە (وەک کەیسی تیرۆرستەکانی یازدەی سێپتەمبەر) و مردنێکی مەبەستدارانە بۆ ڕاگەیاندنی باوەڕێک لەسەر بنەمای شایەتییەکی بەچاودیتووی خودی کەسەکە (نێردراوان). مردنی نۆزدە تیرۆرستەکە هیچ پاڵپشتییەکی زیاتر بۆ باوەڕەکەیان بەدەست ناهێنێت لە قوربانیدانەکانی ئێمە بۆ باوەڕەکانمان. شەهیدبوونمان پیشانی دەدات کە ئێمە بەڕاستی باوەڕمان پێی هەبووە، بەڵام جیاواز لە نێردراوەکان، ئێمە شایەتی هەڵسانەوەکەی عیسا نەبووین.

با تەماشای چەند فاکتەرێک بکەین کە هاوکارمان دەبێت لە تێگەیشتن لەوەی بۆچی نەدەکرا نێردراوان ڕاستگۆیانە لە هەڵەدا بوونایە دەربارەی ئەوەی ڕایانگەیاند.

## ئەوان شایەتحاڵ بوون

وەک بینیمان، نێردراوان نووسییان و قوتابیانی دیکە وەک شایەتی بەچاودیتووی ڕاستەقینە گەواهییان داوە لەسەر ئەو پێشهاتانەی بینیویانن. ئەوان بابەتی دەستی دوویان نەگێڕاوەتەوە بەڵکوو دەربارەی ئەو شتانەی خۆیان بیستویانە و بینیویانە نووسیویانە. یۆحەنا دەڵێت کە خۆی "ئەو پیاوەی ئەمەی بینی شایەتی دا، شایەتییەکەشی ڕاستە" (یۆحەنا ١٩: ٣٥). ئەمە پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێت: بۆچی دەتوانین متمانە بە شایەتییەکانیان بکەین؟ یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە ئەوان لەگەڵ عیسادا بوون لە سەرەتای خزمەتەکەیەوە. لە کردار ١: ٢١-٢٢، لۆقا پێوەری هەڵبژاردنی جێگرەوەیەک بۆ یەهوزا دادەنێت: "کەواتە با یەکێک لەو پیاوانەی کە یاوەرمان بوون بە درێژایی ئەو ماوەیەی عیسای مەسیح لەنێوماندا دەژیا، هەر لە لەئاوهەڵکێشانەکەیەوە لەلایەن یەحیا هەتا ئەو ڕۆژەی بەرزکرایەوە، لەگەڵماندا ببێتە شایەتی هەڵسانەوەکەی.»" نێردراوان لە سەرەتاوە لەگەڵ عیسا بوون و شایەتحاڵی هەڵسانەوەکەی بوون.

ئەمە هەمان ئەو پەیامە بوو عیسا ڕاستەوخۆ بە نێردراوانی دا پێش دەستبەسەرکردنی: "ئێوەش شایەتی دەدەن، چونکە لە سەرەتاوە لەگەڵ منن." (یۆحەنا ١٥: ٢٧). بەپێی زانای پەیمانی نوێ ڕیچارد بوکهام وەک لە پەرتووکەکەیدا بەناوی عیسا و شایەتحاڵەکان، کڵێسای سەرەتا گرنگییەکی تایبەتیان دەدا بە شایەتی قوتابییەکان چونکە لەگەڵ عیسا بوون کاتی لەئاوهەڵکێشانی، کاتێک خزمەتەکەی دەستی پێکرد و بۆ دەرکەوتنی دوای هەڵسانەوەی.[1]

**بۆچوونت چییە؟**
**ئایا هیچ شتێک یان هیچ کەسێک هەیە ئامادە بیت بۆی بمریت؟ بۆچی هەستەکانت بەو شێوەیەن؟**

ئایا هیچ بەڵگەیەکی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی متمانە بە تۆمارەکانیان بکەین؟ بەڵێ، دەتوانین ببینین ئەگەر بانگەشە ناوەکییەکان (واتە ئەوانەی ناو پەرتووکی پیرۆز) بە بەڵگەی دەرەکی پاڵپشتی بکرێن. ئینجیلی یۆحەنا جەخت دەکاتەوە لە شوێنەکان و بەردەوام وردەکاریی لاوەکی دەدات بەدەستەوە. بۆ نموونە، یۆحەنا بەدروستی باسی ئەوە دەکات کە گەشتکردن لە شاری قاناوە، ئەو شوێنەی عیسا ئاوی گۆڕی بۆ مەی، بۆ دەریای جەلیل ڕۆیشتنی نشێوی تێدایە (بڕوانە یۆحەنا ٢: ١٢). لە ڕاستیدا دەریای جەلیل لەژێر ئاستی ڕووی دەریاوەیە. ئەمە زانیارییەکی پێویست نییە کە یۆحەنا بەسروشتی (و دروستی) لە گێڕانەوەکەیدا دایدەنێت.[2] بەڵام زیاتر هەیە. شوێنەوارناسان ناوچەیەکیان لە دەوروبەری قانا دۆزیوەتەوە کە کووپەی بەردینی لێ دروست دەکرا، ئەمەش یەک دەگرێتەوە لەگەڵ 'شەش کووپە بەردینەکە' کە لە یۆحەنا ٢: ٦ باس کراوە کە عیسا بەکاریان دەهێنێت بۆ پەرجووی شەرابەکە.[3]

**بۆچوونت چییە؟**
**ئایا پێشتر شایەتیت داوە بۆ هیچ شتێک؟ خەڵکەکە باوەڕیان پێ کردیت؟ چی وا دەکات شایەتحاڵێک متمانەپێکراو بێت؟**

ئەمە تەنها یەک نموونەی یۆحەنای نووسەرە کە وردەکارییە لاوەکییەکان بەدروستی دەگەیەنێت، بەڵام ئەو شێوازە ڕیزبوونانە دەردەخات کە لە هەر چوار ئینجیلەکە دەیانبینین. کۆنترین تۆمارەکانمان بەبەردەوامی نیشانی دەدەن کە نێردراوان عیسای هەڵساوەیان بینیوە، شایەتی خۆیان دا و ئەم شایەتییانە زۆر جار لە تۆمارە مێژووییەکان پشتڕاست کراونەتەوە. ئینجیلەکان ئەو وردەکاریانە دەدەن کە دەکرێت لە شایەتییەکی ڕاستودروستەوە چاوەڕێی بکەین.

هەروەک چۆن نێردراو پەترۆس گوتی، نێردراوان چیرۆکی سەرنجڕاکێشیان دانەهێناوە، بەڵکوو ئەوەی بەچاوی خۆیان بینیویانە ڕایانگەیاندووە (بڕوانە دووەم پەترۆس ١: ١٦).

## پێویست بوو قایل بوو‌بێتن

نێردراوان وایاندەزانی کاتێک عیسا مرد، ئیتر کۆتاییە. کاتێک دەستگیر کرا، ئەوان ڕایان کرد و خۆیان شاردەوە (بڕوانە مەرقۆس ١٤: ٥٠). سەرەتا کاتێک پێیان گوترا گۆڕەکە بەتاڵە، باوەڕیان نەکرد (بڕوانە لۆقا ٢٤: ١١). تەنها دوای بەڵگەگەلێکی فراوان و قایلکەر باوەڕیان کرد. تۆماس گوتی کە باوەڕ ناکات مەسیح هەڵسابێتەوە هەتاکوو خۆی دەست لەسەر برینەکانی مەسیح دانەنێت. تۆماس ئامادە بوو لەپێناو مەسیحدا بە هەرچی ئازار و نەهامەتیدا هەیە تێبپەڕێت، تەنانەت مردنیش. ئایا دەکرێت بڵێین ئەو هەڵخەڵەتێندرابوو؟ بێگومان نەخێر.

**بۆچوونت چییە؟**
**لە زۆرینەی کاتەکاندا خوشک و براکانی عیسا دڵخۆش نەبوون بەوەی ئەو دەیکرد و دەیگوت. زۆرینەی کات ئەندامانی خێزان بەرگریکارترینن بەرانبەر گۆڕانێک لە ئەندامێکی خێزانەکە. پێتوایە بۆچی ئاوایە؟**

پەترۆس بۆ چەندین جار نکۆڵی لە مەسیح کرد لە ماوەی حوکمدانەکەی و لەکۆتاییدا جێی هێشت. بەڵام شتێک ڕێگەی بەم ترسنۆکە گۆڕی. پاش ماوەیەکی کەم لە لەخاچدان و ناشتنی مەسیح، پەترۆس لە ئۆرشەلیم دەرکەوت و بوێرانە مزگێنی دەدا لەژێر هەڕەشەی مردن کە عیسا مەسیحەکە بوو و هەڵساوەتەوە. لەکۆتاییشدا پەترۆس شەهید بوو. چ شتێک دەیتوانی هاوڕێیەکی ترسنۆکی نیوەی ڕێگا بگۆڕێت بۆ شێرێکی بوێر لەپێناو عیسادا؟ بۆچی وا لەپڕدا پەترۆس ئامادە بوو بۆی بمرێت؟ ئایا نێردراوەکە هەڵخەڵەتێندرابوو؟ ئەستەمە. پێموایە کە هۆکارەکەی دوو شتە. یەکەم، پەترۆس و نێردراوان لە ڕۆحی پیرۆز سەرڕێژ بووبوون. دووەم، لە یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٥ دەیخوێنینەوە کە دوای ئەوەی عیسا هەڵسایەوە، لەلایەن عیساوە بینرا. پەترۆس شایەتحاڵی هەڵسانەوەی خودا بوو و باوەڕی کرد-بەڕادەیەک ئامادە بوو بۆ باوەڕەکەی بمرێت. دەیزانی عیسا بەسەر گۆڕدا زاڵ بووە و ئەویش بەهەمان شێوە دەبێت.

نموونەی باوی یەکێک کە پێچەوانەی ویستی خۆی قایل بووە یاقوبە، برای عیسا. هەرچەندە یاقوب یەکێک نەبووە لە دوازدەکە (بڕوانە مەتا ١٠: ٢-٤)، بووە سەرگەورەی کڵێسا لە ئۆرشەلیم و دواتر وەک نێردراوێک ناسێنرا (بڕوانە گەلاتیا ١: ١٩)، لەگەڵ پۆڵس و بەرناباس (بڕوانە کردار ١٤: ١٤). کاتێک عیسا گەشەی دەکرد و تەشەنەی دەسەند لە خزمەتەکەیدا، یاقوب باوەڕی نەدەکرد براکەی کوڕەکەی خودا بێت (بڕوانە یۆحەنا ٧: ٥). گومان نییە لەوەی یاقوب لەگەڵ براکانی بەشدار بووبێت لە سووکایەتیکردن بە عیسا، ڕەنگە گوتبێتی "بۆ ناچیتە ئۆرشەلیم و بەم پەرجووانەتەوە شانۆیەک بکەیت؟" دەبێت یاقوب هەستی بە شەرمەزاریی کردبێت کە براکەی شورەیی و گاڵتەجاڕیی هێناوەتە سەر ناوی خێزانەکە بە بانگەشە شێتانەکانی. "منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوک لە ڕێگەی منەوە نەبێت" (یۆحەنا ١٤: ٦)؛ "«منم مێوەکە و ئێوەش لقەکانن. ئەوەی بە منەوە پەیوەست بێت و منیش بەوەوە، ئەوا بەرهەمی زۆر دەگرێت، چونکە بەبێ من ناتوانن هیچ شتێک بکەن" (یۆحەنا ١٥: ٥)؛ "منم شوانە دڵسۆزەکە. مەڕی خۆم دەناسم و ئەوانیش من دەناسن،" (یۆحەنا ١٠: ١٤). ئایا تۆ بیرت لە چی دەکردەوە ئەگەر براکەت بگەڕایە و شتی ئاوای بگوتایە؟

بەڵام شتێک بەسەر یاقوبدا هات. دوای ئەوەی عیسا لەخاچدرا و نێژرا، یاقوب لە ئۆرشەلیم مزگێنی دەدا. پەیامەکەی ئەوە بوو کە عیسا بۆ گوناهەکانمان مرد و هەڵسایەوە و زیندووە. لەکۆتاییدا یاقوب بوو بە یەکێک لە ڕابەرانی کڵێسای ئۆرشەلیم و بە فەرمانی حەنانیا، کاهینی باڵا.[٤] ئایا دەبێت چ شتێک یاقوبی لە پیاوێکی شەرمەزارەوە گۆڕیبێت بۆ پیاوێک کە ئامادە بێت لەپێناو خودابوونی براکەی بمرێت؟ ئایا یاقوب هەڵخەڵەتێندرابوو؟ لەوە ناچێت. ژیرانەترین ڕوونکردنەوە ئەوەیە کە لە یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٧: "دوای ئەوە (دوای هەڵسانەوە) بۆ یاقوب دەرکەوت، ئینجا بۆ هەموو نێردراوان،" یاقوب مەسیحی هەڵساوەی بینی و باوەڕی هێنا.

**ئایا دەبێت چ شتێک یاقوبی لە پیاوێکی شەرمەزار گۆڕیبێت بۆ پیاوێک کە ئامادە بێت لەپێناو خودابوونی براکەی بمرێت؟ یاقوب مەسیحی هەڵساوەی بینی و باوەڕی هێنا.**

پرۆفیسۆری فەلسەفە لە زانکۆی تالبۆت بۆ ئایینزانیی، جەی پەی مۆرلاند تایبەتمەندیی ئەو فاکتەرەی کە یاقوبی برای عیسا لە کۆتاییدا باوەڕی هێنا بە عیسا وەک مەسیحەکە ڕوون دەکاتەوە:

ئینجیلەکان پێمان دەڵێن خێزانی عیسا بە یاقوبیشەوە، شەرمەزار بوون بەوەی بانگەشەی بۆ دەکرد. باوەڕیان پێی نەبوو؛ بەرانبەری وەستانەوە. لە ئایینی جوولەکەی کۆندا زۆر شەرمەزارکەر بوو کە ڕابییەک لەلایەن خێزانەکەیەوە قەبووڵ نەکرێت. لەبەر ئەوە، نووسەرانی ئینجیل هیچ پاڵنەرێکیان نابێت بۆ ئەوەی ئەم گومانگەراییە بخەنە چیرۆکەکەوە مەگەر ڕاستی بێت. دواتر مێژوونووس یۆسیفۆس باسی یاقوبمان بۆ دەکات، برای عیسا، کە ڕابەری کڵێسای ئۆرشەلیم بوو، بەردباران کرا بەهۆی باوەڕەکەی بە براکەی. بۆچی ژیانی یاقوب گۆڕا؟ پۆڵس پێمان دەڵێت: چونکە مەسیحی هەڵساوە بۆی دەرکەوت. هیچ ڕوونکردنەوەیەکی دیکە نییە.[٥]

ئەگەر هەڵسانەوە درۆ بووایە، ئەوا نێردراوان دەیانزانی. ئایا درۆیەکی چەواشەکاریی گەورەیان دادەهێنا؟ ئەگەرێکی لەو شێوەیە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی دەیزانین لەو ئەخلاقە باڵایەی لە ژیانیاندا هەیانبووە. ئەوان خۆیان سەرکۆنەی درۆکردن و جەختیان لە ڕاستی کردووەتەوە. هانی خەڵکیان دەدا ڕاستییەکان بزانن. مێژوونووس ئێدوارد گیبۆن لە کارە ناودارەکەی بەناوی *مێژووی داکشان و کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما*، باس لە "ڕەوشتە بەرز و بەهێزەکەی یەکەمین مەسیحییەکان دەکات" وەک یەکێک لە پێنج هۆکارەکەی سەرکەوتنە خێراکەی مەسیحییەت.[٦] مایکڵ گرین کە لێکۆڵەرێکی پێشکەوتووە لە وایکلیف لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لەگەڵمدا، تێبینی ئەوە دەکات کە هەڵسانەوەکە

شوێنکەوتە دڵشکاوەکانی ڕابییە لەخاچدراوەکەیانی کردە شایەتحاڵی ئازا و شەهیدی کڵێسای زوو. ئەمە ئەو تاکە باوەڕە بوو شوێنکەوتووانی عیسای لە جوولەکەکان جیا کردەوە و بوونە کۆمەڵەی هەڵسانەوەکە. دەتتوانی بیانخەیتە کونجی بەندیخانەوە، ئەشکەنجەیان بدەیت، بیانکوژیت، بەڵام نەتدەتوانی نکۆڵییان پێ بکەیت لەوەی کە لە سێیەم ڕۆژدا ئەو هەڵسایەوە.[٧]

با یەک بەرهەڵستی لەبەرچاو بگرین: ئەگەر شایەتیی نێردراوان بۆ هەڵسانەوە درۆ بووبێت، ئایا ئەو کاتە پێشبینیمان لێ نەدەکردن کە درۆ بکەن دەربارەی ئەوەی لە سەرەتاکانەوە باوەڕیان پێی نەبووبێت؟ ئەم بەرهەڵستییە ڕەنگە ڕاست دەربکەوێت، بەڵام هێشتا ئەوە ڕوون ناکاتەوە چۆن نێردراوان قایل بوون باوەڕیان وا بێت تاوانبارێکی لەخاچدراو ڕزگارکەریان بێت. لەخاچدان پیسترین و ئابڕووبەرتین مردنە هەبێت. مردنێکی شەرمەزارکەرانە بوو، کە ئەمەش پرسیارێک دەوروژێنێت: بۆچی نێردراوان ئەم چیرۆکە سەبارەت بە عیسا دابهێنن؟ بۆچی مردنێکی شکۆمەندانەی پێنەدەین؟ واتادارترە و بەجێترە کە باوەڕ بە وشەکانیان بکەین وەک لەم گریمانەیە. ئەوان شایەتحاڵی عیسای هەڵساوە بوون. ئەمە ئەوانی قایل کرد.

## بوونە چاونەترس

هەڵوێستی بوێرانەی نێردراوان دوای ئەوەی قایل بوون بە هەڵسانەوەکە وا دەکات زۆر ئەستەم بێت کە هەمووی فێڵ بووبێت. ئەوان لە شەو و ڕۆژێکدا بوونە چاونەترس. دوای هەڵسانەوەکە پەترۆس—کە نکۆڵی لە عیسا کردبوو—تەنانەت لەژێر هەڕەشەی مردن هەستا و ڕایگەیاند کە عیسا زیندووە. دەسەڵاتدارەکان مەسیحییەکانیان دەستگیر دەکرد و ئەشکەنجەیان دەدان، کەچی ئەوان هەر زوو دەگەڕانەوە سەر شەقامەکان و باسی عیسایان دەکرد (بڕوانە کردار ٥: ٤٠-٤٢). هاوڕێ و دوژمنەکانیان تێبینیی ئەو دڵشادی و چاونەترسیەیانیان کرد. بیرت بێت کە نێردراوان بوێرییەکەیان سنووردار نەکرد بۆ شارۆچکە چەپەکەکان (دوورەڕێ). ئەوان لە ئۆرشەلیم مزگێنییان دا، ڕێک لەو شارە کە عیسا تێیدا لەخاچ درا.

**شوێنکەوتووانی عیسا پێنەدەچوو تووشی چەوسانەوە و مردن ببوونایە مەگەر باوەڕیان بە مزگێنییەکە کردبا. ئامادەیی هەموو قوتابییەکان بۆ ڕاگەیاندنی هەڵسانەوەکە لەناو هەموو ئەو هەڕەشە و لێدان و زیندانیکردنە سەرسووڕهێنەرە.**

شوێنکەوتووانی عیسا پێنەدەچوو تووشی چەوسانەوە و مردن ببوونایە مەگەر باوەڕیان بە مزگێنیەکە کردبا. ئامادەیی هەموو قوتابییەکان بۆ ڕاگەیاندنی هەڵسانەوەکە لەناو هەموو ئەو هەڕەشە و لێدان و زیندانیکردنە سەرسووڕهێنەرە. ئەگەر ئەوان چەواشەکار بوونایە، سەخت دەبوو

ڕوونبکرێتەوە بۆچی تەنانەت یەک کەسیشیان وازی لە باوەڕەکەی نەهێنا بۆ ژیانێکی ئاسوودەتر.

فەیلەسووفی فەڕەنسی بلەیس پاسکال دەنووسێت،

بانگەشەی تاوانکاریی ئەوەی نێردراوان خەڵکیان فریودابێت زۆر پووچە. با بەدوای لێکدانەوەی لۆجیکیی ئەم تاواندانەپاڵە بڕۆین. با وێنای ئەم دوازدە پیاوە بکەین، دوای مردنی مەسیح کۆدەبنەوە و پلان دەگێڕن تاکوو بڵێن ئەو هەڵساوەتەوە. ئەمە دەبووە هۆی هێرشێک لەسەر دەسەڵاتە سڤیل و ئایینییەکە. دڵی مرۆڤ بەشێوەیەکی سەیر مەیلی بۆ گۆڕان و ناجێگیریی هەیە؛ بە بەڵێنگەلێک لا دەچێت، بە سامان بەلاڕێدا دەبرێت. ئەگەر تەنها یەکێک لەو پیاوانە کەمێک شل بووایە بۆ ئەو سازش و ئەشکەنجەدان و زیندانیکردنانە و خۆی بەدەستەوە بدایە، ئەوا پیلانگێڕییەکەیان شکستی دەهێنا.[٨]

لە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکەی لەسەر نێردراوان، کوڕەکەم (شۆن) گرنگیی ئازارچەشتنەکەیان پوخت دەکاتەوە:

نێردراوان عیسای هەڵساوەیان بۆ جەماوەرێکی نەیار و گومانگەرا ڕاگەیاند بە تێگەیشتنی تەواوەوە لەوەی ئەگەری زۆرە بچەوسێنرێنەوە و بمرن بۆ باوەڕەکانیان. گشت نێردراوان چەوسێنرانەوە و ئامادەی مردن بوون، هەروەها هۆکاری باشمان هەیە بۆ ئەوەی باوەڕ بەوە بکەین کە هەندێکیان بەڕاستیی ڕووبەڕووی لەسێدارەدان بوونەوە. هیچ بەڵگەیەک نییە ئەوان پەشیمان بووبێتنەوە. باوەڕەکەیان لەسەر بنەمای شایەتییەکی دەستی دووەم دانەمەزرابوو بەڵکوو ئەزموونی کەسی لەگەڵ عیسای هەڵساوە، کە باوەڕی تەواویان هەبوو مەسیحی هەڵساوە بێت و ژیانیان لەسەر دانا. سەختە بیر لە هیچ شتێکی زیاتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێکی دێرین بیانکردبایە بۆ ئەوەی قووڵیی، ڕاستگۆیی و پابەندبوونیان بە ڕاستییەکە بسەلمێنن.[٩]

نووسەرێک وەسفکەرانە باسی ئەو گۆڕانە دەکات کە بەسەر ژیانی نێردراواندا هات:

لە ڕۆژی لەخاچدانەکە ئەوان پڕ لە خەم بوون؛ لە یەکەم ڕۆژی هەفتە پڕ لە شادی. لە لەخاچدانەکەدا بێهیوا بوون؛ لە یەکەم ڕۆژی هەفتە دڵیان دەگەشایەوە بە هیوا و دڵنیایی. کاتێک بۆ یەکەم جار پەیامی هەڵسانەوەکە هات، گوماندار بوون و ئەستەم بوو قایل ببن، بەڵام کاتێک دڵنیا بوونەوە هەرگیز جارێکی دیکە گومانیان نەکرد. دەبێت چ شتێک هۆکار بێت بۆ ئەم گۆڕانە سەرسووڕهێنەرە لە ماوەیەکی وا کورتدا؟ تەنها نەمانی لاشەکە لە گۆڕەکەدا هەرگیز ناکرێت ڕۆح و هەڵوێستیانی گۆڕیبێت. سێ ڕۆژ هەرگیز بەش ناکات بۆ ئەوەی ئەفسانەیەک سەر هەڵبدات و هێندە کاریگەرییان لەسەر دابنێت. بۆ پڕۆسەی درووستبوونی ئەفسانە پێویست بە کات دەکات. ئەمە ڕاستییەکی دەروونییە کە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی تەواو هەیە. بیر لە کەسایەتی شایەتحاڵەکان بکەرەوە، ژنان و پیاوانێک کە باڵاترین وانە ئەخلاقییەکانیان بە جیهان داوە، کە هەروەها تەنانەت بە شایەتی دوژمنەکانیشیان، ئەوانەیان لە ژیانیاندا جێبەجێ کردووە. بۆ ساتێک وێنای ئەوە بکە چەند پووچ و بێواتایە ئەگەر بڵێین کۆمەڵە کەسێکی ترسنۆکی بەزێنراو، ڕۆژێک خۆیان بخزێننە ژوورێکەوە و پاش ماوەیەکی کەم بگۆڕدرێن بۆ کۆمەڵەیەک کە هیچ چەوسانەوەیەک نەتوانێت بێدەنگیان بکات—پاشان هەوڵ بدەین کارتێکەری ئەم گۆڕانە مەزنە لە ژیانیاندا بدەینە پاڵ چەواشەکاریەک لەلایەن خۆیانەوە. بێگومان ئەمە هیچ لۆجیکێکی تێدا نییە.[١٠]

مێژوونووسی کڵێسا کێنێز سکۆت لاتورێت دەنووسێت،

کاریگەرییەکانی هەڵسانەوە و هاتنی ڕۆحی پیرۆز بۆ سەر قوتابییەکانی گرنگییەکی سەرەکی هەیە. لە کەسانێکی بێئومێدەوە کە بەداخەوە تەماشای

ڕابردوویان دەکرد بۆ ئەو ڕۆژانەی هیوایان بە عیسا بوو ئەو کەسە بێت کە "ئیسرائیل دەکڕێتەوە"، گۆڕان بە کۆمەڵە شایەتحاڵێکی بەجۆش.[١١]

ئێن تی رایت، پرۆفیسۆری پێشووتری پەیمانی نوێ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە ئینگلتەرا ڕوونی دەکاتەوە کە "دوور و نزیک باشترین ڕوونکردنەوە بۆ ئەو گۆڕانە مەسیحییە سەرەتاییە لە باوەڕی جوولەکە سەبارەت بە هەڵسانەوەکە ئەوەیە کە دوو شت ڕوویاندا، یەکەم گۆڕەکەی عیسا بەتاڵ بوو. دووەم، چەند کەسێک و تیایاندا کە بەلایەنی کەمەوە یەکێک یان زیاتر شوێنکەوتەی عیسا نەبووە، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ئەویان بینیوە بەزیندوویی."[١٢]

بۆچوونت چییە؟
ئایا ئەو کەسانە بەرز ڕادەگریت کە ئامادەن بمرن یان مردوون بۆ مەبەستێک؟ چی ڕاتدەکێشێت بۆ ئەوان؟ چ شتێک لەواندا تۆ دەترسێنێت؟ ئایا هیچ هەیە لەوانەوە فێری ببیت؟

خۆڕاگری نێردراوان تەنانەت لەژێر هەڕەشەی مردن ناتواندرێت بە ئاسانی ڕوون بکرێتەوە. دوو لە گرنگترین نێردراوان بریتین لە پەترۆس و پۆڵس. نووسەری یەکەم کلێمێنت کە نامەیەکە لە ڕۆماوە بۆ کۆرنسۆس لە ساڵی ٩٥ز. دووپاتی دەکاتەوە کە هەردووک لە پۆڵس و پەترۆس هەتا ڕادەی مردن چەوسێندراونەتەوە (بڕوانە یەکەم کلێمێنت ٥: ١-٧). بە خوێنی خۆیان شایەتیەکەیان بۆ مەسیح مۆر کرد.

سایمۆن گرینلیف پرۆفیسۆری یاسا لە هارڤارد، پیاوێک کە بۆ چەندین ساڵ وانەی لەسەر ئەوە گوتووەتەوە چۆن دیاری بکەیت ئەگەر شایەتحاڵێک درۆ دەکات، دەڵێت، "ساڵنامەکانی جەنگە سەربازییەکان بەدەگمەن نموونەی پاڵەوانی بەردەوام و ئارامگر و ئازایانەی نەبەرد دەدات. ئەوان هەموو پاڵنەرێکیان هەبوو بۆ ئەوەی بە باوەڕەکەیاندا و هەموو بەڵگەکانی ئەو فاکتەر و ڕاستییانە کە لێی دڵنیا بوون بچنەوە."[١٣]

گومانێکی مێژوویی کەم هەیە مەسیحییەت لە ئۆرشەلیم لە ماوەی چەند هەفتەیەک لە مردنی عیسا دەستی پێکردبێت، هەروەها لە ئامادەیی شایەتحاڵانی نەیار. ئەمە گرنگە چونکە وەک فەیلەسووف ویلیەم لەین کرەیگ تێبینی کردووە، "شوێنی گۆڕەکەی عیسا لەلایەن مەسیحییەکان و جوولەکەکان وەک یەک ناسرابوو. کەواتە ئەگەر بەتاڵ نەبووایە

مەحاڵ دەبوو جووڵانەوەیەک لەسەر باوەڕی هەڵسانەوە دامەزرێت لە هەمان شاردا کە ئەو پیاوە تێیدا لەسێدارە درا و نێژرا."[١٤]

نێردراوان ئامادە بوون بمرن لەپێناو ڕاستی ئەوەی ڕایاندەگەیاند. باوەڕم وایە کە دەتوانم متمانە بە شایەتییەکەیان بکەم، زیاتر لە زۆر کەس کە ئەمڕۆ چاوم پێیان دەکەوێت کە ئامادە نین ئازار بچێژن لەپێناو ئەوەی باوەڕیان پێی هەیە چ جای ئامادەی ئەوە بن بمرن.

بەشی ٧

# مەسیحێکی مردوو چ کەڵکێکی هەیە؟

کەسانێکی زۆر بۆ ئەو شتانە ژیانیان دانا کە باوەڕیان پێی بووە.

لە ساڵانی ١٩٦٠ەکاندا چەندین بووزی خۆیان تا مردن سووتاند بۆ ئەوەی سەرنجی جیهان ڕابکێشن بۆ ئەو نادادییەی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا دەکرا. لە ساڵانی حەفتاکانا قوتابییەکی سان دییێگۆ خۆی تا مردن سووتاند لە بەرانبەر جەنگی ڤێتنام و ئەمریکا. لە یازدەی سێپتەمبەری ٢٠٠١، چەند موسڵمانێکی توندڕەو دەستیان بەسەر فڕۆکەیەکدا گرت و کێشایان بە باڵەخانەکانی ناوەندی بازرگانی جیهانیی و لەدەرئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی پێنتاگۆن بڕیار دەربکات لە بەرانبەر نەتەوەیەک کە وایان دانابوو دوژمنی ئایینەکەیانن.

نێردراوان وا بیریان دەکردەوە هۆکارێکی باشیان هەیە کە خۆیانی بۆ بەخت بکەن، بەڵام ئەوان پەشۆکاو و هیوابڕاو بوون کاتێک خودی هۆکارەکە لەسەر خاچ مرد. باوەڕیان بەوە بوو کە عیسا مەسیحەکەیە. بیریان لەوە نەدەکردەوە کە دەکرێت بمرێت. باوەڕیان وا بوو کە عیسا ئەو کەسە بێت کە شانشینی خودا دادەمەزرێنێت و حوکمڕانیی بەسەر خەڵکی ئیسرائیلدا دەکات. مردنەکەی هیواکانیانی پارچەپارچە کرد (بڕوانە لۆقا ٢٤: ٢١).

بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێردراوان لەگەڵ مەسیح و ئەوەی بۆچی نەیاندەتوانی لە خاچەکە تێبگەن، پێویستە لەو بیرکردنەوە نەتەوەییە حاڵی ببیت کە خەڵک لەسەر مەسیح هەیانبوو لە کاتی عیسادا. ژیان و فێرکردنەکانی لە ناکۆکییەکی گەورەدا بوون

لەگەڵ تێگەیشتنی جوولەکە بۆ مەسیحەکە لەو ڕۆژەدا. هەر لە منداڵییەوە جوولەکەیەک فێردەکرا کاتێک مەسیحەکە دێت، دەبێتە ڕابەرێکی سیاسیی سەرکەوتوو. جوولەکەکان لە دیلیی ڕۆما ڕزگار دەکات و ئیسرائیل دەگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دروستی خۆی وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ کە وەک مەشخەڵێک دەگەشێتەوە بۆ هەموو جیهان. مەسیحێک کە ئازار بچێژێت "بەتەواویی نامۆ بوو بۆ تێگەیشتنی جوولەکە لە مەسیح."[1]

بۆچوونت چییە؟
ئایا ئاکارەکانی عیسا چۆن جیاوازە لەوەی خەڵک لە مەسیحێک چاوەڕێیان دەکرد؟

پرۆفیسۆری خوێندنی ئایینزانیی پەرتووکی پیرۆز لە زانکۆی ئایینزانیی یونیەن، ڕوونکردنەوە دەدات لەسەر ئەو کەشی چاوەڕوانییە لە کاتی مەسیحدا:

سەردەمەکە پڕبوو لە جۆشوخرۆش. ڕابەرانی ئایینیی بە ئەستەمیان دەزانی دەست بگرن بەسەر دڵگەرمیی خەڵکدا، کە لە هەموو جێیەک چاوەڕوان بوون بۆ دەرکەوتنی ڕزگارکەرە بەڵێندراوەکە. بێگومان ئەم باری چاوەڕوانییە بە پێشهاتە دواییەکان تۆختر بوویەوە.

بۆ زیاتر لە نەوەیەک لەوەوپێش، ڕۆمانییەکان دەستدرێژییان دەکردە سەر ئازادیی جوولەکە و ڕادەی چەوساندنەوەکان ڕۆحی ژیانی نەتەوەپەرستیی توندتر کرد. خەونی ڕزگارکەرێکی پەرجووئاسا و مەسیحێکی پاشا کە کاریگەریی هەبێت، واتایەکی نوێی دەبەخشی بەو کاتە هەستیارە؛ بەڵام خۆی لە خۆیدا هیچی نوێ نەبوو. ئینجیلەکان سەردەمێک لە چاوەڕوانیی زیاتر و زیاتر ئاشکرا دەکات لەنێو خەڵکدا.

بۆ زۆرێک، مەسیحەکە وەک کوڕی داود دەبینرا کە سەرکەوتن و حەسانەوە دەهێنێت بۆ گەلی جوولەکە، بەڕادەیەکی زۆر وەکوو تێگەیشتنی ئیشایا و کەسانی سەردەمەکەی. لە ڕۆشنایی سەرچاوەکانی ئینجیلدا بەڕوونیی دەبینین کە تێگەیشتنی باو بۆ مەسیحەکە بەزۆری نەتەوەیی و سیاسی بوو.[2]

زانای جوولەکە جۆسێف کلاوسنەر دەنووسێت، "مەسیحەکە زیاتر و زیاتر نەک تەنها دەبووە حکومڕانێکی سیاسی پێشەنگ بەڵکوو پیاوێکی پێشەنگیش لە ڕەوشتدا."[٣]

جەیکۆب گارتێنهاوس، دامەزرێنەری ئەنجوومەنی نێودەوڵەتیی ئەرکی جوولەکە، باس لەو باوەڕە زاڵەی جوولەکە دەکات لە کاتی مەسیحدا: "جوولەکەکان چاوەڕێی ئەو مەسیحەیان دەکرد وەک ئەو کەسەی لە چەوسانەوەی دەست ڕۆمانییەکان ڕزگاریان دەکات... بەسادەیی هیوا بە مەسیحەکە بۆ ئازادبوونێکی نەتەوەیی بوو."[٤]

ئینسایکلۆپیدیای جوولەکە دەیخاتە ڕوو کە جوولەکەکان "تامەزرۆ بوون بۆ ڕزگارکەرە بەڵێندراوەکەی بنەماڵەی داود، کە لە نیری داگیرکەری بێگانە ئازادیان دەکات، کۆتاییەک دادەنێت بۆ حکومڕانیی ڕۆمانیی داگیرکەر و حکومڕانیی ئاشتیی دادوەریی خۆی لە شوێنی خۆی دادەمەزرێنێت."[٥]

لەو کاتەدا جوولەکەکان پەنایان دەبردە بەر مەسیحە بەڵێندراوەکە. نێردراوان هەمان باوەڕی خەڵکەکەی دەوریان هەبوو، بۆیە بە هیچ جۆرێک شادمان نەبوون بە پێشبینیی لەخاچدانی ڕزگارکەرەکە (بڕوانە لۆقا ٩: ٢٢). وەک پرۆفیسۆری سکۆتلەندی پەیمانی نوێ ئەی بی بروس دەیبینێت، "وا دیارە کە جۆرە هیوایەک لە نێردراواندا هەبووبێت کە ئەو گوتانەی عیسا دەیگوتن بەجۆرێک وەریان دەگرت وەک ئەوەی کە چاوەڕێ بووبێتن مەبەستێکی دیکەی هەبووبێت... مەسیحێکی لەخاچدراو ئابڕووچوونێک و پێچەوانەی نێردراوان بوو؛ هەر بەو شێوەیەش مایەوە بۆ زۆرێک لە جوولەکەکان تەنانەت دوای ئەوەی مەسیح بەرزبووەوە بۆ شکۆداریی."[٦]

ئەلفرێد ئێدەرشیم کە پێشتر وانەبێژی سێپتاگینتا (وەشانێکی پەیمانی کۆنە) لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، دروست لێکی دەداتەوە کاتێک دەڵێت "سەختترین شت بۆ مەسیح ئەو جیاوازییەی بوو لەگەڵ سەردەمەکەیدا."[٧] سروشتی کەسەکە بەڕوونیی پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییە تۆخەی سەردەمەکەی بوو.

لە پەیمانی نوێدا بەڕوونیی هەڵسوکەوتی نێردراوانمان بەرانبەر مەسیح بۆ دەردەکەوێت. زۆر لایەنی ژیان و خزمەتی مەسیح پێچەوانە بوون بەرانبەر چاوەڕوانییەکانیان بۆ مەسیحێکی حکومڕان. پاش ئەوەی عیسا باسی ئەوەی کرد کە پێویستە بچێت بۆ ئۆرشەلیم و ئازار بچێژێت، یاقوب و یۆحەنا پێشبینییە تەماوییەکەیان

پشتگوێ خست و داوایان لێ کرد بەڵێن بدات کە بتوانن لە چەپ و ڕاستی دابنیشن لە شانشینەکەیدا (بڕوانە مەرقۆس ١٠: ٣٢-٣٨). ئایا بیریان لە چ جۆرە مەسیحێک دەکردەوە—ئازار بچێژێت، لە خاچ بدرێت؟ نەخێر. ئەوان مەسیحیان وەک حکومڕانێکی سیاسی دەبینی. ئاماژەی دا کە بەهەڵە تێگەیشتوون لەوەی دەیکات؛ نەیاندەزانی داوای چی دەکەن. کاتێک بەئاشکرا پێشبینیی ئازارچەشتنی و لەخاچدانی خۆی کرد، بیرۆکەکە هێندە نامۆ بوو بۆ بیرکردنەوەی نێردراوان کە نەیاندەتوانی تێبگەن لە مەبەستی (لۆقا ١٨: ٣١-٣٤). بەهۆی ئەو پاشخانەیان لە چاوەڕوانییەکی جوولەکەیی بۆ مەسیحەکە، وایان دەزانی شتی باش بەڕێوەیە. پاشان ئەو ڕۆژە هات کە چوون بۆ ناوچەی کاسەسەر (شوێنی لەخاچدانەکە). هەموو هیواکانیان بەوەی عیسا مەسیحەکەیان بوویێت لەسەر خاچەکە مرد. ناکرێت، ئەستەمە و سەختە ڕزگارکەرێکی سەرکەوتوو بەو ڕێگا شەرمەزارکەر و ئابڕووبەرە بمرێت. هەروەها پێشبینی مەسیحێکی لەخاچدراویان نەدەکرد. بەپێی دواوتار ٢١: ٢٣، هەرکەسێک لەسەر دار هەڵبواسرێت نەفرەت لێکراوە. لە بیری ئەواندا لەخاچدان بەواتای شورەیی و شکستە، نەوەک سەرکەوتن. بەهیوابڕاویی ڕۆیشتنەوە ماڵەکانیان کە هەموو ئەو ساڵانەی لەگەڵ عیسا بەسەریان برد بەبا چوو.

**لە پەیمانی نوێدا بەڕوونیی هەڵسوکەوتی نێردراوانمان بەرانبەر مەسیح بۆ دەردەکەوێت. زۆر لایەنی ژیان و خزمەتی مەسیح پێچەوانە بوون بەرانبەر چاوەڕوانییەکانیان بۆ مەسیحێکی حکومڕان.**

**بۆچوونت چییە؟**
ئایا هیچ بیرکردنەوەیەکی ڕابردووت لەسەر مەسیح تێکشکاوە؟ یان دووپات بووەتەوە؟ پێت وایە بۆچی بۆ قوتابییەکان سەخت بوو مەسیح وەک خۆی بناسن؟

بەڵام دوای لەخاچدانەکە بە چەند هەفتەیەک، سەرەڕای گومانەکانی پێشووتریان، قوتابییەکان لە ئۆرشەلیم بوون و ڕایاندەگەیاند کە عیسا خودا و ڕزگارکەرە، مەسیحەکەی جوولەکەکانە. تاکە ڕوونکردنەوەیەک کە لەجێی خۆیدا بێت بۆ ئەم گۆڕانە ئەوەیە کە لە یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٥ دەیخوێنمەوە: "ئینجا بۆ پەترۆس و دوایی بۆ دوازدە قوتابییەکەی (نێردراوان) دەرکەوت". چ شتێکی دیکە دەکرا قوتابییە ڕەنجاو و هیوابڕاوەکان وا لێبکات بچنە دەرەوە، ئازار بچێژن و بمرن لەپێناو مەسیحێکی لەخاچدراو؟ عیسا "دوای

ئازارچێژتنی بە چەندین بەڵگە بە زیندوویی خۆی پیشاندان، لە ماوەی چل ڕۆژدا بۆیان دەرکەوت و سەبارەت بە شانشینی خودا بۆیان دوا" (کردار ١: ٣). ئەمە تێگەیشتنی پینچاس لاپیدە، زانایەکی جوولەکە کە پەرتووکێکی نووسییەوە لەسەر هەڵسانەوەی عیسا:

> کاتێک ئەم کۆمەڵە کەسە ترساو و تۆقیوەی نێردراوان کە خەریک بوو وازیان لە هەموو شتێک دەهێنا بۆ ئەوەی لە نائومێدیدا بگەڕێنەوە جەلیل؛ کاتێک ئەم قەرەج و شوان و ماسیگرانە ناپاکی و نکۆڵیان لە گەورەکەیان کردووە، لە ماوەی شەووڕۆژێکدا دەگۆڕێن بۆ کۆمەڵەیەکی مژدەبەری پڕدڵنیایی و باوەڕبەخۆبوون، قایل بە هەڵسانەوە و بە توانایەکی زۆر گەورەتری سەرکەوتن لە پاش هەڵسانەوە بەراورد بە هەر کاتێکی پێشووتر، کەواتە هیچ بینین و وڕێنەکردنێک (هەلوەسەکردن) بەس نییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو گۆڕانە شۆڕشگێڕییە.[٨]

لەو ساتەوە ئەم پیاوانە ئاشنای ڕاستیی ناسنامەی عیسا بوون وەک مەسیح. بەداخەوە، زۆرێک لە خەڵک لە خودی مەسیحەکە تێنەگەیشتن. نەتەوەپەرستییەکەیان وای لێکردن بەدوای ڕزگارکەرێک بگەڕێن تەنها بۆ نەتەوەکەی خۆیان. بەڵام لەجیاتی ئەوە مەسیحێک هات بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە دەرئەنجامی گوناە بۆ هەتاهەتایە. بینینی نێردراوان زۆر بەرتەسک بوو لەسەرەتادا. لەپڕ ڕاستییە گەورەترەکەیان بینی.

**نەتەوەپەرستییەکەیان وای لێکردن بەدوای ڕزگارکەرێک بگەڕێن تەنها بۆ نەتەوەکەی خۆیان. بەڵام لەجیاتی ئەوە مەسیحێک هات بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە دەرئەنجامی گوناە بۆ هەتاهەتایە.**

بەڵێ، زۆرێک بۆ مەبەستی باش گیانیان بەخشی، بەڵام مەبەستە باشەکەی نێردراوان لەسەر خاچەکە مرد. بەلایەنی کەمەوە ئەمە ئەوە بوو کە لە سەرەتادا بیریان لێدەکردەوە. تەنها بینینەوەی مەسیح لەدوای هەڵسانەوەکە ئەم پیاوانەی قایل کرد کە ئەو بەڕاستی مەسیحەکەیە. بۆ ئەم مەبەستە ئەوان نەک تەنها بە لێو و ژیانیان شایەتییان بۆی دا، بەڵکوو بە مردندیشیان.

بەشی ٨

# بیستتان چی بەسەر شاوڵدا هات؟

جاک، هاوڕێیەکی مەسیحییم کە لە چەندین زانکۆدا قسەی کردووە، بەیانییەک دەگاتە زانکۆیەک و تەماشا دەکات قوتابییەکان مشتومڕێکی کراوەیان بۆ ڕێکخستووە لەگەڵ "ئەتایستی زانکۆ"کە. بەرانبەرەکەی پڕۆفیسۆرێکی قسەزان بوو کە بەڕادەیەکی زۆر دژی مەسیحییەت بوو. سەرەتا جاک بۆی هەبوو قسە بکات. باسی چەندین بەڵگەی کرد بۆ هەڵسانەوەی مەسیح و هەروەها ئەو گۆڕانەی بەسەر پۆڵسی نێردراودا هات. پاشان شایەتیی کەسیی خۆی باس کرد کە چۆن کاتێک خوێندکاری زانکۆ بوو مەسیح ژیانی گۆڕی.

کاتێک پڕۆفیسۆری فەلسەفە هەڵسایە سەر پێ بۆ ئەوەی قسە بکات، زۆر شڵەژا. نەیدەتوانی مشتومڕی بەڵگەکانی هەڵسانەوە یان شایەتیی جاک بکات، بۆیە هێرشی کردە سەر گۆڕانە گەورەکەی پۆڵس بۆ مەسیحییەت. ئەو بابەتێکی هێنایەوە کە زۆرکات خەڵک لەڕووی دەروونییەوە هێندە ئاوێزان دەبن لەگەڵ ئەو شتەی ڕووبەڕووی دەبنەوە کە بە قەبووڵکردنی کۆتایی دێت.

هاوڕێکەم بەنەرمیی زەردەیەکی کرد و وەڵامی دایەوە، "وا باشە وریا بیت برادەر، یان دەشێت تۆش ببیتە مەسیحیی."

چیرۆکی نێردراو پۆڵس یەکێکە لە کاریگەرترین شایەتییەکان بۆ مەسیحییەت. شاوڵی تەرسۆس، دەتوانین بڵێین ڕەقترین نەیاری مەسیحییەتی زوو، بووە نێردراو پۆڵس، بەجۆشترین و کاریگەرترین قسەکەر بۆ جووڵانەوە نوێیەکە. لە نامەکەی بۆ فلیپییەکان باسی ڕابردووی خۆی دەکات وەک: "کۆرپەی هەشتڕۆژ بووم کە خەتەنە کراوم، لە گەلی

ئیسرائیل، تیرەی بنیامین، عیبرانی کوڕی عیبرانیی. بەگوێرەی تەورات فەریسیی بووم، بەگوێرەی دڵگەرمیی چەوسێنەری کڵێسا بووم، بەگوێرەی ئەم ڕاستودروستییە کە بەپێی شەریعەتە، بێگلەیی بووم" (فلیپی ۳: ٥-٦).

**بۆچوونت چییە؟**
دوای بەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عیسادا باوەڕی پۆڵس سەرەوبن بوو دەربارەی. ئایا گۆڕانی وات لە کەسدا بینیوە؟ ئایا خۆت ئەزموونی شتی ئاوات کردووە؟

لەدایکبوونی لە تەرسۆس وای کرد بەرکەوتنی هەبێت لەگەڵ پێشکەوتووترین زانستەکانی سەردەمەکەی. تەرسۆس شارێکی خوێندن بوو، کە ناسراو بوو بە فەیلەسووفە ستۆویکییەکان و کلتوور. ستاربۆی زانای یۆنانیی، ستاییشی تەرسۆسی دەکرد بۆ ئەو گەرمییەی بۆ فێربوون و فەلسەفە.

پۆڵسیش وەکوو باوکی خاوەنی هاوڵاتیبوونی ڕۆمانی بوو، ئیمتیازێکی گەورە. پۆڵس خاوەن زانیارییەکی مەزن بوو لەسەر بیرکردنەوە و کلتووری یۆنانی. خاوەن توانایەکی باڵا بوو لە زمانی یۆنانی و زارە جیاوازەکانی. زۆرجار گوتەی شاعیر و فەیلەسووفەکانی دەهێنایەوە. پۆڵس لە یەکێک لە وتارەکانیدا گوتەکانی ئەپیمەئیدیز، ئارەتۆس و کلینازێس دەهێنێتەوە و ئاماژەیان پێ دەدات. "چونکە لە ئەودا دەژین و دەجوڵێین و هەین" وەک هەندێک شاعیرانتان گوتیان: "ئێمەش نەوەی ئەوین." (کردار ۱۷: ۸). لە یەکێک لە نامەکانی گوتەی مانیدەر دەهێنێتەوە: "هەڵمەخەڵەتێن: «پەیوەندیی خراپ ڕەوشتی جوان تێک دەدات.»" (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣٣). لە نامەیەکی دیکەیدا بۆ تیتۆس، پۆڵس دووبارە گوتەی ئەپیمەئیدیز دەهێنێتەوە: "یەکێک لە پێغەمبەرانی دوورگەی کریت گوتوویەتی: «کریتییەکان هەمیشە درۆ دەکەن، دەعبای بەدکارن، نەوسنی تەمبەڵن» (تیتۆس ١٢: ١).

پەروەردەی پۆڵس جوولەکەییانە بوو لەژێر فێرکردنی فەریسییەکان. کاتێک پۆڵس چواردەساڵان بوو، نێردرا بۆ ئەوەی لەژێر سەرپەرشتی گەمالائێلی نەوەی هیلێل بخوێنێت، یەکێک لە گەورەترین ڕابییەکانی (مامۆستاکانی) سەردەمەکە. پۆڵس ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە ئەو نەک تەنها فەریسی بووە، بەڵکوو کوڕی فەریسییەکانیشە (بڕوانە کردار ٢٣: ٦). دەیتوانی شانازیی بکات، "لە جوولەکایەتی پێش زۆربەی خەڵک کەوتم لە نەوەی خۆم، زۆر دڵگەرمتر بووم لەوان بۆ دابونەریتی باوکان" (گەلاتیا ١: ١٤).

بۆ تێگەیشتن لەم گۆڕانەی پۆڵس، پێویستە تێبگەین بۆچی هێندە دژەمەسیحیی بووە. ئەو وابەستەییەی بوو بە شەریعەتی جوولەکە کە هەستی دوژمنکاریی ئەوی ڕەق کرد بەرانبەر مەسیح و کڵێسای زوو. هێرشی پۆڵس بۆ سەر پەیامی مەسیحییەت وەک ئایینناسی فەرەنسی جاکواس دیپۆن دەنووسێت، "پەیوەندیی بە مەسیحبوونی عیساوە نییە [بەڵکوو] ... لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵی ڕزگارکەر بدرێت بە عیسا کە تەواوی بەهای شەریعەتی دەبرد لە مەبەستی ڕزگاربوون. پۆڵس بەتوندیی دوژمنی باوەڕی مەسیحیی بوو بەهۆی ئەو بایەخپێدانەی بە شەریعەت وەک ڕێگای ڕزگاریی."[1]

بیرۆکەی ئەم تەریقەتە نوێیەی ئایینی جوولەکە کە خۆیان بە مەسیحیی ناودەبرد یەک زلەی دەدا بەناوچەوانی هەموو ئەو شتانەی پۆڵس لە خوێندنەوە ڕابییەکەی فێربووبوو. وەک جوولەکەیەکی ئاییندار، دەکرێت باوەڕی وا بووبێت کە هۆکاری ئەوەی ئیسرائیل ژێردەستەی ڕۆمایە دەگەڕێتەوە بۆ شکستەکەیان لە شوێنکەوتنی شەریعەتەکە. لادان لە شەریعەتەکە (مەبەست تەوراتە) تەنها توڕەیی زیاتری دەهێنا لە خوداوە. بە ئەرکی خۆی زانی ئەم تەریقەتە لادەرە بوەستێنێت. بەم شێوەیە، پۆڵس دڵگەرم بوو دەربارەی کپکردنی ئەم جووڵانەوە خەتەرناکە (بڕوانە گەلاتیا ١: ١٣). دەستی کرد بە ڕاوانی مەسیحییەکان و کوشتنیان (بڕوانە کردار ٢٦: ٩-١١). پۆڵس بەبێ ئەملا و ئەولا دەستی کرد بە لەناوبردنی کڵێسا (بڕوانە کردار ٨: ٣). خۆی ئامادە دەکرد بۆ دیمەشق بە بەڵگەنامەیەکەوە کە دەسەڵاتی پێ دەدا شوێنکەوتووانی مەسیح دەستگیر بکات و بیانهێنێت بۆ دادگاییکردن.

پاشان شتێک بەسەر پۆڵسدا هات:

شاوڵ هێشتا هەڕەشەی لە قوتابییەکانی عیسای خاوەنشکۆ دەکرد و هەوڵی
کوشتنی دەدان .چوو بۆ لای سەرۆکی کاهینان، داوای نامەی لێکرد بۆ
کەنیشتەکانی دیمەشق، تاکوو ئەگەر یەکێک ببینێت و سەر بە ڕێگاکە بێت،
چ ژن و چ پیاو، بە بەندکراویی بۆ ئۆرشەلیمیان ببات.
کە دەڕۆیشت و لە دیمەشق نزیک بووەوە، لەپڕ ڕووناکییەک لە ئاسمانەوە لە
دەوروبەری بریسکەی دایەوە، کەوتە سەر زەوی و گوێی لە دەنگێک بوو،
پێی فەرموو: "شاوڵ! شاوڵ! بۆچی دەمچەوسێنیتەوە؟"
شاوڵ پرسیاری کرد: "گەورەم، تۆ کێیت؟"

فەرمووی: "من عیسام، ئەوەی تۆ دەیچەوسێنیتەوە. ﴿بۆت زەحمەتە لووشکە لە نەقیزەی من باوێی﴾ بەڵام هەڵسە، بڕۆ ناو شار، لەوێ پێت دەگوترێت دەبێت چی بکەیت."
ئەو پیاوانەی لە گەشتەکەدا لەگەڵی بوون بە بێدەنگیی وەستان، دەنگەکەیان بیست بەڵام کەسیان نەبینی. شاوڵ لەسەر زەوییەکە هەڵسایەوە، بەڵام کاتێک چاوی کردەوە هیچی نەبینی، بۆیە دەستیان گرت و هێنایانە ناو دیمەشق. سێ ڕۆژ هیچی نەبینی، هەروەها هیچی نەخوارد و هیچی نەخواردەوە.
لە دیمەشق قوتابییەک هەبوو ناوی حەنانیا بوو، مەسیحی خاوەنشکۆ لە بینیندا پێی فەرموو: «حەنانیا»!
گوتی: «ئەوەتام گەورەم»!
مەسیح پێی فەرموو: هەڵسە و بڕۆ ئەو شەقامەی پێی دەگوترێت ڕاست، لە ماڵی یەهوزا پرسیار لە پیاوێکی تەرسۆسی بکە ناوی شاوڵە، وا نوێژ دەکات. لە بینیندا پیاوێکی بۆ دەرکەوت بە ناوی حەنانیا کە دێتە لای و دەستی لەسەری دادەنێت تاکوو بینایی بۆ بگەڕێتەوە.
کردار ٩: ١-١٢

که زیاتر دەخوێنینەوە دەتوانین ببینین بۆچی مەسیحییەکان لە پۆڵس دەترسان: حەنانیا وەڵامی دایەوە: «گەورەم، لە زۆر کەس ئەو خراپانەم بیستووەتەوە کە ئەم پیاوە لە ئۆرشەلیم بە گەلە پیرۆزەکەی تۆی کردووە. هەروەها لە کاهینانی باڵاوە دەسەڵاتی پێدراوە و هاتووە بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە بگرێت کە بە ناوی تۆوە دەپاڕێنەوە».

بەڵام مەسیح پێی فەرموو: «بڕۆ! ئەم پیاوە بۆ من ئامێرێکی هەڵبژێردراوە بۆ هەڵگرتنی ناوی من لەبەردەم ناجوولەکەکان و پاشایان و نەوەی ئیسرائیل. پیشانی دەدەم دەبێت لەبەر ناوی من چەند ئازار بچێژێت».
حەنانیاش ڕۆیشت و چووە ماڵەکە، دەستی لەسەری دانا و گوتی: شاوڵی برام، عیسای خاوەنشکۆ منی ناردووە، ئەوەی لەو ڕێگایەی پێیدا هاتی بۆت دەرکەوت، تاکوو دیسان ببینیت و پڕ بیت لە ڕۆحی پیرۆز. دەستبەجێ شتێکی وەک توێکڵ لە چاوەکانی کەوتە خوارەوە، ئینجا بینی،

هەڵسا و لە ئاو هەڵکێشرا. نانی خوارد، هێزی هاتەوە بەر و چەند ڕۆژێکی لەگەڵ قوتابییەکان لە دیمەشق بەسەر برد.
کردار ٩: ١٣-١٩

بۆچوونت چییە؟
پێت وایە بۆچی گۆڕانەکەی پۆڵس هێندە کاریگەر بوو؟ پلانی خودا بۆ ژیانی پۆڵس چەندە جیاواز بوو لە پلانی پۆڵس بۆ ژیانی خۆی؟

لە دەرئەنجامی ئەم ئەزموونەدا، ئیدی خۆی بە شایەتحاڵ دانا بۆ مەسیحی هەڵساوە. لە دواتردا دەنووسێت، "ئایا عیسای خاوەنشکۆمانم نەبینیوە؟" (یەکەم کۆرنسۆس ٩: ١). ئەو دەرکەوتنەکەی مەسیحی بۆ خۆی بە دەرکەوتنەکانی مەسیحی پاش هەڵسانەوە بۆ نێردراوان بەراورد کردووە: "پاش هەمووان بۆ منیش دەرکەوت" (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٨).

پۆڵس نەک تەنها مەسیحی بینی، بەڵکوو لە بارێکدا ئەوەی بینی کە نەیدەتوانی خۆی لێ لا بدات. بە هەڵبژاردنی خۆی مزگێنی نەدا بەڵکوو لە پێویستیی ئەوەی دەبێت مزگێنی بدات. "ئەگەر مزگێنیی بدەم شانازیم نییە، لەبەر ئەوەی پێویستە و خراوەتە ئەستۆم. قوڕبەسەرم ئەگەر مزگێنی نەدەم!" (یەکەم کۆرنسۆس ٩: ١٦).

تێبینیی ئەو بەرکەوتنەی پۆڵس بکە لەگەڵ مەسیح و ئەو گۆڕانە لەپڕ و چاوەڕواننەکراوەی دواتری: "لەناکاو لە ئاسمانەوە ڕووناکییەکی گەورە لە دەوروبەرم درەوشایەوە" (کردار ٢٢: ٦). هیچ نەیدەزانی کە ئەم دەنگە ئاسمانییە دەبێت کێ بێت. کاتێک دەنگەکە ڕایگەیاند کە عیسای ناسیرەییە، پۆڵس واقی وڕما و پەشۆکا.

لەوانەیە وامان لێ بێت واز لە شایەتییەکەی پۆڵس بهێنین چونکە پاش هەموو شتێک، چەندین نموونەی گۆڕانی مەزنمان هەیە بۆ باوەڕی دیکە. بەڵام مایکڵ لینکۆنای زانای پەیمانی نوێ جیاوازییەکی گرنگ دەستنیشان دەکات: "ڕەنگە ئەمڕۆ بەپێی بەڵگەی دەستی دوو باوەڕ بکەین بەوەی عیسا لە مردن هەڵساوەتەوە، بە متمانە بە پۆڵس و ئەو قوتابییانەی عیسای هەڵساوەیان بینیوە. بەڵام بۆ پۆڵس جیاوازە، ئەو ئەزموونی لە بەڵگە سەرەکییەکەوە وەرگرتووە، لەوەی عیسای هەڵساوە ڕاستەوخۆ بۆ ئەو دەرکەوتووە."[٢]

هەندێک کەس پێشنیازی ئەوە دەکەن ڕەنگە پۆڵس تەنها بیری لەوە کردبێتەوە کە ئەزموونێکی لەگەڵ عیسادا هەبووە، بەڵام لە ڕاستیدا وڕێنەی کردبێت. گرفتی ئەم دەستنیشانکردنە ئەوەیە کە لە خودی چیرۆکەکەی پۆڵسدا تەنها پۆڵس بەرکەوتنی نابێت لەگەڵ عیسا بەڵکوو ئەو کەسانەش کە لە دەوری بوون ئەزموونی ئەم بەرکەوتنە ئاسمانییەیان کرد (بڕوانە کردار ٢٢: ٩). جگە لەوەش ئێمە دەزانین پۆڵس فەریسیی بووە و زۆرینەی بەرژەوەندییەکانی خستووەتە لا لەپێناو مەسیحدا، هەر بۆیە ئەگەر وڕێنەکردنی هەبووبا ئەوا دەیزانی و بەکاری دەهێنا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی ڕوویدا و دەستبەرداری دەبوو. ڕەنگە هەموو وردەکارییە دەروونزانییەکانی ئەوە نەزانین کە چی بەسەر پۆڵسدا هات لە ڕێگەکەی بەرەو دیمەشق، بەڵام ئەمە دەزانین: ئەزموونەکە هەموو لایەنێکی ژیانی سەرەوژێر کرد.

**ڕەنگە هەموو وردەکارییە دەروونزانییەکانی ئەوە نەزانین کە چی بەسەر پۆڵسدا هات لە ڕێگەکەی بەرەو دیمەشق، بەڵام ئەمە دەزانین: ئەزموونەکە هەموو لایەنێکی ژیانی سەرەوژێر کرد.**

*یەکەم، کەسایەتی پۆڵس بەتەواوی گۆڕا.* بەپێی د. دۆگلاس کامپێڵ، پرۆفیسۆری پەیمانی نوێ لە زانکۆی لاهووتی دوک، "بێگومان ئەمە ساتێکی بێفیزکەرانە بووە و گومان دەکەم پۆڵس هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان بیری بچێتەوە کە چۆن توندڕەوییەکەی ڕابردووی بەلاڕێیدا بردبوو. ئێستا پەیی بەوە برد کە خۆی لە خۆیدا هیچ شتێکی نەبوو پێشکەشی خوداوەندی بکات و لە ڕاستییدا تێگەیشتنی تەواو سەرەوژێر بوو لە ڕاستیی خوداکەی. خودا لە عیسای مەسیحدا بەرجەستە بوو و حوکمی دا بەسەر کار و گەندەڵییەکانی. دەرئەنجامەکەی پۆڵس بوو کە وەک کەسێک کە لە ماددەی هۆشبەر چاک بووبێتەوە قسە دەکات. بە مێشکێک کە بەم ئاشکراکردنە چاوی کرایەوە توانی تەماشای کارەکانی ژیانی ڕابردووی بکات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لۆجیکی بوون، بەڵام دەرکەوت تەواو شێواو بوون."[٣]

*دووەم، پەیوەندیی پۆڵس لەگەڵ شوێنکەوتووانی عیسا تەواو گۆڕا.* چیتر لێی نەدەترسان. پۆڵس "چەند ڕۆژێکی لەگەڵ قوتابییەکان لە دیمەشق بەسەر برد" (کردار ٩: ١٩). پاشان کاتێک چوو بۆ دیدەنی نێردراوەکانی دیکە، قەبووڵیان کرد (بڕوانە ئایەتی ٢٧-٢٨).

*سێیەم، پەیامەکەی پۆڵس گۆڕا.* هەرچەندە هێشتا نەریتی جوولەکانەی خۆی خۆش دەوێت، لە نەیارێکی بەدکارەوە گۆڕدرا بۆ پاڵەوانێکی نەبەرد بۆ باوەڕی مەسیحیی. ڕاستەوخۆ دەستی کرد بە مزگێنیدان دەربارەی عیسای مەسیح لە کەنیشتەکان (پەرستگەی جوولەکە)، ڕایدەگەیاند کە عیسا کوڕەکەی خودایە (بڕوانە کردار ٩: ٢٠). تێگەیشتنە بیرمەندییەکانی گۆڕدران. ئەزموونەکەی وای کرد لە بەرانبەر مشتومڕ و ناکۆکییە ڕاستەوخۆکانی لەگەڵ تێگەیشتنی فەریسییەکان بۆ بیرۆکەی مەسیح، دان بنێت بەوەی عیسا مەسیحەکەیە. دیدگا نوێیەکەی لەسەر مەسیح شۆڕشێکی تەواو بوو لە بیرکردنەوەیدا. جاکوێس دوپۆ دەڵێت پۆڵس "کە بەتوندیی نکۆڵی لەوە کردبوو پیاوێکی لەخاچدراو مەسیحەکە بێت، گەیشتە ئەوەی بڵێت کە بەڕاستی عیسا مەسیحەکە بوو و لە دەرئەنجامدا بەتەواویی بیرکردنەوەکانیدا چووەوە دەربارەی مەسیح."[٤]

هەروەها ئێستا پۆڵس دەتوانێت لەوە تێبگات مردنی مەسیح لەسەر خاچ کە وا دەردەکەوت نەفرەتێک بێت لەلایەن خوداوە و کۆتاییهاتنێکی خەمناک بێت، لە ڕاستییدا ئاشتبوونەوەی خودا بوو لەگەڵ جیهان لە ڕێگەی مەسیحەوە. پۆڵس گەیشتە ئەوەی تێبگات کە لە ڕێگەی لەخاچدانەکە، مەسیح نەفرەتی گوناهی جیهانی خستە سەر خۆی لەپێناو ئێمە (بڕوانە گەلاتیا ٣: ١٣) و ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناه، تاکوو بە یەکبوون لەگەڵ مەسیحدا ببین بە ڕاستودروستی خودا. (دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١). لەجیاتی ئەوەی لەخاچدان وەک شکستێک ببینێت، وەک سەرکەوتنێک بینی کە بە هەڵسانەوە تەواو کراوە. خاچەکە چیدیکە کۆسپێک نییە، بەڵکوو گەوهەری کڕینەوەی ئێمەیە بە خوێنی مەسیح. ئەرکی مژدەبەریی پۆڵس دەتوانێت کورتبکرێتەوە لە "ڕوونی دەکردەوە و دەریدەخست کە دەبووایە مەسیح ئازار بچێژێت و لەنێو مردووان هەڵبستێتەوە. پێی گوتن: «ئەم عیسایەی من پێتانی ڕادەگەیەنم، مەسیحەکەیە»". (کردار ٣: ١٧).

**لەجیاتی ئەوەی لەخاچدان وەک شکستێک ببینێت، وەک سەرکەوتنێک بینی کە بە هەڵسانەوە تەواو کراوە. خاچەکە چیدیکە کۆسپێک نییە، بەڵکوو گەوهەری کڕینەوەی ئێمەیە بە خوێنی مەسیح.**

*چوارەم، ئەرکە مژدەبەرییەکەی پۆڵس گۆڕدرا.* لە کەسێکەوە کە ڕقی لە ناجوولەکەکان بوو گۆڕدرا بۆ مزگێنیدەری ناجوولەکەکان. وەک جوولەکەیەک و فەریسییەک، پۆڵس پێشتر بە نزم تەماشای ناجوولەکەکانی دەکرد بەراورد بە گەلی

جوولەکە. ئەزموونەکەی دیمەشق ئەوی گۆڕی بۆ نێردراوێکی خۆتەرخانکەر کە بەتەواویی خزمەتەکەی ژیانی تەرکیز دەخاتە سەر مزگێنیدان بە ناجوولەکان. پۆڵس بینی کە ئەو مەسیحەی بۆی دەرکەوت بەڕاستی ڕزگارکەری هەموو مرۆڤایەتی بوو. پۆڵس لە فەریسییەکی توندڕەوەوە کە هەموو ئەرکی پاراستنی شەریعەتی جوولەکە بوو، گۆڕدرا بۆ مزگێنیدەرێک بۆ ئەو مەزهەبە نوێیە کە پێشتر بە توندیی بەرەنگاری دەبووەوە. گۆڕانەکەی هێندە قووڵ بوو کە هەموو ئەوانەی گوێیان دەگرت سەرسام بووبوون و دەیانگوت: «ئەمە هەمان ئەو کەسە نییە ئەوانەی لەناودەبرد کە لە ئۆرشەلیم بەم ناوەوە دەپاڕانەوە؟ بۆ ئەمەش نەهاتە ئێرە، تاکوو بە بەندکراوی بۆ کاهینانی باڵا بیانبات؟» بەڵام شاوڵ تواناداتر دەبوو، جوولەکەی دانیشتووی دیمەشقی دەمکوت دەکرد و دەریدەخست کە عیسا مەسیحەکەیە. (کردار ٩: ٢١-٢٢).

مێژوونووس فلیپ سکاف دەیخاتە ڕوو کە، "گۆڕانەکەی پۆڵس لە باوەڕدا تەنها خاڵێکی وەرچەرخان نەبوو لە ژیانی کەسیی پۆڵسدا، بەڵکوو لووتکەیەکی گرنگیش بوو لە مێژووی کڵێسای نێردراوان و لە دەرئەنجامدا لە مێژووی مرۆڤایەتییش. بەرهەمدارترین پێشهات بوو لەدوای پەرجووی ڕۆژی پەنجایەمینەوە و سەرکەوتنێکی جیهانیی بۆ مەسیحییەت دەستەبەر کرد."[٥]

ڕۆژێکیان لەکاتی خوانی نیوەڕۆدا لە زانکۆی هیوستن، لە تەنیشت خوێندکارێکەوە دانیشتم. باسی مەسیحییەتمان دەکرد، گوتی هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نییە بۆ مەسیحییەت و مەسیح. لێیم پرسی کە بۆچی وا بیردەکاتەوە. ئەو پسپۆڕی مێژوو بوو و لە یەکێک لە پەرتووکەکانیان، مێژوویەکی ڕۆما بوو کە لەگەڵ پۆڵسی نێردراو و مەسیحییەت مامەڵەی دەکرد. خوێندکارەکە ئەو بەشەی خوێندبووەوە و تێبینی کردبوو کە بە باسکردنی ژیانی شاوڵی تەرسۆس دەستپێدەکات و بە باسکردنی ژیانی پۆڵسی نێردراو کۆتایی دێت. پەرتووکەکە ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەو شتەی بووەتە هۆکاری ئەم گۆڕانە ڕوون نییە. چوومە پەرتووکی کردار و دەرکەوتنی مەسیحی دوای هەڵسانەوەم بۆ پۆڵس ڕوونکردەوە. خوێندکارەکە ڕاستەوخۆ پەیی بەوە برد کە ئەمە لۆجیکیترین ڕوونکردنەوەیە بۆ گۆڕانە گەورەکەی پۆڵس. ئەم پارچە بەڵگانەی کە لای ئەم خوێندکارە ون بوون وای کرد وێنەکە بۆ ئەم کوڕە گەنجە کامڵ بێت. دواتر بووە شوێنکەوتەی مەسیح.

ئیلیاس ئەندراوس، سەرۆکی کۆلێژی ئایینزانیی کوینز لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت: "زۆر کەس لە وەرگەڕانی ئەم 'فەریسیی کوڕی فەریسییە' قایلکەرترین بەڵگەکانیان

دۆزیەوەتەوە بۆ ڕاستی و هێزی ئەو ئایینەی بۆی وەرگەڕاوە، زیاتر لەمەش بەها و شوێنی کەسایەتی مەسیحیان بۆ دەرکەوتووە."[٦]

ئارکیبالد ماکبراید، پرۆفیسۆری زانکۆی ئابێردین لەسەر پۆڵس دەنووسێت، "بەراورد بە دەستکەوتەکانی پۆڵس... دەستەکەوتەکانی ئەسکەندەر و ناپلیۆن بێبایەخ دەردەکەون."[٧]

پۆڵس دووبارە و چەندبارە دەڵێت کە مەسیحی هەڵساوە و زیندوو ژیانی گۆڕی. هێندە باوەڕی بە هەڵسانەوەی مەسیح هەبوو لە مردنەوە، کە ئامادە بوو بێشوومار ئازار بچێژێت لەپێناو خزمەتەکەی بۆ مەسیح. لە دووەم نامەی بۆ کۆرنسۆسییەکان، پۆڵس هەموو ئەو شتانە دەخاتە ڕوو کە پێیاندا تێپەڕیوە:

> جوولەکەکان بە قامچی پێنج جار چل قامچی کەم یەکیان لێداوم، سێ جار دارکاریی کراوم، جارێک بەردباران کراوم، سێ جار لە کەشتیدا بووم و شکاوە، شەو و ڕۆژێکم لە قووڵایی دەریادا بەسەربرد. بەهۆی زۆر گەشتکردنمەوە تووشی مەترسیی ڕووبار و چەتە بووم، مەترسی لە گەلەکەم و نەتەوەکانی دیکە، مەترسیی لە شار و لە دەشت، مەترسی لە دەریا، مەترسی لە خوشک و برایانی درۆزن، بە ڕەنجدان و ماندووبوون، بە شەونخونی زۆر، بە برسێتی و تینوویێتی، بە ڕۆژووگرتنی زۆر، بە سەرما و ڕووتیی. ئەمانە هەموو لەلایەک، ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخدان بە هەموو کڵێساکان لەسەرم کەڵەکە دەبێت.
> دووەم کۆرنسۆس ١١: ٢٤-٢٨

هەروەک چۆن شۆنی کوڕم لە توێژینەوەکەی لەسەر نێردراوان نووسیویەتی، مێژووی کڵێسای زوو بەردەوام ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە پۆڵس وەک شەهیدێک مرد. ئەو باجە ڕەهاکەی دا بۆ باوەڕەکەی بەوەی عیسا لە گۆڕ هەڵساوەتەوە.

دوو هاوڕێی دەرچووی ئۆکسفۆردم نووسەر گیلبێرت وێست و سیاسەتمەدار لۆرد جۆرج لەیتۆلتۆن، سوور بوون کە بناغەی باوەڕی مەسیحی دابڕمێنن. وێست دەچوو ناڕاستیی هەڵسانەوە دەربخات و لەیتۆلتۆن دەچوو بیسەلمێنێت کە شاوڵی تەرسۆس

هەرگیز باوەڕی نەگۆڕیوە بۆ مەسیحییەت. هەردوو پیاوەکە گەیشتنە خاڵێکی وەرگەڕانی تەواو و بوون بە دوو شوێنکەوتەی دڵگەرمی مەسیح. لۆرد لەیتۆلتۆن دەنووسێت، "تەنها وەرگەڕان و نێردراوییبوونی پۆڵس خۆی لەخۆیدا بەسە بۆ ئەوەی سەلماندنێکی پڕاوپڕ بێت بۆ ئەوەی مەسیحییەت ئاشکراکردنێکی خودایی بێت."[٨] دواتر دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەگەر ئەو بیست و پێنج ساڵە لە ئازارچەشتن و خزمەتی پۆڵس بۆ مەسیح ڕاست بێت، ئەوکات وەرگەڕانەکەی ڕاستەقینەیە، چونکە هەموو ئەو شتانەی کردی بە گۆڕانێکی لەپڕ دەستیان پێکرد. هەروەها ئەگەر وەرگەڕانەکەی ڕاست بێت، ئەوا عیسای مەسیح لە مردن هەڵساوەتەوە، چونکە هەموو ئەو شتانەی پۆڵس کردنی دەیداتە پاڵ شایەتییەکەی بۆ مەسیحی هەڵساوە.

## بەشی ٩

# دەتوانیت پیاوێکی مەزن ڕابگریت؟

خوێندکارێک لە زانکۆی ئۆرۆگوای لێی پرسیم، "پرۆفیسۆر مەکداوڵ، بۆچی هیچ ڕێگایەکت نەدۆزییەوە تاکوو مەسیحییەت ڕەتبکەیتەوە؟

وەڵامم دایەوە، "لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە، ئەویش ئەوەیە کە نەمتوانی ناڕاستیی هەڵسانەوەی عیسای مەسیح بسەلمێنم وەک پێشهاتێکی مێژوویی".

دوای بەسەربردنی ٧٠٠ کاتژمێر لە خوێندنی ئەم بابەتە و بەدواداچوونی قووڵ بۆ بنەچەکەی، گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی هەڵسانەوەی عیسای مەسیح یان دەبێت یەکێک بێت لە بەدترین و دڕندەترین چەواشەکارییەکان کە بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتبێت، یان دەبێت گرنگترین ڕاستی بێت لە مێژوودا.

هەڵسانەوە ئەو پرسیارە دەگرێتە خۆی کە "ئایا مەسیحییەت بەجێیە؟" دەیکاتە دەرەوەی پانتایی فەلسەفە بۆ پانتایی مێژوو. ئایا مەسیحییەت بناغەیەکی پتەوی مێژوویی هەیە؟ ئایا بەڵگەی پێویست لەبەردەستدایە بۆ پشتڕاستکردنەوەی باوەڕ بە هەڵسانەوەی عیسای مەسیح؟

با لە هەندێک لەو گرفت و بانگەشانە بکۆڵینەوە کە پەیوەندیدارن بەم پرسیارەوە: عیسای ناسیرە، پێغەمبەرێکی جوولەکە کە بانگەشەی دەکرد مەسیحەکە بێت کە لە نووسراوی پیرۆزی جوولەکەدا باسکراوە، دەستگیرکرا، وەک تاوانبارێکی سیاسی حوکمدرا و لەخاچدرا. سێ ڕۆژ پاش مردن و ناشتنەکەی، چەند ئافرەتێک چوون بۆ سەر گۆڕەکەی

و بینیان کە لەوێ نەماوە. قوتابییەکانی مەسیح ڕایانگەیاند کە خودا هەڵیستاندووەتەوە و چەندین جار پێش بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان بۆیان دەرکەوتووە.

**هەڵسانەوەی عیسای مەسیح یان دەبێت یەکێک بێت لە بەدترین و دڕندەترین چەواشەکارییەکان کە بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتبێت، یان دەبێت گرنگترین ڕاستی بێت لە مێژوودا.**

لەم بناغەیەوە مەسیحییەت بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا بڵاو بووەوە و بەردەوام بوو لەوەی کاریگەریەکی گەورەی هەبێت بەسەر جیهاندا لە سەدەکانی داهاتوودا.

**پرسیارە گەورەکە بریتییە لەوەی: ئایا هەڵسانەوەکە بەڕاستی ڕوویدا؟**

## مردن و ناشتنی عیسا

**دوای ئەوەی عیسا حوکمدرا، جلەکەی لەبەردا دڕێنرا و بەر قامچی درا، بەپێی نەریتی ڕۆمانی، پێش لەخاچدان.**

**ئەلێکساندەر مازارێل، کە خاوەن بڕوانامەی پزیشکییە لە زانکۆی مەیامی و دکتۆرا لە ئەندازیاریی لە زانکۆی بریستڵی ئینگلتەرا، لێکۆڵینەوەیەکی وردی کرد بۆ بەرقامچیدانی مەسیح بەدەستی ڕۆمانییەکان. پڕۆسەکە ڕوون دەکاتەوە:**

**سەربازەکان قامچییەک لە پێستەی لوولکراو بەکار دەهێنن کە پارچەی تۆپی ئاسنین بەسەرەکەیەوە چنراوە. کاتێک قامچییەکە لە گۆشتەکە دەدات، ئەم تۆپانە شینومۆربوونەوەی گەورە دروست دەکەن کە بە لێدانی زیاتر ڕەنگە هەڵبدرێن. هەروەها قامچییەکە پارچەئێسقانی تیژیشی پێوەیە کە زۆر بەخراپیی جەستە دەبڕێت.**
**پشتی جەستە هێندە پارچە پارچە دەبێت کە هەندێک جار بەشێکی بڕبڕەی پشت لە ژێر برینە قووڵەکانەوە دەردەکەوێت، قامچیلێدانەکە بەتەواوی شانەکان تاکوو خوار ڕانەکان دەڕوات. زۆر ترسناک و قێزەونە. . .**
**پزیشکێک کە لە ئەشکەنجەدانی ڕۆمانیی کۆڵیوەتەوە گوتی، "کاتێک**

قامچیوەشاندنەکان بەردەوام دەبن، دڕانەکە دەکرێتەوە بۆ ماسوولکەکانی ئێسکەپەیکەر و شریتی لەرزۆک دروست دەکات لەو گۆشتەی تووشی خوێنبەربوون هاتووە." مێژوونووسێکی سەدەی سێیەم بە ناوی یۆسیبیۆس لە باسی قامچیلێداندا دەڵێت، "لوولەخوێنەکانی ئەشکەنجەدراوەکە ڕووت دەبن و ماسوولکەکان، بەستەرەکان و ڕیخۆڵەکانی ئەشکەنجەدراوەکە دەردەکەون". دەزانین دەکرێت زۆرکەس بەهۆی ئەم ئەشکەنجەدانەوە بمرن، تەنانەت پێش ئەوەی بکرێت لەخاچ بدرێن. لە کۆتاییدا ئەشکەنجەدراوەکە ئەزموونی ئازارێکی بێشومار دەکات و دەچێتە حاڵەتی شۆکی هایپۆڤۆلیک.[١]

لەگەڵ ئاشنابوون بە دڕندەیی ئەشکەنجەدانەکە، هەروەها لەخاچدانەکەی دوای و بەسکداکردنی ڕمی سەربازێک، لەڕووی مێژووییەوە دووپاتبووەتەوە کە عیسا مردبوو. تەنانەت ئەو زانایانەی ڕەخنەی زۆر توند دەگرن مردنی عیسا قەبوڵ دەکەن. بۆ نموونە جۆن دۆمینیج کرۆسان گوتی مردنی عیسا بە لەخاچدان "ئەوەندەی ڕێی تێ دەچێت هەر ڕاستییەکی مێژوویی ڕاست بێت ڕاستە."[٢]

بەپێی نەریتی جوولەکە، پاش ئەمانە لاشەی مەسیح بە قوماشێکی کەتان پێچرا. نزیکەی ٣٤ کیلۆگرام لە داودەرمانی بۆندار لەگەڵ ماددەیەکی بنێشتی تێکەڵکرا و بەکارهات بۆ پێچانەوەی لاشەکە (بڕوانە یۆحەنا ١٩: ٣٩-٤٠). دواتر لاشەکە لە گۆڕێکی بەردینی پتەو دانرا. تاشەبەردێکی زۆر گەورەش کە نزیکەی دوو تۆن دەبوو بە بەکارهێنانی بەرزکەرەوە خلۆر دەکرایەوە بۆ بەردەم دەروازەکە (بڕوانە مەتا ٢٧: ٦٠).

**بۆچوونت چییە؟**
ئایا هیچ فیلمێکت بینیوە دەربارەی ژیانی مەسیح کە مردن و هەڵسانەوەکەی تێدا بووبێت وەک فیلمی عیسای مەسیح؟ ئایا چی بە مێشکتدا دەهات کاتێک ئەشکەنجەدان و لەخاچدانی عیسای مەسیحت بینی؟ پێتوایە شایەنی ئەوە بووبێت کە بەسەریدا هات؟

پاسەوانێکی ڕۆمانیی لە پیاوە ڕێکوپێک و توندەکان داندرابوو بۆ ئەوەی چاودێری گۆڕەکە بکات. ترس لە سزادان وای کردبوو ئەم پیاوانە "ئاگاییەکی تەواو بدەنە ئەرکەکەیان، بەتایبەت لە شەوگاری."[3] ئەم پاسەوانە مۆرێکی ڕۆمانی دابوو لە گۆڕەکە، کە نیشانە بوو بۆ هێز و دەسەڵاتی ڕۆمانی.[4] مۆرەکە بۆ ئەوە بوو ڕێگری بکات لە تێکدان. هەر کەسێک هەوڵ بدات بەردەکە لە دەروازەی گۆڕەکە بجووڵێنێت مۆرەکەی دەشکاند و بەم شێوەیە توڕەیی یاسای ڕۆمای دەخستە سەر خۆی.

بەڵام سەرەڕای پاسەوانەکە و مۆرەکە، گۆڕەکە بەتاڵ بوو.

## گۆڕە بەتاڵەکە

شوێنکەوتووانی عیسا بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ئەو هەڵساوەتەوە لە مردن. باسی ئەوەیان کرد کە لە ماوەی زیاتر لە چل ڕۆژ بۆ ئەوان دەرکەوتووە و بە چەندین بەڵگەی قایلکەرەوە خۆی بۆیان دەرخستووە (بڕوانە کردار ١: ٣). نێردراو پۆڵس گوتی کە عیسا بۆ زیاتر لە پێنج سەد شوێنکەوتەی دەرکەوتووە لە یەک کاتدا، کە زۆرینەیان لە ژیان مابوون و دەیانتوانی ئەوە دووپات بکەنەوە کە نووسیویەتی (بڕوانە یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣-٨).

ئارسەر مایکڵ رامسی سەرۆکی مەترانەکانی (مەتران پلەیەکی بەرزی ئایینییە) کانتێربێری دەنووسێت، "یەکێک لەو هۆکارە گەورانەی وا دەکات باوەڕم بە هەڵسانەوەکە هەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چەندین ڕاستیی مێژوویی پێوەی بەندە"[5] باسوخواسی گۆڕە بەتاڵەکە هێندە بڵاو بووبووەوە کە نەدەکرا نکۆڵی لێ بکرێت.[6] زانای ئایینزانی ئەڵمانی، پۆڵ ئالزاوس ئەوە دەخاتە ڕوو کە هەڵسانەوەکە "نەدەتوانرا نە بۆ یەک ڕۆژ نە بۆ یەک کاتژمێریش لە ئۆرشەلیم بمێنێتەوە، ئەگەر بەتاڵیی گۆڕەکە وەک ڕاستییەک نەبووبایە بۆ هەموو ئەوانەی بۆیان گرنگە."[7]

**بەپێی بەڵگە مێژووییە بەهێزەکان، مەسیحییەکان باوەڕیان وایە عیسا بە هێزی سەروسروشتی خودایی بە جەستە هەڵساوەتەوە لە کات و شوێنی ڕاستیدا. ڕەنگە سەختییەکانی باوەڕکردن گەورە بن، بەڵام ئەو گرفتانەی لە باوەڕپێنەکردنی دەمێنێتەوە لەوەش گەورەترن.**

پۆڵ ئێڵ مەیەر دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، "ئەگەر گشت بەڵگەکان بە وریایی و ڕەوانی بکێشرێن ئەوا بەڕاستیی جێگەی دڵنیاییە بە پێی پەڕاوەکانی بەدواداچوونە مێژووییەکان و لەمەشەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە گۆڕەکەی عیسا بەڕاستی بەتاڵ بووە و هیچ پارچە بەڵگەیەک نە لە ویژە نە لە نووسراوەناسی و شوێنەوارناسی نەدۆزراوەتەوە کە ناڕاستیی ئەم گوتەیە بسەلمێنێت."[٨]

چۆن دەتوانین گۆڕە بەتاڵەکە ڕوون بکەینەوە؟

بەپێی بەڵگە مێژووییە بەهێزەکان، مەسیحییەکان باوەڕیان وایە عیسا بە هێزی سەروسروشتی خودایی، بە جەستە هەڵساوەتەوە لە کات و شوێنی ڕاستیدا. ڕەنگە سەختییەکانی باوەڕکردن گەورە بن، بەڵام ئەو گرفتانەی لە باوەڕپێنەکردنی دەمێنێتەوە لەوەش گەورەترن.

بارودۆخی گۆڕەکە پاش هەڵسانەوەکە خاوەن گرنگیەکی تایبەتە. مۆرە ڕۆمانییەکە شکابوو، کە واتە سزای سەخت هەیە بۆ هەر کەسێک ئەم کارەی کردبێت. تاشەبەردە زەبەلاحەکە نەک تەنها لە دەروازەی گۆڕەکە لابرابوو بەڵکوو تەواو لە گۆڕەکە دوورخرابووەوە، وا دەردەکەوت کە هەڵگیرابێت و دوورخرابێتەوە. لە مێژووی کۆندا، تاشەبەردەکان هەندێک جار خلۆر دەکرانەوە لە گۆڕەکان بۆ ئەوەی بتوانرێت دزییان لێ بکرێت. بەڵام تەنها تەماشاکردنی ئەمە مەحاڵە بکرێت لەگەڵ هەبوونی پاسەوان، بەهۆی ئەو سزا سەختانەی بەسەر پاسەوانەکاندا دەهات بۆ شکستهێنان لە ئەرکەکانیاندا. زانای پەیمانی نوێ کرەیگ کینەر دەیخاتە ڕوو کە "سزای خەولێکەوتن بۆ پاسەوانەکان دەکرا زۆر سەخت بێت و ئەوەی پاسەوانانێک گوتبێتیان کە خەوتبوون لە ماوەی دزیەکەدا زۆر گوماناویی دەردەکەوێت."[٩] ئەم سزایانە چی بوون؟ سەربازانی ڕۆمان ئەگەر خەویان لێبکەوتبا دەکرا لێیان بدرێت، ئەشکەنجە بدرێن و لە وڵاتەکە دەربکرێن. ئەو پاسەوانانەی ڕێگەیان دەدا زیندانیکراوان دەرباز بین دەکرا لەسێدارە بدرێن.[١٠] پاسەوانەکان هەموو پاڵنەرێکیان هەبوو بۆ پاراستنی گۆڕ و لاشەکە.

بۆچوونت چییە؟
ئایا هەرگیز لە کۆمەڵەیەکدا بوویت و شتێک ڕوویدابێت کە هەمووتانی گرتبێتەوە؟ ئایا چیرۆکەکانتان هەمان شت بوون؟ چەندە سەختە کە وا لە هەمووان بکەیت دەقاودەق هەمان چیرۆک بگێڕنەوە؟

بەگوێرەی هەر چوار ئینجیلەکە، ئافرەتەکان هاتن و بینییان کە گۆڕەکە بەتاڵە. پەشۆکان و چوونەوە تا بە پیاوەکان بڵێن. سەرەتا یۆحەنا گەیشت بەڵام نەچووە ژوورەوە. تەماشای ژوورەوەی کرد و کفنەکەی بینی کە دانرابوو، بەڵام بەتاڵ بوو. جەستەی مەسیح ڕێک بەناویاندا تێپەڕی بۆ بوونێکی نوێ. با ڕووبەڕووی ببینەوە: هەر کەسێک بێت، هەرکەسێک بێت دیمەنێکی وا دەیکاتە باوەڕدار.

## تیۆرییە جێگرەوەکان بۆ هەڵسانەوە

زۆر کەس پەرەیان بە تیۆریی جێگرەوە داوە بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵسانەوەکە. هەرچەند تیۆرییە جێگرەوەکان دەتوانن پشت بە هەندێک لە ڕاستییە مێژووییەکان ببەستن، بەڵام بەدەر لە هەڵسانەوەکە هیچ تیۆرییەک پشت نابەستێت بە تەواوی ڕاستییە زانراوەکان. لە ڕاستییدا لاوازیی هەندێکیان یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی هەڵسانەوەکە.

## تیۆریی گۆڕە هەڵەکە

تیۆرییەک کە لەلایەن زانای بەریتانی پەرتووکی پیرۆز کریسۆپ لەیک پێشنیاز کراوە کە وای دادەنێت ئەوانەی گوتبوویان لاشەکە دیار نەماوە بەهەڵە ڕۆیشتبوون بۆ گۆڕێکی دیکە لەو بەیانییەدا. ئەگەر وابێت، ئەوا قوتابییەکانیش ڕۆیشتبوون بۆ گۆڕێکی هەڵە. هەرچۆنێک بێت دەتوانین دڵنیا بین کە دەسەڵاتە جوولەکەکە کە داوای لەو پاسەوانە ڕۆمانییانە کردبوو جێگیر بن لای گۆڕەکە بۆ ئەوەی ڕێگریی بکەن لە دزرانی لاشەکە، ناکرێت هەڵەیان کردبێت دەربارەی شوێنی گۆڕەکە. پاسەوانە ڕۆمانییەکانیش نەدەکرا بەهەڵەدا چووبێتن، چونکە لەوێ بوون.

## تیۆریی وڕێنەکردن

هەوڵێکی دیکەی ڕوونکردنەوە بانگەشە دەکات کە دەرکەوتنەکانی عیسا لە پاش هەڵسانەوە یان وەهم بوون یان وڕێنەکردن. کێشەیەکی ئەم تیۆرییە ئەوەیە کە وڕێنەکردن دەرکەوتنە بۆ تاکەکەس و لە مێژوودا بەڵگەی زۆر کەم هەیە بۆ وڕێنەکردن

به کۆمەڵ. هێندەی خەون بینین بە کۆمەڵ ڕێی تێناچێت وڕێنەکردن بە کۆمەڵیش ئەوەندە. لەگەڵ ئەوەشدا عیسا بۆ چەندین کۆمەڵ دەرکەوت بە یازدە قوتابییەکەشەوە (بڕوانە یۆحەنا ٢٠؛ لۆقا ٢٤: ٣٦-٤٩)، هەروەها ئەو ئافرەتانەی گۆڕەکەیان جێدەهێشت (بڕوانە مەتا ٢٨: ٨-١٠)، هەروەها پێنج سەد شایەتحاڵەکە (بڕوانە یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٦).

پاشان تیۆریی وڕێنەکردن گۆڕانەکەی پۆڵسیش ڕوون ناکاتەوە یان گۆڕە بەتاڵەکە. جگە لەوە، ئەگەر قوتابییەکان وڕێنەیان کردبێت ئەوا لاشەکەی عیسا لەکوێبوو و بۆچی ئەوانەی دژی بوون لاشەکەیان نەدۆزییەوە؟

## تیۆریی بێهۆشبوون

کارل ڤێنتۆرینی ئەڵمانی و ڕاشنالیستی سەدەی نۆزدەهەم تیۆریی لەهۆشچوونی ناودار کرد و تەنانەت ئەمڕۆش هەندێک کات پێشنیاز دەکرێت. بانگەشە دەکات کە عیسا بەڕاستیی لەسەر خاچەکە نەمرد؛ ئەو تەنها بوورابووەوە لە ماندوویێتیی و کەمخوێنیی. هەمووان وایان دانا کە مردووە، بەڵام بەهۆش هاتەوە و دواتر قوتابییەکانی وایانزانی لە مردن هەڵساوەتەوە.

مەحاڵە هیچ مرۆڤێک کە بە نیوەمردوویێتیی لە گۆڕ دزرابێت، لاواز و نەخۆش، تێکشکاو، لە پێویستییدا بۆ چارەسەری پزیشکیی بێت بکرێت ئەو هەستە لای قوتابییەکانی دروست بکات کە ئەو بەسەر مردن زاڵ بووە لە پاش ئەو هەمووە. بەهۆشهاتنەوەیەکی لەو جۆرە هەموو بانگەشە بەرز و گەورەکانی سارد دەکردەوە لە دڵیاندا کە لە ماوەی ژیانیدا کردبوونی، ڕەنگە کەمێک دڵنەوایی بکرێن بەڵام هەرگیز نەدەکرا ئەمە خەمەکەیان بگۆڕێت بۆ پەرۆشیی یان ڕێزەکەیان بۆ عیسا بەرز بکاتەوە بۆ پەرستش.[١١]

## تیۆریی دزرانی لاشەکە

تیۆرییەکی دیکە باس لەوە دەکات کە قوتابییەکان جەستەی مەسیحیان دزی کاتێک پاسەوانەکان خەوتبوون. بەڵام ئەم تیۆرییەش دەکەوێت. چونکە یەکەم شت، بەو هۆکارانەی باسمان کرد پاسەوانەکان ڕێگرییان لە دزییەکە دەکرد (بڕوانە مەتا ٢٧: ٦٢-

٦٦). جگە لەمە، باری دەروونیی ڕووخاوی قوتابییەکان مشتومڕێکی بەهێز دروست دەکات لەبەرنبەریدا. ئایا دەتوانین وێنای ئەوە بکەین کە لەپڕ ئازا و چاونەترس بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵێک سەربازی هەڵبژێردراو لە لای گۆڕەکە و لاشەکە بدزن؟ بەبێ وەرگرتنی ڕۆحی پیرۆز و باوەڕی ئەوەی عیسا هەڵساوەتەوە، هەرگیز لە بارێکی وادا نابن بۆ ئەوەی هیچ شتێکی وا بکەن.

جەی ئێن دی ئەندرسن لە تێبینییەکدا بۆ پێشنیازی ئەوەی قوتابییەکان جەستەی عیسایان دزیوە دەڵێت، "ئەمە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی دەربارەی ئەوان دەیزانین لە فێرکردنە ڕەوشتییەکان، دروستیی شێوازی ژیانیان، خۆڕاگرییان لە ئازارچەشتن و چەوسانەوە و بیرۆکەیەکی ڕوونیشمان پێنادات لەسەر ئەو گۆڕانە مەزنەی لە کۆمەڵەیەکی ترسنۆک و هیوابڕاوی ڕاکەرەوە ئەوانی گۆڕی بۆ شایەتحاڵانێک کە هیچ سەرکوتکردنێک دایاننامرکێنێتەوە."[١٢]

زیاتر لەوەش، ئەگەر قوتابییەکان لاشەکەیان دزیبێت ئەوا شایەتییەکانیان بە درۆ بەند دەبێت. ئایا باوەڕمان بەوە دەبێت کە ئەوان بەمەبەست درۆیەکیان هەڵبەستبێت بۆ ئەوەی تووشی هەڕەشە، ئەشکەنجەدان، زیندانیکردن و شەهیدکردن ببن؟ بێواتایە.

## تیۆریی گواستنەوەی لاشەکە

تیۆرییەکی دیکە دەڵێت کە ڕۆمانییەکان، جوولەکەکان یان هەر دەسەڵاتێکی دیکەی نەناسراو لاشەی مەسیحیان گواستووەتەوە لە گۆڕەکە. ئەم ڕوونکردنەوەیە هیچ لۆجیکیتر نییە لە تیۆریی دزینی لاشەکە. ئەگەر لاشەکە لای دەسەڵات بووایە یان بیانزانیبێت لەکوێیە، بۆچی باسی ئەوەیان نەکرد کە بردوویانە، بەم شێوەیەش کۆتاییەکی کاریگەریان دادەنا لەسەر مزگێنیدان بۆ هەڵسانەوەکە لە ئۆرشەلیم؟ ئەگەر دەسەڵاتدارەکان لاشەکەیان بردبێت ئەوا بۆچی ڕێک نەیانگوت لەکوێیە؟ بۆچی لاشەکەیان نەخستە سەر عەرەبانەیەک و بە ناوەندی ئۆرشەلیمدا بیبەن؟ کارێکی وا بەتەواوی مەسیحییەتی بنەبڕ دەکرد.

**ئەگەر دەسەڵاتەکە لاشەکەیان بردبێت، ئەوا بۆچی لاشەکەیان نەخستە سەر عەرەبانەیەک و بە ناوەندی ئۆرشەلیمدا بیبەن؟ کارێکی وا بەتەواوی مەسیحییەتی بنەبڕ دەکرد.**

جۆن وارویک مۆنتگۆمری لەسەر ئەمە سەرنجێک دەدات: "سەختە باوەڕ بەوە بکرێت کە مەسیحییەکانی زوو چیرۆکێکی وایان هەڵبەستبێت و پاشان بێن بۆ کەسانێکی باس بکەن کە بە ئاسانی دەیانتوانی ڕەتی بکەنەوە بە پیشاندانی لاشەی عیسا."[١٣]

## تیۆریی ونبوونی گۆڕی عیسا

هەروەها ئەم تیۆرییە بە گۆڕی "تەلپیۆت"یش ناسراوە چونکە لەو بیرۆکەیەوە سەری هەڵداوە کە عیسا دووبارە لە گۆڕە خێزانییەکەی (گۆڕی خێزانیی شوێنێکە کە گۆڕەکان بەجیا لە ناویدان) کە پێنج کیلۆمەتر لە باشووری ئۆرشەلیمەوەیە نێژراوە، دوای بەسەربردنی شەممە بەنێژراوی لە گۆڕ یوسفی ڕامە. بەم جۆرە گۆڕی یوسفی ڕامە تەنها کاتی بوو و لاشەی عیسای مەسیح برا بۆ ئەوەی پرۆسەی ناشتنەکە جێبەجێ بکەن. هەرچەندە ئەم تیۆرییە سەرنجی میدیاکانی کۆکردەوە سەر خۆی بەهۆی دەرچوونی فیلم و پەرتووکێک، لەلایەن زانایانەوە ڕەت کراوەتەوە. بەڵگەکان چین بۆ ڕەتکردنەوەی؟ یەکەم شت، لەگەڵ تۆماری ئینجیلەکان یەک ناگرێتەوە دەربارەی ئەوەی چی بەسەر لاشەی مەسیحدا هات. دووەم، خێزانی عیسا دەوڵەمەند نەبوون و لەوە نەدەچوو خاوەنی گۆڕێکی خێزانیی بووبێتن. ئەگەر یەکێکیان هەبووبا ئەوە لە جەلیل دەبوو.[١٤] پاشان لە کۆتاییدا، ئەو ناوانەی سەر گۆڕەکان کە لەگەڵ چەندین کەس لە کەسایەتییەکانی ئینجیل یەک دەگرنەوە ناوی باوی ئەو کاتە بوون و بەو شێوەیە ناپێکێت وەک ئەوەی لایەنگرانی ئەم تیۆرییە لێکیدەدەنەوە. تەنانەت چەندین کێشەی سەختتر هەیە لەسەری کە پرۆفیسۆر کرەیگ ئیڤانس لە نووسینەکەیدا بۆ کۆمەڵگەی شوێنەوارناسیی پەرتووکی پیرۆز گفتوگۆی لەسەر دەکات بەناونیشانی "گۆڕی عیسا؟ لە هەموو لایەنێکەوە بەهەڵەداچوو."[١٥]

هەر بۆیە جۆیدی ماگنێسی شوێنەوارناس دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم بانگەشەیە "ناوی زل و دێی وێرانە و هیچ بناغەیەکی زانستی نییە بۆ پشتگیریکردن."[١٦]

## تیۆریی لاساییکردنەوە

"هیچ شتێک لە مەسیحییەت ڕەسەن نییە" یەکێکە لە باوترین ئەو دێڕانەی ئەمڕۆ لەلایەن گومانگەراکانەوە بەکار دێت. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم چەندین زانا باوەڕیان وابوو کە بانگەشە گەوهەرییەکانی مەسیحییەت لە ئایینە گریکۆ-ڕۆمانییە نهێنیئامێزەکان دزراوە. عیسا وەک خوداوەندێکی دیکەی "مردوو و زیندووبووەوە"ی نەریتەکانی ئۆزۆرێس، میترا، ئەدۆنیس و دیۆنیسۆس دانراوە. هەرچەندە ئەم تیۆرییە ماوەیەک زۆر باو بوو، بەڵام ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوەیەکی جیهانیی دەبێتەوە لەلایەن زانا سەردەمییەکانەوە. بەم هۆیەوە:

هەرچەندە ڕەنگە هاوتەریبیی لە نێوان عیسا و ئایینە نهێنیئامێزەکان لە ڕووکەشدا دەربکەوێت، بەڵام لەژێر لێکۆڵینەوەدا دادەڕمێن. بۆ نموونە ئۆزۆرێس لەلایەن زۆرێکەوە بە خودایەکی مردوو و زیندووبووەوەی میسری کۆن دادەنرێت. بەپێی ئەفسانەکە ئۆزۆرێس لەلایەن 'سێت'ەوە کوژرا و لەلایەن ئیزیس زیندووکرایەوە. بەڵام لەجیاتی ئەوەی بێتەوە جیهان بە جەستەیەکی هەڵساوەوە، ئۆزیرۆزس بووە پاشای جیهانی ژێرەوە — سەختە هاوتەریب بێت لەگەڵ هەڵسانەوەی مێژوویی عیسا. هەر بۆ ئەمەیە پۆڵ رۆودێس ئێدی و گریگۆری بۆید، نووسەرانی ئەفسانەی عیسا، دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی "جیاوازییەکانی نێوان مەسیحییەت و ئایینە نهێنیئامێزەکان زۆر قووڵترە لە هەر لێکچوونێک کە هەیانبێت. هەرچەندە دەستەواژەی هاوتەریبیش بەکارهاتبن، بەڵگەی کەم هەیە لەسەر چەمکی هاوتەریب لەنێوان مەسیحییەتی زوو و ئەو ئایینانە."[١٧]

**بۆچوونت چییە؟**
ئایا دەتوانی بیر لە هەر ڕوونکردنەوەیەکی سروشتیی دیکە بکەیتەوە کە ڕێی تێبچێت بۆ هەڵسانەوەکەی عیسا؟ ئایا هیچ تیۆرییەکی دیکە هەیە بتوانێت ڕوونکردنەوە بدات بۆ ئەو هەموو ڕاستییە مێژووییانەی دەوری پێشهاتەکان وەک خودی هەڵسانەوەکە؟

جیاواز لە عیسا مێژووییەکە، هیچ بەڵگەیەک پشتپێبەستراو نییە بۆ گریمانەی هیچکام لەو چیرۆکە هاوتەریبانەی ئایینە نهێنیئامێزەکان. عیسای ناسیرەیی نانی خوارد، خەوت، پەرجووی ئەنجام دا، مرد و هاتەوە بۆ ژیان. ئەم پێشهاتانە بە تۆماری مێژوویی

پشتپێبەستراو پاڵپشتی دەکرێن. بەپێچەوانەوە، خوداوەندە مردوو و زیندووبووەکانی ئایینە نهێنیئامێزەکان ئەفسانەگەلێک بوون کە لەگەڵ وەرزەکاندا ساڵانە دەگۆڕان.

تی ئێن دی مێتینگەر، پرۆفیسۆری پەرتووکی پیرۆزی عیبرانیی لە زانکۆی لوند، لێکۆڵینەوەی قووڵی کرد بۆ گریمانەی مردن و هەڵسانەوەی خوداوەندەکان. لە مەتەڵی هەڵسانەوە مێتینگەر نکووڵی ناکات لە هەبوونی ئەفسانەکانی مردن و هەڵسانەوە خوداوەندەکان لە جیهانی کۆندا، کە دانیش بەوەدا دەنێت دیدی کەمینەیەکە. بەڵام دەرئەنجامەکەی فیلمی تیۆریی لاساییکردنەوە دەسووتێنێت.

> هێندەی ئاگادارم هیچ بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا نییە کە مردن و هەڵسانەوەی عیسای مەسیح لە ئەفسانە و نەریتەکانی خوداوەندەکان پێکهێنرابێت. هەرچەندە دەتوانرێت لەژێر پاشخانی عیبرانی لێی بکۆڵدرێتەوە لە بابەتی باوەڕ بە هەڵسانەوەکە، باوەڕ بە مردن و هەڵسانەوەی عیسا خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی لە مێژووی ئایینەکاندا. مەتەڵەکە دەمێنێت.[١٨]

## پشکنینی هەڵسانەوەکە

پرۆفیسۆر تۆماس ئارنۆڵد، نووسەری بەرهەمی بەناوبانگی سێ بەرگی مێژووی ڕۆما و سەرۆکبەشی مێژووی مۆدێرن لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، بەباشی ئاشنا بوو بە بەهای بەڵگەکان لە دیاریکردنی ڕاستییە مێژووییەکان. گوتی:

> بۆ چەندین ساڵە لێکۆڵینەوە لە مێژووی سەردەمانی دیکە دەکەم و قورسایی ئەو بەڵگانە دەپێوم کە لەبارەیانەوە نووسراون، هیچ ڕاستییەکیش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نییە کە باشتر و پڕاوپڕتر سەلمێندرابێت لە هیچ جۆرێک بۆ تێگەیشتنی کەسێک کە ڕاستگۆیانە لێی بکۆڵێتەوە لەو نیشانە مەزنەی خودا بە ئێمەی داوە کە مەسیح مرد و دووبارە لە مردن هەڵسایەوە.[١٩]

زانای بەریتانیی بروک فۆس وێستکۆت، پڕۆفیسۆری لاهوتیەت لە زانکۆی کامبریج گوتی، "بە بەستنەوەی تەواوی بەڵگەکان بەیەکەوە، زۆر نییە ئەگەر بگوترێت کە هیچ پێشهاتێکی مێژوویی نییە لە هەڵسانەوەکەی مەسیح بە بەڵگەی زیاتر و هەمەجۆرتر پاڵپشتی بکرێت. تەنها مەگەر کەسێک بەو بیرەوە لێی بکۆڵێتەوە کە دەبێت ڕاست نەبێت، دەکرێت بیگەیەنێت بەوەی کە بەڵگەی پێویست نییە بۆ هەڵسانەوەکە."[٢٠]

پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە بەڵگە مێژووییەکان بۆ هەڵسانەوەی عیسا، د. ویلیام لەین کرەیگ دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە "لۆجیکیترین ڕوونکردنەوەی مێژوویی بۆ ڕاستییەکانی گۆڕە بەتاڵەکە، دەرکەوتنی پاش هەڵسانەوە و سەرچاوەی ڕێبازی مەسیحییەت، دەبێت ئەوە بێت کە عیسا لە مردن هەڵساوەتەوە."[٢١]

سایمۆن گرینلیف یەکێک بوو لە هەرە مەزنترینی ئەو بیرمەندە یاساییانەی ئەمریکا بەرهەمی هێنابێت. ئەو پڕۆفیسۆری شاهانەی یاسا بوو لە زانکۆی هارڤارد و جێی جەستس جۆزێف ستۆری گرتەوە وەک ڕاگری یاسا لە هەمان زانکۆ. کاتێک لە هارڤارد بوو لە بەرگێکدا هەڵسەنگاندن دەکات بۆ بەهای یاسایی شایەتیی نێردراوان بۆ هەڵسانەوەی مەسیح. تێبینی ئەوە دەکات کە مەحاڵە "نێردراوان بەردەوام بووبێتن لە ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییانەی گێڕاویاننەتەوە ئەگەر عیسا بەڕاستیی لە مردن هەڵنەستابێتەوە و ئەم ڕاستییەیان وەک زانینی گشت ڕاستییەکی دیکە نەزانیبێت."[٢٢] گرینلیف دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە هەڵسانەوەکەی مەسیح یەکێکە لە پاڵپشتیکراوترین پێشهاتەکانی مێژوو بەپێی یاساکانی بەڵگە یاساییەکان لە دادگاکانی دادوەریی.

**مەحاڵە "نێردراوان بەردەوام بووبێتن لە ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستیانەی گێڕاویاننەتەوە ئەگەر عیسا بەڕاستی لە مردن هەڵنەستابێتەوە و ئەم ڕاستییەیان وەک زانینی گشت ڕاستییەکی دیکە نەزانیبێت".**

سێر لیۆنێل لەکهوو لەلایەن زۆرێکەوە بە سەرکەوتووترین پارێزەر دادەنرێت لە پاش ٢٤٥ بێتاوانکردنی یەک لە دوای یەک لە کەیسی کوشتنەکان. وەک دادوەر خزمەتی کردووە لە دادگای باڵای گوایانا و دوو جار لەلایەن شاژنە ئیلیزابێسی دووەم خەڵاتی قارەمانی پێ دراوە. بەڵام هێشتا هیچ ئاشتییەکی نەبوو لە ژیانیدا هەتا ئەو کاتەی بووە شوێنکەوتەی عیسا. گوتی، "لەو ڕۆژەوە ژیانم گۆڕا"، "لە مردنەوە هاتمە ژیان و لە تاریکییەوە بۆ ڕوناکیی. دووبارە لەدایک بوومەوە."[٢٣] ئەم پارێزەرە نایابە بە ورد و درشتی

شیکردنەوەی بۆ ڕاستییە مێژووییەکانی هەڵسانەوەی مەسیح کرد و لە کۆتاییدا ڕایدەگەیەنێت:

> زیاتر لە چل و دوو ساڵم وەک پارێزەرێکی بەرگریکار لە دادگاکاندا بەسەر برد لە چەندین شوێنی جیهاندا. . . بەختەوەر بووم لەوەی چەندین سەرکەوتن مسۆگەر بکەم لەو دادگاییانەی شاندێکی دادوەرییان هەیە و بە ڕوون و ڕەوانی دەڵێم کە بەڵگەکانی هەڵسانەوەی عیسای مەسیح هێندە بەهێزن کە وا دەکات قەبووڵی بکەیت بەشێوەیەک کە هیچ بوارێک ناهێڵێتەوە بۆ گومان.[٢٤]

فرانک مۆریسن، پارێزەرێکی دیکەی بەریتانییە کە بەدوای ئەوەوە بوو وەڵامی بەڵگەکانی هەڵسانەوە بداتەوە. وایزانی کە ژیانی عیسا یەکێک بووە لە جوانترین ئەو ژیانکردنانەی کە تا ئێستا هەبووبێت، بەڵام کاتێک دێتە سەر هەڵسانەوەکە، مۆریسن وای دانابوو کە کەسێک هاتووە و ئەفسانەیەکی خستووەتە پاڵ چیرۆکەکە. پیلانی دانابوو کە تۆمارێک بنووسێت بۆ کۆتا ڕۆژەکانی مەسیح بە لێدەرکردنی هەڵسانەوەکە. پارێزەرەکە گەیشتبووە ئەوەی کە خوێندنەوەیەکی ژیرانە و لۆجیکییانە بۆ چیرۆکەکە، بەتەواوی پێشهاتێکی لەو شێوەیە لا دەبات. بەڵام کاتێک ئەزموونە یاساییەکەی خۆی بۆ ڕاستییەکان کارا کرد، پێویست بوو بیری بگۆڕێت. لە کۆتاییدا لەجیاتی وەڵامدانەوەی هەڵسانەوەکە، یەکێک لە پڕفرۆشترین بەرهەمەکانی نووسی بە ناوی *کێ تاشەبەردەکەی جووڵاند*؟ یەکەم بەشی پەرتووکەکەی بەناونیشانی "ئەو پەرتووکەی ڕەتی دەکردەوە بنووسرێت" دانا. بەشەکانی دیکەی پەرتووکەکەش ڕاستودروستیی بەڵگەکانی هەڵسانەوەکە دووپات دەکەنەوە.[٢٥]

لە هەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە کە هەر تاکێکی باوەڕدار دەتوانێت ئەمڕۆ ئەزموونی هێزی هەڵسانەوەی مەسیح بکات لە ژیانیدا. پێش هەموو شتێک، دەتوانن بزانن کە گوناهەکانیان بەخشراون (بڕوانە لۆقا ٢٤: ٤٦-٤٧؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣). دووەم، دەتوانن دڵنیا بین لە ژیانی هەتاهەتایی و هەڵسانەوەی خۆیان لە گۆڕ (بڕوانە یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ١٩-٢٦). سێیەم، دەتوانن دەرباز بین لە ژیانێکی بێواتا و پووچ و بۆ

بۆچوونت چییە؟
ئایا ئەو ڕاستییەی عیسای مەسیح دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا هەڵساوەتەوە هیچ گرنگییەکی هەیە بۆ تۆ؟ ئەگەر بەڵێ، چۆن و بۆ؟

بوونەوەرێکی تازە بگۆڕێن لە عیسای مەسیحدا بڕوانە (یۆحەنا ١٠: ١٠ ؛ دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٧).

هەڵسەنگاندن و بڕیاری تۆ چییە؟ بۆچوونت چییە لەسەر گۆڕە بەتاڵەکە؟ لە گۆشەنیگایەکی دادوەرانە پاش بەدواداچوون بۆ بەڵگەکان، لۆرد دارلینگ، سەرۆکی دادوەرانی ئینگلتەرا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی "بەڵگەکان بە ئەرێنی و نەرێنییەوە، بەوانەی پەیوەندییان بە بارودۆخ و سەردەمەکەوە هەیە هێندە بەهێزن کە هیچ دادوەرێکی ژیر لە جیهاندا ناکرێت شکست بهێنێت لە دووپاتکردنەوەی ڕاستبوونی چیرۆکی هەڵسانەوەکە."[٢٦]

بەشی ١٠

# تکایە با مەسیحە ڕاستەقینەکە هەڵبستێتە سەر پێ

لەنێو گشت باوەڕنامەکانی عیسا بۆ پاڵپشتیکردنی بانگەشەکانی وەک مەسیحەکە و کوڕی خودا، یەکێک لە هەرە بەهێزەکانیان زۆر کات تێبینی ناکرێت: کە چۆن ژیانی چەندین پێشبینیی هێناوەتەدی.* لەم بەشەدا مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕاستییە ناوازەیەدا دەکەین.

دووبارە و چەندین بارە عیسا پێشبینییەکانی پەیمانی کۆنی دەهێنایەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی بانگەشەکانی. "ئەوسا دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی دەربارەی خۆی بوون لە هەموو نووسراوە پیرۆزەکاندا، هەر لە تەوراتی مووساوە هەتا هەموو پەرتووکەکانی پێغەمبەران." (لۆقا ٢٤: ٢٧). عیسا بە قوتابییەکانی گوت، "«ئەم قسانەم بۆ کردن کاتێک لەگەڵتان بووم: پێویستە هەموو ئەوانەی لە تەوراتی موسا و پێغەمبەران و زەبووردا دەربارەی من نووسراون بێنە دی.»" (ئایەتی ٤٤). ئەو بە ڕابەرە جوولەکەکانی گوت، "ئەگەر باوەڕتان بە موسا بکردایە، باوەڕتان بە منیش دەکرد، چونکە لەبارەی منەوە نووسیویەتی." (یۆحەنا ٥: ٤٦). "عیسا پێی فەرموون: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، پێش ئەوەی ئیبراهیم لەدایک ببێت، من هەم.»" (یۆحەنا ٨: ٥٦).

* مەبەستمان لە پێشبینیی لێرەدا پێشبینییەکە لەلایەن خوداوە کراوە و بێگومان ڕوودەدات. جیاواز لە پێشبینی جیهانیی کە ڕەنگە ڕوو بدات یان ڕوو نەدات.

نێردراوان و نووسەرانی پەیمانی نوێیش بەردەوام گەڕاونەتەوە بۆ ئەو پێشبینییە بەدیهاتووانە بۆ پشتڕاستکردنەوەی بانگەشەکانیان لەسەر عیسا وەک کوڕی خودا، ڕزگارکەر و مەسیحەکە:

**بەڵام خودا ئەوەی هێنایە دی کە پێشتر لەسەر زمانی هەموو پێغەمبەرانەوە ڕایگەیاندبوو، کە مەسیحەکەی خۆی ئازار دەچێژێت.**
**کردار ٣: ١٨**

**پۆڵس وەک کردبوویە پیشە چووە لایان، سێ ڕۆژی شەممە لەسەر یەک بە نووسراوە پیرۆزەکان گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن، ڕوونی دەکردەوە و دەریدەخست کە دەبووایە مەسیح ئازار بچێژێت و لەنێو مردووان هەڵسێتەوە. پێی گوتن: «ئەم عیسایەی من پێتانی ڕادەگەیەنم، مەسیحەکەیە.»**
**کردار ١٧: ٢-٣**

**ئەوەم پێدان کە یەکەمین و گرنگترینە و منیش وەرمگرتبوو: کە مەسیح لە پێناوی گوناهەکانمان مرد بەگوێرەی نووسراوە پیرۆزەکان، ئەو نێژرا و لە ڕۆژی سێیەم هەڵسایەوە بەگوێرەی نووسراوە پیرۆزەکان.**
**یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣-٤**

**بۆچوونت چییە؟**
**پێتوایە جیاوازییەک هەبێت لە نێوان پێشبینیی خودایی و پێشبینیی جیهانیی؟ ئایا هیچ شتێک لە ژیانی تۆ هەبووە کاتێک منداڵ بوویت پێشبینی کرابێت و لە دواتردا هاتبێتە دی؟ ئەمە چۆن جیاوازە لەو پێشبینییانە عیسا هێنانیەدی؟**

پەیمانی کۆن چەندین جۆری پێشهات و کەسایەتی تێدایە کە پێشبینی هاتنی عیسا دەکات. بۆ نموونە، ڕەنگە یوسف وەک جۆرێک لە عیسا ببینرێت کاتێک بە درۆ تۆمەتبار دەکرێت، بۆ زیو فرۆشرا و لە دواتردا بووە ڕزگارکەری خەڵکەکەی. هەندێک کەس ئەمانە بە پێشبینی ڕووەوڕابردوو دادەنێن کە پاش هاتنی عیسا ڕوونن. هەروەها پەیمانی کۆن چەندین پێشبینیی ڕووەوداهاتووی تێدایە کە پێشبینیی هاتنی مەسیحەکە دەکەن. یارمەتیدەر دەبێت ئەگەر وەک "ناونیشانێک" بۆ مەسیح بڕوانینە ئەم پێشبینییانە.

## ناونیشانێک لە مێژوو

ڕەنگە هەرگیز پەییت بە گرنگی ناو و ناونیشانی خۆت نەبردبێت، بەڵام ئەم وردەکارییانە لە زیاتر لە هەشت ملیار کەس جیات دەکەنەوە کە ئەوانیش لەسەر ئەم هەسارەیە نیشتەجێن. لەگەڵ وردەکاریی لەوەش زیاتر، خودا "ناونیشانێک"ی لە مێژوودا نووسی بۆ جیاکردنەوەی کوڕەکەی، مەسیحەکە، ڕزگارکەری مرۆڤایەتی لە هەر کەسێک کە لە ڕابردوو، ئێستا یان داهاتوو ژیابێت. وردەکاریی ئەم ناونیشانە دەکرێت لە پەیمانی کۆندا بەدی بکرێت، بەڵگەنامەیەک کە زیاتر لە چەندین هەزار ساڵ نووسراوە کە چەندین ئاماژە و سەرەداو دەربارەی ئەو مەسیحەی کە دێت دەدەن بەدەستەوە.

ڕێتێچوونی ئەوەی ئەم ناونیشانەی خودا بۆ پیاوێک ببێت زۆر ئاڵۆزە، بەو پێیەی هەموو ئەو پێشبینییانەی دەربارەی مەسیحن، چەندین ساڵ بەر لە دەرکەوتنی تۆمار کراون. گشت پەرتووکەکانی پەیمانی کۆن لە پێش لەدایکبوونی عیساوە نووسراون. هەندێک ڕەنگە پێشنیازی ئەوە بکەن ئەم پێشبینییانە لە پاش کاتی مەسیحەوە نووسراون و بە جۆرێک داڕێژراوە کە هاوتا بێت لەگەڵ پێشهاتەکانی ژیانی. بەڵام تەنانەت زانا ڕەخنەگرەکانیش ئەوە قەبووڵ دەکەن کە مەودایەکی کاتیی بەرچاو هەیە لە نێوان نووسینی پەیمانی کۆن و لەدایکبوون و ژیانی عیسا.

بێگومان خودا ناونیشانێکی لە مێژوودا دەنووسی کە تەنها مەسیحەکەی بتوانێت بیگرێتە خۆ. چەندین مەسیحناوی درۆزن هەبوون. بەڵام تەنها یەک پیاو—عیسای مەسیح—باوەڕنامەکانی هەبوو چونکە لە مردن هەڵسایەوە و پێشبینییەکەی بەدی هێنا.

هەندێک لەو باوەڕنامە مەسیحناسییانە چین؟ هەروەها چ پێشهاتگەلێک پێویست بوو پێش بکەون و هاوتا بن لەگەڵ دەرکەوتنی کوڕی خودا؟

بۆ دەستپێکردن پێویستە بگەڕێینەوە بۆ پەیدابوون ۳: ۱۵*، کە لەوێ یەکەم پێشبینیی مەسیحناسیی لە پەرتووکی پیرۆزدا دەبینین: "دوژمنایەتیش دەخەمە نێوان تۆ و ئافرەتەکە، نێوان تۆوی تۆ و تۆوی ئەوەوە. ئەو سەرت پان دەکاتەوە و تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت.»" ئەم پێشبینییە دەکرێت ئاماژە بە تەنها یەک پیاو بکات لە تەواوی نووسراوە پیرۆزەکاندا. هیچ کەسێک نییە جگە لە عیسا کە لە پاکیزەیەک بووە، بتوانرێت وەک "تۆو"ی ئافرەتێک ئاماژەی پێ بکرێت. هەموو کەسێکی دیکە لە مێژوودا لە تۆوی پیاوەوە دێن. وەرگێڕانەکانی دیکە هەمان بانگەشە دەکەن کاتێک ئەم لەناوبەری شەیتان بە نەوەی ئافرەتەکە دەناسێنن، لە کاتێکدا لە هەموو شوێنێکی دیکەی پەرتووکی پیرۆز، نەوەکان لە پیاوەکەوە هەژمار دەکرێن. ئەم نەوەیە یان "تۆو"ی ئافرەتەکە دێتە ئەم جیهانە و کاری شەیتان لەناودەبات (سەری پان دەکاتەوە).

لە پەیدابوون ۹ و ۱۰ خودا ناونیشانەکە وردتر دەکاتەوە. نوح سێ کوڕی بوو: شام، حام و یافەت. گشت نەتەوەکانی جیهان دەتوانرێت بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەم سێ پیاوە. بە زانینی ئەوەی جیهان بە زریانەکە ڕامالدراوە، خودا بازنەی بنەچەی مەسیحەکە وردتر دەکاتەوە بە لێدەرکردنی سێ دووی ڕەگەزی مرۆڤایەتی بە دیاریکردنی ئەوەی مەسیحەکە لە نەوەی شامەوە دێت، یەکێک لە سێ کوڕەکەی نوح.

پاشان بە بەردەوامبوون بۆ ساڵی ۲۰۰۰ی پێش زایین، دەبینین کە خودا پیاوێکی بە ناوی ئیبراهیم بانگ کرد بۆ دەرەوەی ئوور و کلدانییەکان. لەگەڵ ئیبراهیم دەتوانین ببینین کە خودا وردتر دەبێتەوە بەوەی بڵێت کە مەسیحەکە یەکێک دەبێت لە نەوەکانی. هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی لە ڕێگەی ئیبراهیمەوە بەرەکەتدار دەبن (بڕوانە پەیدابوون

* لێرەدا وەشانێکی جیاوازمان بەکارهێناوە لە وەشانەکەی بیبلیکا

**١٢: ١-٣؛ ١٧: ١-٨؛ ٢٢: ١٥-١٨). زۆرێک لە نەوەکانی ئیبراهیم کرانە دەرەوە کاتێک خودا ئیسحاقی دووەم کوڕی ئیبراهیمی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێت بە باوانی مەسیحەکە، نەوەک ئیسماعیل (بڕوانە پەیدابوون ١٧: ١٩-٢١؛ ٢١: ١٢).**

**ئیسحاق دوو کوڕی بوو، یاقوب و عیسۆ. خودا بنەچەی یاقوبی هەڵبژارد (بڕوانە پەیدابوون ٢٨: ١-٤؛ ٣٥: ١٠-١٢؛ سەرژمێری ٢٤: ١٧). یاقوب دوازدە کوڕی بوو کە لەوانەوە دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیل دروست بوون. پاشان خودا هۆزێکی جیا کردەوە و دوازدە یازدەی دەرکرد و لە هەموو بنەچە خێزانییەکانی ناو هۆزەکەی یەهودا، بنەچەی یەسای هەڵبژارد (بڕوانە ئیشایا ١١: ١-٥). دەتوانین ببینین کە چۆن ناونیشانەکە وردتر دەبێتەوە.**

**یەسا هەشت کوڕی بوو و لە دووەم ساموئێل ٧: ١٢-١٦ و یەرمیا ٢٣: ٥ خودا هەشت حەوتی بنەچە خێزانییەکان دەردەکات بە هەڵبژاردنی کوڕەکەی یەسا، داود. جا بەپێی بنەچە، مەسیحەکە دەبێت لە تۆوی ئافرەتێک بێتە جیهانەوە، لە بنەچەی شام، نەوەی ئیبراهیم، نەوەی ئیسحاق، نەوەی یاقوب، هۆزی یەهودا، خێزانی یەسا و لە بنەماڵەی داود.**

**بۆچوونت چییە؟**
**ئایا هەرگیز ئاشنا بوویت بە نەسەبنامەکەت؟ ئایا هیچ ڕاستییەکی سەرنجڕاکێشت بۆ ئاشکرا بووە سەبارەت بە خێزانەکەت؟ ئایا هیچ دەربارەی نەسەبنامەی عیسا دەزانیت؟ لای تۆ چ شتێک زۆر سەرنجڕاکێشە لەبارەیەوە؟**

**لە میخا ٥: ٢ خودا گشت شارەکانی جیهانی خستە دەرەوە و بێتلەحمی هەڵبژارد وەک شوێنی لەدایکبوونی مەسیحەکە کە لە کاتی پێشبینییەکەدا دانیشتووانەکەی کەمتر لە هەزار کەس بوون.**

**پاشان لەڕێگەی زنجیرە پێشبینییەکەوە تەنانەت کات و سەردەمەکەش دیاریی دەکات کە ئەم پیاوە جیا دەکاتەوە. بۆ نموونە مەلاخی ٣: ١ و چوار ئایەتی دیکەی پەیمانی کۆن دەیخەنە ڕوو کە مەسیحەکە دەبێت کاتێک بێت کە پەرستگەی ئۆرشەلیم**

هیشتا نەڕوخابێت (بڕوانە زەبوورەکان ١١٨: ٢٦؛ دانیاڵ ٩: ٢٦؛ زەکەریا ١١: ١٣؛ حەگەی ٢: ٧-٩). ئەمە گرنگییەکی زۆر تایبەتی هەیە کاتێک پەی بەوە دەبەین کە پەرستگەکە لە ساڵی ٧٠ی زایینیدا ڕووخاوە و دروست نەکراوەتەوە.

ئیشایا ٧: ١٤ ئەوە زیاد دەکات کە مەسیح لە پاکیزەیەک دێتە دنیاوە. لەدایکبوونێکی سروشتیی و دووگیانبوونێکی ناسروشتیی باوەڕنامەیەک بوو لەسەروو پلان و کۆنترۆڵی مرۆیی. چەند پێشبینییەک لە ئیشایا و زەبوورەکان باس لەو وەڵامدانەوە و کەشە کۆمەڵایەتییە دەکەن کە پیاوی خودا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە: خەڵکەکەی خۆی، جوولەکەکان، ڕەتی دەکەنەوە و ناجوولەکەکان باوەڕی پێ دەکەن (بڕوانە زەبوورەکان ٢٢: ٧-٨؛ ١١٨: ٢٢؛ ئیشایا ٨: ١٤؛ ٤٩: ٦؛ ٥٠: ٦؛ ٥٢: ١٣-١٥). کەسێک لەپێشیەوە دێت، دەنگێک لە چۆڵەوانی، یەکێک کە ڕێگا بۆ خوداوەند ئامادە دەکات، یەحیای لەئاوهەڵکێش (بڕوانە ئیشایا ٤٠: ٣-٥؛ مەلاخی ٣: ١).

تێبینی بکە کە چۆن یەک دەق لە پەیمانی نوێ (مەتا ٢٧: ٣-١٠) ئاماژە بە چەند پێشبینییەکی پەیمانی کۆن دەکات کە تەنانەت ناونیشانی مەسیح زۆرتریش ورد دەکەنەوە. مەتا باسی ئەو پێشهاتانە دەکات کە دەربارەی کردەوەکانی یەهوزان لە پاش ئەوەی ناپاکیی لە مەسیح کرد. مەتا دەست ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی کە ئەم پێشهاتانە لە دەقەکانی پەیمانی کۆن پێشبینیکراون (بڕوانە زەبوورەکان ٤١: ٩؛ زەکەریا ١١: ١٢-١٣).[١] لەم دەقانەدا خودا دەیخاتە ڕوو کە مەسیحەکە (١) ناپاکی لێ دەکرێت، (٢) لەلایەن دۆستێک، (٣) بۆ سی پارچە زیو و ئەو پارەیە (٤) لەسەر زەوی پەرستگە فڕێ دەدرێت. بەم شێوەیە ناونیشانەکە وردتر و وردتر دەبێتەوە.

**بنەچەی ورد، شوێن، کات و شێوازی لەدایکبوون؛ شێوازی مردن—ئەمانە تەنها بەشێکن لە سەدان وردەکاریی کە 'ناونیشانی' مەسیح پێکدەهێنن بۆ ناسینەوەی کوڕی خودا، ڕزگارکەری جیهان.**

پێشبینییەکیش کە دەگەڕێتەوە بۆ ١٠١٢ی پێش زایین دەڵێت دەست و پێی ئەم پیاوە کون دەکرێن، بەشێوەیەک کە هاوتایە لەگەڵ لەخاچدان (بڕوانە زەبوورەکان ٢٢: ٦-١٨؛ زەکەریا ١٢: ١٠؛ گەلاتیا ٣: ١٣). وەسفکردنی ئەم شێوازە مردنە

نزیکەی هەشت سەد ساڵ پێش ئەوەی ڕۆمانییەکان لەخاچدان وەک شێوازێکی لەسێدارەدان دابنێن نووسراوە.

بنەچەی ورد، شوێن، کات و شێوازی لەدایکبوون؛ شێوازی مردن—ئەمانە تەنها بەشێکن لە سەدان وردەکاری کە 'ناونیشانی' مەسیح پێکدەهێنن بۆ ناسینەوەی کوڕی خودا، ڕزگارکەری جیهان.

## ڕەتکردنەوە #١: پێشبینییەکان بەڕێکەوت بوون

ڕەخنەگرێک دەکرێت بڵێت، "جا دەتوانیت جێبەجێبوونی هەندێک لەم پێشبینییانە لە ئەبراهام لینکۆڵن، ئەنوەر سەعادەت، جۆن ئێف. کەنەدی، دایکە تێریسا، یان بێڵی گراهام ببینین."

بەڵێ، ڕەنگە کەسێک بێت و بەڕێکەوت یەک دوو پێشبینی لە کەسانی دیکەدا ببینێت، بەڵام هەموویان نا. تەنانەت لە ڕاستیدا بۆ چەندین ساڵ کۆمپانیای چاپ و بڵاوکردنەوەی کریستیان ڤیکتۆری لە دێنڤەر هەزار دۆلاری وەک خەڵات پێشکەش کرد بۆ هەر کەسێک کە بتوانێت کەسێک بدۆزێتەوە جگە لە عیسا، مردوو یان زیندوو، کە بتوانێت بەتەنها نیوەی ئەو پێشبینییە مەسیحناسییە دیاریکراوانەی ناو پەرتووکی "*مەسایا لە هەردوو پەیمانەکە*" بدۆزێتەوە کە لەلایەن فرێ جۆن مێڵدۆو نووسراوە. هیچ کەسێکیان بۆ هەڵنەکەوت.

ئایا هیچ کەسێک هەیە بکرێت گشت پێشبینییەکانی پەیمانی کۆنی تێدا جێبەجێ بووبێت؟ پیتەر ستۆنەر و ڕۆبێرت نیومان لە پەرتووکەکەیاندا بەناوی "زانست دەدوێت" هەژمارکردنێک دەکەن بۆ ئەوەی ئەو ئەگەرە شیبکەنەوە. ئێچ هارۆڵد رهارتزلەری کۆمەڵەی زانستی ئەمریکی گوتی،

دەستنووسی "زانست دەدوێت" بەوردیی پێداچوونەوەی بۆ کراوە لەلایەن ئەنجوومەنێکی کۆمەڵەی زانستی ئەمریکی و ئەنجوومەنی جێبەجێکاری هەمان کۆمەڵە و ئەوە ئاشکرا بووە کە بەگشتی جێی پشتپێبەستنە و وردە لە ڕووی ئەو بابەتە زانستییانەی پێشکەشیان دەکات. هەژمارکردنە بیرکارییەکانی بەپێی بنەما جێگیر و ڕوونەکانی ئەگەر دامەزراوە و پرۆفیسۆر ستۆنەر ئەم بنەمایانەی بە شێوازێکی گونجاو و قایلکەر جێبەجێکردووە.[٢]

ئەم ئەگەرانەی خوارەوە نیشانی دەدەن کە بەڕێکەوتبوون ئەستەمە. ستۆنەر دەڵێت کە بە جێبەجێکردنی ئەگەری زانستی بۆ هەشت پێشبینی، "ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت هەلی ئەوەی هەر پیاوێک کە تا ئێستا ژیابێت بۆ ئەوەی ئەم هەشت پێشبینییەی تێدا جێبەجێ بووبێت بریتییە لە یەک لە $١٠^{١٧}$ "—ئەم یەکە لە ١٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠. بۆ یارمەتیدانان لە تێگەیشتن لەم ئەگەرە شۆکهێنەرە، ستۆنەر ڕوونی دەکاتەوە بەوەی کە

**بۆچوونت چییە؟**
پێتوایە تا چەند ڕێی تێدەچێت بۆ کەسێک بۆ ئەوەی چەندین پێشبینی دێرین بێنێتە دی کە چەندین سەدە پێش لەدایکبوونی کەسەکە گوتراون؟ چۆن دەکرێت عیسا ئەمەی کردبێت؟

ئێمە $١٠^{١٧}$ دانە سکەی پارە دەهێنین و بەڕووی تەواوی تێکساسدا دایدەنێین. تەواوی وڵاتەکە بە قووڵیی دوو مەتر دادەپۆشێت. ئێستا وەرە یەکێک لەم سکە پارانە نیشانە بکە و هەموویان بڵاو بکەرەوە بە تەواوی وڵاتەکەدا. چاوی پیاوێک ببەستە و پێی بڵێ کە دەتوانێت تا چەند دوور پێی خۆشە بڕوات، بەڵام پێویستە یەک سکە پارە هەڵبگرێت و بڵێت ئەمە خۆیەتی. ئایا چ چانسێکی هەیە بۆ دەستکەوتنی سکە ڕاستەکە؟ هەر هێندەی ئەو چانسەی کە پێغەمبەران هەیانبووە لە کاتی نووسینی ئەم پێشبینییانە بۆ بەدیهاتنی هەموویان لە یەک پیاودا. بە زانینی

ئەوەی کە بە ژیریی خۆیان نووسیویانە نەک بە ئامێر و بیرکاریی ئەم سەردمە. کەواتە ئێستا ئەم پێغەمبەرانە یان دەبێت لەلایەن خوداوە سروشیان پێ درابێت یان تەنها بە بیری خۆیان نووسیویانن. لە حاڵەتێکدا کە بە بیری خۆیان نووسیبێتیان ئەوا چانسیان تەنها یەکێک بووە لە $10^{17}$ بۆ ئەوەی هەموویان لە هەر پیاوێکدا بێنە دی، بەڵام بەڕاستی هەموویان لە عیسادا هاتنە دی.

ستۆنەر بەردەوام دەبێت، "ئەمە واتای ئەوەیە بەدیهاتنی ئەم هەشت پێشبینییە دەیسەلمێنێت کە بە سروشی خودا نووسراون، بە ئاستێکی وەها لە دڵنیایی کە تەنها چانسی یەک لە $10^{17}$ی هەیە ڕێکەوت بووبن."[٣]

## ڕەتکردنەوە #٢: پێشبینییەکان داهێنرابوون

ڕەنگە باوترین ڕەخنە بۆ ڕەتکردنەوە ئەوە بێت کە نووسەرانی ئینجیل بەمەبەست بایۆگرافیاکانیان لەسەر عیسا داهێناوە بۆ ئەوەی وا دەرکەوێت کە پێشبینییەکانی پەیمانی کۆنی بەدیهێناوە. دیارترین گرفتی ئەم ڕەتکردنەوەیە هەر ئەو بەڵگەیەیە کە عیسا هەر بەڕاستی بەدیهێنان! بۆ نموونە نکۆڵیلێنەکراوە کە مەسیح بەناوازەیی نوێنەرانی گشت نەتەوەکانی هێنایە دانپیادانان بە خودای ئیسرائیل، ئەمەش ئیشایا ٤٩: ٦ بەدی دەهێنێت. هەروەها بەڵگەی حاشاهەڵنەگر هەیە بۆ وێرانبوون و نەمانی پەرستگەکە لە ماوەی نەوەیەک لە ژیان و خزمەتی مەسیح، کە ئەمەش دانیاڵ ٩: ٢٦ بەدی دەهێنێت.

زیاتر لەمەش، ئەگەر قوتابییەکان چیرۆکگەلێکیان داهێنابێت لە پێشبینی بەدیهاتوو ئەوا درۆزن دەردەچن. بەڵام بۆچی چیرۆکێک دابهێنن بۆ ئەوەی خۆیان بدەنە بەر چەوساندنەوە؟ جوولەکەکان چاوەڕێی پاشایەکیان دەکرد بێت، کە هیوای بە ئەوان دەبەخشی بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکاریی ڕۆما. ئەگەر ئامانجی قوتابییەکان قایلکردنی ئەو

خەڵکە بوو‌بێت کە تامەزرۆی پاڵەوانێکی سەربازیی بوون، ئەوا دەکرا بەسەرهاتی لەخاچدانەکەیان بە شتێکی دیکە بگۆڕیبایە یان هەر لایانببردایە بۆ ئەوەی قبوڵکراوتر بێت لای خەڵکەکە. داهێنانی پێشبینی ڕوونکردنەوەیەکی گونجاو نابێت بۆ ئەوە.

## ڕەتکردنەوە #٣: عیسا بەمەبەست بەدی‌هێناون

هەندێک بانگەشەی ئەوە دەکەن کە عیسا بەمەبەست هەوڵی داوە پێشبینییە عیبرانییەکان بەدی بهێنێت. ئەم ڕەتکردنەوەیە بۆ ساتێک وا دەردەکەوێت ڕێی تێبچێت هەتا پەی بەوە دەبەین کە چەندین وردەکاری لە هاتنی مەسیحەکە لەسەروو دەستی مرۆڤەوە بوون. نموونەیەک بریتییە لە شوێنی لەدایکبوونی لە بێتلەحم، کە بەباشی بە بەڵگەکان پشتگیریی کراوە. کاتێک هیرۆدس لە کاهینی باڵا و لەبەرگرەوەکانی پرسی لەکوێ مەسیح لەدایک دەبێت، گوتیان، "لە بێتلەحم . . . چونکە ئەمەیە کە پێغەمبەران نووسیویانە" (مەتا ٢: ٥). گەمژانە دەبێت ئەگەر وا بیر بکردرێتەوە کە مریەم و یوسف کاتێک بەڕێگاوە بوون بۆ شارۆچکە پێشبینیکراوەکە، عیسا لە سکی دایکیدا گوتبێتی، "دایکە پەلە بکە، ئەگەر نا پێی ڕاناگەین."

**بۆچی خودا بەم هەمووە دەردەسەرییەدا تێپەڕی؟ باوەڕم وایە کە ویستوویەتی عیسای مەسیح هەموو ئەو باوەڕنامانەی هەبێت کە پێویستی بوون کاتێک دێتە جیهان. بەڵام یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین شتەکان دەربارەی عیسا ئەوەیە کە بۆ ئەوە هات ژیانی کەسەکان بگۆڕێت.**

هەروەها عیسا نەیدەتوانی کۆنترۆڵی ناپاکییەکەی یەهوزا یان نرخی ناپاکەییەکەی بکات؛ شێوازی مردنەکەی؛ کاردانەوەی خەڵکەکە؛ سووکایەتی و تفلێکردن، تەماشاکردنەکان؛ تیروپشک لەسەر جلەکانی. زیاتر لەمەش، مەسیح نەیدەتوانی وا لە خۆی بکات کە لە تۆوی ئافرەتێک لەدایک بێت، لە بنەچەی شام، نەوەی ئیبراهیم و هەموو ئەو پێشهاتانەی کە گەیاندی بە لەدایکبوونەکەی. هیچ جێی سەرسووڕمان نییە کە عیسا و

نێردراوان گەڕاونەتەوە بۆ پێشبینییەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی بانگەوازەکەی وەک کوڕی خودا.

بۆچی خودا بەم هەموو دەردەسەرییەدا تێپەڕی؟ باوەڕم وایە کە ویستویەتی عیسای مەسیح هەموو ئەو باوەڕنامانەی هەبێت کە پێویستی بوون کاتێک دێتە جیهان. بەڵام یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین شتەکان دەربارەی عیسا ئەوەیە کە بۆ ئەوە هات ژیانی کەسەکان بگۆڕێت. هەر خۆی بەتەنیا پێشبینییەکانی پەیمانی کۆنی بەدی هێنا کە پێشبینیی هاتنی ئەویان دەکرد و هەر خۆی دەتوانێت مەزنترین پێشبینیی بەدی بهێنێت بۆ هەموو ئەوانەی قەبووڵی دەکەن—بەڵێنی ژیانی هەتاهەتایی: " دڵێکی نوێتان دەدەمێ و ڕۆحێکی نوێ دەخەمە ناوتانەوە، ئەو دڵە بەردینەتان لێ دەکەمەوە و دڵێکی گۆشتنتان دەدەمێ." (حزقیێل ٣٦: ٢٦). "کەواتە ئەگەر هەرکەسێک لەگەڵ مەسیحدا ببێتە یەک، دەبێت بە بەدیهێنراوێکی نوێ، شتە کۆنەکان بەسەرچوون و شتی نوێ هاتووە!" (دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٧).

## بەشی ١١

# ئایا هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە؟

لە زنجیرە وانەیەکدا لە زانکۆی تەکساس، خوێندکارێکی دەرچوو هات بۆ لام و پرسی، "بۆچی عیسا تاکە ڕێگەیە بۆ پەیوەندیی لەگەڵ خودا؟" منیش پیشانمدا کە عیسا بانگەشەی ئەوەی کردووە تاکە ڕێگەیە بۆ خودا و ئەوەی کە شایەتیی نووسراوی پیرۆز و نێردراوان ڕاستودروستە و هەروەها بەڵگەی پێویست هەیە بۆ مسۆگەرکردنی باوەڕ بە عیسای مەسیح وەک خوداوەند و ڕزگارکەر. بەڵام خوێندکارەکە هێشتا پرسیاری هەبوو: "بۆچی بەتەنها عیسا؟ ئایا هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە بۆ لای خودا؟" هەر وەک ئەم پیاوە گەنجە، خەڵکیش بەردەوام بەدوای جێگرەوەدا دەگەڕێن. "ئەی چی دەربارەی بوودا؟ موحەممەد؟ ئایا ناتوانین ژیانێکی باش بژین و تەواو؟ ئەگەر خودا خودایەکی هێندە پڕ خۆشەویستییە، بۆچی کەسەکان وەک خۆیان قەبووڵ ناکات؟"

ئەم پرسیارانە زۆر دووبارەن لای زۆر کەس. لەم ژینگە کراوەیەی ئەمڕۆدا، خەڵک دڵیان دەئێشێت بەو بانگەشە سنووردارەی کە تەنها و تەنها عیسا ڕێگەیە بۆ لای خودا و تاکە سەرچاوەی بەخشینی گوناهەکان و ڕزگاربوونە. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە زۆر کەس لە سروشتی خودا و قووڵیی گوناهەکانیان تێناگەن. دەتوانین کرۆکی هەڵەتێگەیشتنەکەیان لەم پرسیارەدا بەدیبکەین کە زۆر کات دەیپرسن: "چۆن دەکرێت خودایەکی پڕ خۆشەویستی ڕێگە بدات خەڵک بچنە دۆزەخەوە؟" منیش زۆر کات پرسیارەکە پێچەوانە دەکەمەوە، "چۆن دەکرێت خودایەکی پیرۆز، دادپەروەر و

ڕاستودروست ڕێگە بدات کەسێکی گوناهبار بێتە ئامادەبوونی ئەو؟" زۆر کەس خودا وەک خودایەکی خۆشەویستیی دەبینن، بەڵام زیاتر ناڕۆن. ئەو تەنها خودای خۆشەویستیی نییە، بەڵکو خودایەکە کە هەم ڕاستودروستە و هەمیشە دادپەروەرە و پیرۆزیشە. تۆ چەنێک ناتوانیت لەماڵەکەتدا لەگەڵ سەگێکی گڵاو و نەخۆش و پیس و بۆگەن هەڵ بکەیت، ئەویش ئەوەندە ناتوانێت لەگەڵ گوناه هەڵبکات. ئەم هەڵە تێگەیشتنە لەم سروشتە بنچینەییەی خودا بووەتە دەرئەنجامی چەندین کێشەی ئایینزانیی و ڕەوشتیی (ئەخلاقیی).

بەگشتیی، ئێمە خودا لە ڕێگەی تایبەتمەندییەکانیەوە (سیفاتەکانیەوە) دەناسین. بەڵام تایبەتمەندییەکانی بەشێک نین لە خۆی بەهەمان ئەو شێوازەی کە تایبەتمەندییەکانی کە خۆت وەرتگرتوون بەشێکن لە تۆ. ڕەنگە پەی بەوە ببەیت شتێکی باشە ئەگەر بەڕێز دەربکەویت و ئەم تایبەتمەندییە وەربگریت وەک بەشێک لە ڕووی دەرەوەی خۆت. بۆ خودا ئەم شتە بەپێچەوانەوە کار دەکات. تایبەتمەندییەکانی خودا، بوونی خۆی، تایبەتمەندیگەلی وەک پیرۆزیی، خۆشەویستیی، دادپەروەریی و ڕاستودروستیی هەیە. بۆ نموونە چاکیی بەشێک نییە لە خودا بەڵکوو ڕاستییێکە دەربارەی سروشتی خودا. تایبەتمەندییەکانی خودا لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە خودا خۆی کێیە. نەک وەریگرتبێتن بۆ ئەوەی سروشتێک بۆ خۆی پێکبهێنێت، بەڵکوو لە سروشتی خۆیەوە هاتوون. کەواتە کاتێک دەڵێین خودا خۆشەویستییە، مەبەستمان لەوە نییە بەشێکی خودا خۆشەویستییە، بەڵکوو خۆشەویستیی تایبەتمەندییەکە لە خودی بوونی خوادادا هەیە. کاتێک خودا کەسێک یان شتێکی خۆشدەوێت، ئەو بڕیار نادات ئەو شتە بکات؛ بەسادەیی ئەو تەنها خۆی بووە.

**بۆچوونت چییە؟**
ئایا چۆن پەسنی (وەسفی) خودا دەکەیت؟ ئایا بیرۆکەکانت لەسەر خودا لەکوێوە سەریان هەڵداوە؟ ئایا هیچ شتێک لەسەر عیسا هەیە کە سەرسامت بکات، شتێک کە هاوتا نەبێت لەگەڵ پێناسەت بۆ خودا؟

گرێکە بۆ ئێمە لێرەدا دروست دەبێت: ئەگەر خودا خۆشەویستییە ئەوا چۆن دەکرێت کەسێک بنێرێت بۆ دۆزەخ؟ بەکورتیی و پوختیی وەڵامەکە ئەوەیە کە خودا کەس نانێرێت بۆ دۆزەخ؛ ئەوان بەهۆی بڕیارەکانی خۆیانەوە دەڕۆن. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوون بکەینەوە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بەدیهاتن. پەرتووکی پیرۆز دەریدەخات کە خودا ژن و پیاوی دروست کرد بۆ ئەوەی خۆشەویستیی و شکۆی خۆی هاوبەشیی پێ بکات لەگەڵیاندا. بەڵام ئادەم و حەوا یاخیبوونیان هەڵبژارد و بە ڕێگەی خۆیاندا ڕۆیشتن. خۆشەویستیی و پارێزگاریی خودایان جێهێشت، خۆیان گلاو کرد بەو سروشتە خودویستە چاوچنۆکە لووتبەرزانە کە پێی دەڵێین گوناە. چونکە خودا بەسۆزەوە ژن و پیاوەکەی خۆشدەویست—تەنانەت پاش ئەوەی لە فەرمانەکانی دەرچوون—ویستی دەستیان بۆ درێژ بکات و لەم ڕێچکەیە ڕزگاریان بکات کە دەرئەنجامەکەی مردنە. بەڵام خودا تووشی دوو هەڵبژاردنی دژوار بووەوە. چونکە خودا تەنها خۆشەویستیی نییە بەڵکوو پیرۆز، ڕاستودروست و دادپەروەریشە، گوناە لە ئامادەبوونی ئەودا لەناودەچێت. سروشتە پیرۆز و دادپەروەر و ڕاستودروستەکەی ئەم دووانە گوناهبارەی لەناودەبرد. هەر بۆیە پەرتووکی پیرۆز دەڵێت، "چونکە کرێی گوناە مردنە" (ڕۆما ٦: ٢٣). کەواتە ئایا خودا چۆن ئەم هەڵبژاردنە دژوارە چارەسەر دەکات و ژن پیاوەکە ڕزگار دەکات؟

**تایبەتمەندییەکانی خودا لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە خودا خۆی کێیە. نەک وەریگرتبێتن بۆ ئەوەی سروشتێک بۆ خۆی پێکبهێنێت، بەڵکوو لە سروشتی خۆیەوە هاتوون.**

سروشتی خودا—خودای باوک، خودای کوڕ و ڕۆحی پیرۆز—بڕیارێکی سەرسوڕهێنەری دا. عیسا، خودای کوڕ جەستەی مرۆڤانە وەردەگرێت. بەرجەستە دەبێت لە شێوەی مرۆڤ. ئەمە لە یەکەم بەشی ئینجیلی یۆحەنا دەخوێنینەوە، کە دەڵێت "وشەکەش بوو بە مرۆڤ و لەنێوانماندا نیشتەجێ بوو" (یۆحەنا ١: ١٤). هەروەها لە فیلیپی ٢: ٦-٧ پێمان دەڵێت کە مەسیح خۆی نزمکردەوە بۆ ئەوەی شێوەی مرۆڤ وەربگرێت.

عیسا بەرجەستەبوونی خودا بوو. ئەو هەم ئاسمانیی بوو هەم مرۆڤ بوو. ئەو لە سەدا سەد خودا بوو و لە سەدا سەد مرۆڤیش بوو. مرۆڤبوونەکەی لە خودابوونەکەی کەم نەکردبووەوە و خودابوونەکەی زاڵ نەبووبوو بەسەر مرۆڤبوونەکەیدا. بە ویستی خۆی ژیانێکی بێ گوناە ژیا، بەتەواویی ملکەچی باوک بوو. ڕاگەیاندنەکەی پەرتووکی پیرۆز کە "کرێی گوناە مردنە" ئەوی نەگرتەوە. چونکە ئەو تەنها مرۆڤێکی سنووردار نەبوو، بەڵکوو لە هەمان کاتدا خودایەکی بێسنووریش، ئەو توانایەکی بێسنووری هەبوو کە بتوانێت تەواوی گوناهی جیهان بخاتە سەر خۆی. کاتێک عیسا پێش زیاتر لە دوو هەزار ساڵ لەسەر خاچ لەسێدارە درا، خودا مردنەکەی قەبوڵ کرد وەک جێگرەوەیەک بۆ ئێمە. سروشتە دادپەروەر و ڕاستودروستەکەی خودا بەمە دڵخۆش بوو. دادپەروەریی بەجێ گەیشت؛ باجەکە درا. کەواتە لەو خاڵەوە خۆشەویستیی و دادپەروەریی خودا ڕێک بوون لەگەڵ یەکدی و دەتوانێت دووبارە وەرمان بگرێتەوە و ئەو شتەمان بداتەوە کە لە عەدەن لەدەستمان دا- پەیوەندییە ڕەسەنەکە کە دەتوانین تیایدا ئەزموونی خۆشەویستیی و شکۆی خودا بکەین.

**ئەو لە سەدا سەد خودا بوو و لە سەدا سەدیش مرۆڤ بوو.**

هەندێک جار پرسیار لە خەڵک دەکەم، "عیسا بۆ کێ مرد؟" زۆر کات وەڵامەکە بریتییە لە، "بۆ من" یان "بۆ جیهان." منیش دەڵێم، "بەڵێ ڕاستە، بەڵام عیسا بۆ کێی دیکە مرد؟" بەگشتی دان بەوەدا دەنێن کە نازانن. ئیتر منیش وەڵام دەدەمەوە، "بۆ خودای باوک." دەبینیت کە مەسیح تەنها بۆ ئێمە نەمرد، بەڵکوو بۆ باوکیش. ئەمە لە کۆتا شوێنی ڕۆما بەشی ٣ باس دەکرێت، کە هەندێک وەشانی پەرتووکی پیرۆز مردنەکەی عیسا وەک کەفارەتێک باس دەکەن (بڕوانە ئایەتی ٢٥). بەکوردی و کورتیی، کەفارەت واتە ڕەزامەندبوونی پێویستییەک. کاتێک عیسا لەسەر خاچەکە مرد، ئەو تەنها بۆ ئێمە نەمرد بەڵکوو ئەو پێویستییەشی پڕکردەوە کە بۆ سروشتە پیرۆز و دادپەروەرەکەی خودا پێویست بوو. گڵاوبوون نەما بۆ ئەوەی بتوانین لە ئامادەبوونی ئەودا بەپاکیی بووەستین.

چەند ساڵێک لەمەوبەر چیرۆکێکی ڕاستەقینەم بیست کە ئەم بابەتی چوونی عیسا بۆ سەر خاچ بۆ هەڵگرتنی گوناهەکانمان ڕوون دەکاتەوە. ئافرەتێک لە کاتی شۆفێرییدا

بۆچوونت چییە؟
پێشتر هیچ کەسێک سزایەکی لەجێی تۆ هەڵگرتووە؟ دواتر پەیوەندییەکەت لەگەڵ ئەو کەسەدا گۆڕا؟ ئایا ئامادەیت هەمان شت بۆ ئەو کەسە بکەیتەوە تەنانەت ئەگەر شایەنی سزادانەکەش بێت؟

تووشی ڕووداوێک هات و بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بە شۆستەی جادەکەدا دا و چەند نەمامێکی بڕییەوە. پۆلیس ئەمەی تۆمارکرد و ئەوی بردە بەردەم دادوەر. دادوەرەکە ڕاپۆرتەکەی خوێندەوە و لێی پرسی، "تاوانباریت یان بێتاوان؟" ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە، "تاوانبار" دادوەر چەکوشەکەی کێشا بە مێزەکەیدا و سەرپێچییەکی بۆ نووسی بە بڕی سەد دۆلاری ئەمریکی یان سزای ١٠ ڕۆژ زیندانیکردن. دوای ئەمەش شتێکی ناوازەی کرد. هەڵسا و کەواکەی دانا، هاتە خوارەوە و جزدانی پارەکەی دەرکرد و پارەی سەرپێچی ئافرەتە گەنجەکەی دا. بۆ؟ چونکە دادوەرەکە باوکی ئافرەتەکە بوو. کچەکەی خۆش دەویست، بەڵام هێشتا دادوەر بوو. ئەو یاسای شکاند و باوکی نەیدەتوانی بەسادەیی بڵێت "چونکە زۆر خۆشم دەوێیت دەتبوورم. دەتوانی بە سەلامەتیی بڕۆیت." ئەگەر شتێکی وەهای بکردبایە ئەوا دادوەرێکی ڕاستودروست نەدەبوو. پارێزگاریی لە یاسا نەدەکرد. بەڵام بەهۆی خۆشەویستییەکەی بۆ کچەکەی، ئامادە بوو بێتە خوارەوە، بەرگی دادوەریی دابکەنێت و خۆی بخاتە شوێنی کچەکەی و سزای سەرپێچییەکەی وەربگرێت.

بۆچوونت چییە؟
سەختە بۆت لە کەسانی دیکە خۆش ببیت کە خراپەیان بەرانبەرت کردووە؟ ئایا زۆرینەی خەڵک چ باجێک دەدەن کاتێک لەوانی دیکە خۆش دەبن؟

چیرۆکەکە بە شێوەیەکی بچووک کردارەکەی خودامان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە کردی. ئێمە گوناهمان کرد و پەرتووکی پیرۆز دەڵێت "کرێی گوناه مردنە." کاتێک خودا تەماشامان دەکات، سەرەڕای خۆشەویستییە گەورەکەی بۆمان، پێویستە چەکوشی دادوەریی بکێشێت بە مێزەکەیدا و حوکمی مردن بدات، چونکە ئەو

خودایەکی ڕاستودروست و دادپەروەرە. بەڵام چونکە لە هەمان کاتدا خودای خۆشەویستییە، ئامادە بوو لەسەر تەختەکەی بێتە خوارەوە لە شێوەی عیسای مەسیحی مرۆڤ و باجەکە بۆ ئێمە بدات کە مردنی بوو لەسەر خاچ.

لەم خاڵەدا زۆر کەس پرسیارە سروشتییەکە دەکەن، "ئەدەکرا خودا لە گشت خەڵک خۆش ببێت بەبێ ئەوەی هیچ بەهایەک داوا بکات؟" بەڕێوەبەرێکی کارگێڕیی گرووپی کۆمپانیایەکی گەورە جارێکیان پێی گوتم، "کارمەندەکانم هەندێک کات زیان لە ئامێرەکان دەدەن، مادده بەهەدەر دەدەن و شت دەشکێنن، منیش هەروا لێیان خۆش دەبم. ئایا دەتەوێت پێم بڵێیت کە دەتوانم شتێک بکەم کە خودا ناتوانێت بیکات؟" بەڕێوەبەرەکە شکستی هێنا لەوەی پەی ببات بەوەی لێخۆشبوونەکانی باجیان هەبووە. کۆمپانیاکەی بەهای شکستی کارمەندەکانی دەدا بە چاککردنەوە و گۆڕینی کەرەستە زیانبەرکەوتووەکان. لە هەرکوێ لێخۆشبوون هەبێت باجێک دراوە. بۆ نموونە با بڵێین منداڵێکی بچووکی من لەماڵدا گۆزەیەک دەشکێنێت. من باوکێکی میهرەبان و لێبووردەم، بۆیە باوەشی پێدا دەکەم و دەڵێم، "مەگری تاقانەکەم، بابە تۆی زۆر خۆش دەوێت و دەتبوورێت." زۆرکات ئەو کەسەی ئەمە دەبیستێت دەڵێت، "ئەوە ڕێک ئەو شتەیە کە پێویستە خودا بیکات." پاشان پرسیارێک دێتە ئاراوە، "کێ بەهای گۆزەکە دەدات؟" ڕاستیەکە ئەوەیە کە من دەیدەم. لێبوردن هەمیشە نرخێکی هەیە. با بڵێین کەسێک لەپێش چاوی خەڵکدا سووکایەتیت پێ دەکات، پاشان تۆ بە دڵنەرمییەوە دەڵێیت، "دەتبوورم" کێ باجی ئەم سوکایەتییە دەگرێتە ئەستۆ؟ بێگومان تۆ، چونکە تۆ ئەو دڵئێشانە هەڵدەگریت بۆ ڕووشانی ناوت لەپێش چاوی ئەوانەی ئەم سوکایەتییەیان بینی.

**لێبوردن هەمیشە باجێکی هەیە. خودا خودی خۆی باجی لێبوردنی ئێمەی داوە لە ڕێگەی خاچەوە. باجێکە کە هیچ ڕابەرێکی ئایینیی یان جیهانیی پێی نادرێت.**

ئەمە ئەو شتەیە کە خودا بۆ ئێمەی کردووە: گوتی، "دەتانبەخشم." بەڵام هەر خودی خۆی باجی بەخشینەکەی دا لە ڕێگەی خاچەوە. باجێکە کە نە بوودا نە موحەممەد نە

کۆنفۆشیۆس یان هەر ڕابەرێکی دیکەی ئایینیی یان جیهانیی ناتوانێت بیدات. هیچ کەسێک ناتوانێت باجەکە بە "ئەوەی ژیانێکی باش بژییێت" بدات. دەزانم کە ئەمە ڕەنگە داخراو و سنووردار دەربکەوێت بەڵام پێویستە بیڵێین چونکە ڕاستە: هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە جگە لە عیسای مەسیح.

## بەشی ١٢

# ئەو ژیانی منی گۆڕی

ئەو شتانەی لەم پەرتووکەدا بۆ ئێوەم باس کردووون بریتیین لەوەی لە لێکۆڵینەوە قووڵەکەمدا فێری بووم، پاش ئەوەی لەلایەن هاوڕێکانمەوە لە زانکۆ ئاڵنگاریی کرام بۆ سەلماندنی ڕاستیی بانگەشەکانیان. ئێستا وا بیردەکەیتەوە کە پاش تاقیکاریی بۆ بەڵگەکان ڕاستەوخۆ خۆم هەڵداوەتە ناوەوە و بووم بە مەسیحیی. بەڵام سەرەڕای بەڵگە بێشومارەکان، دوودڵییەکی زۆرم هەبوو بۆ ئەوەی ئەم بازە بدەم. مێشکم بە ڕاستییەکە قایل بووبوو. دەمتوانی دان بەوەدا بنێم کە عیسای مەسیح ڕێک ئەو کەسەیە کە خۆی گوتوویەتی. بەڕوونیی دەمبینی کە مەسیحییەت ئەفسانەیەک نییە، خەیاڵێک نییە، چەواشەکارییەک نییە کە بەسەر خەڵکی مێشکپووچ و ساویلکە ئەنجام درابێت، بەڵکوو ڕاستییەکی تەواو و نەگۆڕە. ڕاستییەکەم دەزانی، بەڵام هێشتا ویستی دڵم بۆ لایەکی دیکەی ڕادەکێشام.

دوو هۆکار هەبوون بۆ دوودڵییەکەم: خۆشیی و لووتبەرزیی. لام وا بوو، بوون-بە-مەسیحیی واتە وازهێنان لە خۆشیی ژیان و ڕادەستکردنی جڵەوی ژیانت. دەمتوانی هەست بە عیسای مەسیح بکەم لای دەرگای دڵم داوا دەکات و دەڵێت، "بڕوانە، من لەبەردەرگاکەتدا ڕاوەستاوم و بەردەوام لە دەرگا دەدەم. ئەگەر بانگەکەم ببیستیت و دەرگاکە بکەیتەوە، دێمە ژوورەوە." (بڕوانە ئاشکراکردن ٣: ٢٠). من ئەو دەرگایەم بە داخراویی هێشتبووەوە. گرنگییم نەدەدا بەوەی ئەگەر ئەو بەسەر ئاودا ڕۆیشتووە یان

ئاوی کردووە بە مەی. نەمدەویست کەس گوو بکاتە خۆشییەکانی ژیانم. ڕاستییەکە ئەوەیە من بەو شتانەم دەگوت خۆشییەکانی ژیانم، بەڵام بەڕاستیی بارودۆخم ناساز بوو. لە ناخی خۆمدا لە جەنگدا بووم. مێشکم پێی دەگوتم کە مەسیحییەت ڕاستە، بەڵام ویستی دڵم بە هەموو هێزیەوە ڕەتی دەکردەوە.

**مێشکم پێی دەگوتم کە مەسیحییەت ڕاستە، بەڵام ویستی دڵم بە هەموو هێزیەوە ڕەتی دەکردەوە.**

پاشان کێشەی لووتبەرزیی هەبوو. لەو کاتەدا بیرۆکەی ئەوەی ببمە مەسیحیی لووتمی دەدا بە زەویدا و هەموو خۆپەرستییەکەمی تێکدەشکاند. ئێستا سەلماندم کە تەواوی بیرکردنەوەکانی ڕابردووم هەڵە بوون و هاوڕێکانم ڕاست. هەر کاتێک بە لای ئەو باوەڕدارە پەرۆشانە بڕۆیشتبام ئەو ناکۆکیەی ناخم سەرلەنوێ دەکولایەوە. ئەگەر پێشتر هەرگیز لەگەڵ کەسانێکی دڵشاددا بوویێیت کاتێک خۆت بەدبەختیت، دەزانیت کە خۆشبەختییەکەیان دەنووک دەدات لەسەرت. هەندێک کات هەڵدەستام و کۆمەڵەکەم جێدەهێشت و لە یەکێتیی خوێندکارەکان دەچوومە دەرەوە. گەیشتە ئەوەی کە شەوان کاتژمێر دە دەچوومە جێگاوە هەتا چواری بەیانی خەوم لێنەدەکەوت. نەمدەتوانی ئەمە لە مێشکی خۆم دەر بکەم. پێویست بوو شتێک بکەم پێش ئەوەی شێت ببم بەدەستیەوە.

هەمیشە هەوڵم دەدا مێشککراوە بم، بەڵام هێندە مێشککراوەش نا کە مێشکم بێتە دەرەوە. هەر وەک جی کەی کێستێسترۆن دەڵێت، "ئامانجی کردنەوەی مێشک وەک کردنەوەی دەمە، بۆ ئەوەی بەسەر شتێکی ڕەق و جێگیر دایبخەیت."[١] من مێشکم کردەوە و لە کۆتاییدا لەسەر جێگیرترین و بەهێزترین ڕاستییەکان دامخست کە تا ئێستا ئەزموونم کردبێت. لە کاتژمێر هەشت و نیوی ئێوارەی نۆزدەی مانگی دوازدەی ١٩٥٩ لە ماوەی دووەم ساڵم لە زانکۆ، بوومە شوێنکەوتەی عیسا. بەڵگەکان سەرنجی منیان ڕاکێشا، بەڵام ئەوە خۆشەویستی خودا بوو کە کاری لە مندا کرد. هەر نێردراو پۆڵس ئاماژەی پێ دەدات، میهرەبانی خودایە کە خەڵک دەگەیەنێت بە تۆبەکردن (بڕوانە ڕۆما ٢: ٤).

بۆچوونت چییە؟
ئێستا کەوا لە کۆتایی پەڕتووکەکەیت، ئایا هیچ بیرکردنەوەیەکت دەربارەی مەسیح گۆڕاوە؟ ئایا هاندرایت بۆ ئەوەی زیاتر بخوێنیتەوە دەربارەی ئەو؟ یان ئارەزووتە گفتوگۆ بکەیت لەگەڵ ئەو کەسانەی ژیانیان بەخشیوە بە ئەو؟

کەسێک لێی پرسیم، "چۆن دەزانیت بوویتە مەسیحیی؟" یەکێک لە وەڵامە سادەکان بریتییە لەوەی کە "ئەو ژیانمی گۆڕی." ئەم گۆڕانە بوو کە دڵنیای کردمەوە لە دروستیی لەدایکبوونەوەکەم. ئەو شەوە نوێژم بۆ چوار شت کرد بۆ دروستبوونی پەیوەندییەک لەگەڵ هەڵساوەکە، مەسیحی زیندوو و سوپاسگوزارم کە ئەم نوێژە وەڵام دراوەتەوە.

یەکەم شت گوتم، "عیسای خاوەنشکۆ، سوپاس بۆ ئەوەی کە لەسەر خاچەکە مردیت لەپێناوی من." دووەم، "دان دەنێم بەو شتانەدا کە لە ژیانمدا هەن و تۆ پێیان دڵخۆش نیت و داوا دەکەم بمبەخشیت و پاکم بکەیتەوە." خودا پێمان دەڵێت، "گوناهەکانتان ئەگەرچی وەک سووری ئاڵیش بن من وەک بەفری تازەباریو سپیتان دەکەمەوە" (بڕوانە ئیشایا ١: ١٨). سێیەم، گوتم، "ئێستاش دەرگای دڵ و ژیانم دەکەمەوە و متمانە بە تۆ دەکەم وەک ڕزگارکەر و خودای من. با ژیانی من بە ویستی تۆ بێت. سەرتاپا بمگۆڕە. بمکە بەو کەسەی کە دروستت کردووم بۆ ئەوەی ببم." کۆتا شت کە نوێژم بۆ کرد بریتیبوو لە "سوپاس بۆ هاتنت بۆ ناو ژیانم بە باوەڕ." باوەڕێک بوو لەسەر بەڵگە نەک نەزانیی، ڕاستییەکانی مێژوو و وشەی خودا.

دڵنیام بیستووتە خەڵک باسی 'هەورەبروسکە' بکەن کاتێک یەکەم ئەزموونی ئایینییان دەکەن. لە ڕاستیدا بۆ من بەو شێوەیە هەستبزوێن نەبوو. پاش ئەوەی نوێژم کرد، هیچ ڕووی نەدا. بەڕاستی هیچ شتێک. هێشتاش نە باڵم گرتووە نە هالەم* بەسەر سەرەوەیە. لە ڕاستیدا دوای ئەوەی ئەو بڕیارەم دا هەستەکانم خراپتر بوون. بەڕاستی هەستم بەوە دەکرد کە خەریکە بڕشێمەوە. ئەی هاوار، ئێستا کەوتوومەتە چییەوە؟

*وەک بازنەیەکی زێڕینە بەسەر سەری کەسێکەوە

بیرمدەکردەوە. بەڕاستی هەستم دەکرد کە شێت بووم (دڵنیاشم هەندێک کەس بەڕاستی وا بیریان دەکردەوە).

**باوەڕی من لەسەر بنەمای نەزانیی نییە بەڵکوو بەڵگە، ڕاستییەکانی مێژوو و وشەی خودا.**

لە ماوەی شەش بۆ هەژدە مانگدا بۆم دەرکەوت کە شێت نەبوو. ژیانم گۆڕا. گۆڕانکارییەکان ڕاستەوخۆ نەبوون، بەڵام ڕاست بوون. لەو ماوەیەدا لە مشتومڕێکدا (دیبەیتێکدا) بووم لەگەڵ سەرۆکبەشی مێژوو لە زانکۆی میدوێسترن. باسی ژیانە نوێیەکەم بۆ دەکرد، قسەکەی بە من بڕی بە، "مەکداوڵ، تۆ بەڕاستی پێم دەڵێیت خودا ژیانی تۆی گۆڕیوە؟ هەندێک وردەکاریم پێبدە." پاش چل و پێنج خولەک لە گوێگرتن لە ڕوونکردنەوەکانی من، لە کۆتاییدا گوتی، "باشە، باشە، ئەوەندە بەسە!"

یەکێک لەو گۆڕانانەی بۆم باس کرد بەدەستهێنانی ئەو ئارامییە بوو لە بێئۆقرەییەکەم. پێش ئەوەی مەسیح قەبووڵ بکەم، پێویست بوو هەمیشە سەرقاڵ بم. پێویست بوو لەگەڵ خۆشەویستەکەمدا بم یان لەگەڵ برادەرەکانمدا یان لە ئاهەنگێک بم. بە زانکۆدا دەڕۆیشتم و مێشکم لە گێژاوێکی ناکۆکیدا بوو. جێم بە خۆم نەدەگرت. دادەنیشتم بۆ ئەوەی بخوێنم یان تێڕابمێنم بەڵام نەمدەتوانی. پاش ئەوەی ئەو بڕیارەم دا بۆ شوێنکەوتنی مەسیح، ئارامییەکی دەروونیی هاتە گیانمەوە. بەهەڵە تێمەگە؛ مەبەستم ئەوە نییە هەموو ناکۆکییەکان وەستابێتن. ئەوەی لەم پەیوەندییەم لەگەڵ مەسیحدا بەدیم کرد، توانای مامەڵەکردن بوو لەگەڵ ناکۆکییەکان نەک نەبوونیان. ئەمە بە هیچ شتێکی جیهان ناگۆڕمەوە.

**بۆچوونت چییە؟**
ئەگەر یەک لایەنی ژیانت هەبێت کە حەز بکەیت خودا بیگۆڕێت، چی دەبێت؟

لایەنێکی دیکەی ژیانم کە دەستی بە گۆڕان کرد میزاجیبوون و زوو تووڕەبوونم بوو. زوو زوو شێخم نەدەما و تەنانەت ئەگەر هەر کەسێک بە جۆرێك تەماشای بکردمایە بۆی هەڵدەستام. هێشتا جێبرینی ئەو شەڕەم ماوە کە خەریکبوو پیاوێک بکوژم لە یەکەم ساڵی زانکۆمدا. میزاجیبوونەکەم بەشێک بوو لێم کە ئاگایانە بەدوای ئەوەوە نەبووم

بیگۆڕم. بەڵام ڕۆژێکیان تووشی بارودۆخێک بووم کە دەبوو وەکوو جاران شێت و هارم بکات، بەڵام هەر ئەوەندەم زانی کە ئارام و خۆگر مامەوە. میزاجیبوونەکەم نەمابوو! هۆکارەکە من نەبووم؛ وەک پێتم گوتووە، عیسا ژیانمی گۆڕی. ئەمە واتای ئەوە نییە کە من بێخەوشم. چواردە ساڵ تێپەڕی بەبێ ئەوەی وەک پێشتر تووڕە ببمەوە، بەڵام کاتێک دەتەقیمەوە، بەداخەوە پێموایە لەبری هەموو ئەو جارانە بووە کە تووڕە نەبووم.

عیسا بە شێوەیەکی دیکە ژیانمی گۆڕی. شانازیی پێوە ناکەم، بەڵام پێویستە باسی بکەم چونکە زۆر کەس پێویستییان بە هەمان گۆڕانە و دەمەوێت سەرچاوەی ئەو گۆڕانەیان پێ بڵێم: پەیوەندیی لەگەڵ هەڵساوەکە، مەسیحی زیندوو. کێشەکە ڕقە. بارێکی زۆری ڕقم هەبوو کە بارگرانی کردبووم، هەرچەندە لە ڕووکەشدا دەرنەدەکەوت بەڵام لە ناخمدا دەسووتا. هەمیشە بە خەڵک قەڵس دەبووم، بە شتەکان، بە کێشەکان. هەستی ئاساییشم نەبوو. هەر کاتێک کەسێکم ببینیبایە کە لە من جیاواز بووایە، ئەو کەسە دەبوو بە هەڕەشە و من بە ڕقەوە مامەڵەم لەگەڵی دەکرد.

**ئەوەی لە عیسای مەسیحدا بەدیم کرد نەمانی ناکۆکی نەبوو، بەڵکوو توانای مامەڵەکردن بوو لەگەڵیدا.**

زیاتر لە هەر کەسێک ڕقم لە یەکێک بوو—باوکم. نەفرەتم لێ دەکرد. ئابڕووم چووبوو چونکە ئەو سەرخۆشی شارۆچکەکە بوو. ئەگەر خەڵکی شارۆچکەیەک بیت و باوکت ئالوودەی مەی بێت تێدەگەیت مەبەستم چییە. هەموو کەسێک دەزانێت. هاوڕێکانی قوتابخانەم گاڵتەیان بە باوکم دەکرد. پێیان وا نەبوو کە پێی دڵتەنگ ببم چونکە لەگەڵیاندا پێدەکەنیم. لە دەرەوە پێدەکەنیم بەڵام لە ناخەوە دەگریام، هەندێک جار دەهاتمەوە ماڵەوە و لە تەویلەکەدا دایکم دەبینییەوە کە باوکم هێندە خراپ لێی دابوو نەیدەتوانی هەڵبستێت. چونکە باوکم مەست بوو، کاتێک هاوڕێکانم سەردانیان دەکردم، باوکمم لە تەویلەکە دەبەستەوە و ئۆتۆمبێلەکەیم لە پشت سایلۆکە ڕادەگرت. بە میوانەکانمان دەگوت کە پێویست بوو بۆ شوێنێک بڕوات. پێم وا نییە هیچ کەسێک بتوانێت هێندەی من ڕقم لە باوکم دەبووەوە ڕق لە هیچ شتێک هەڵبگرێت.

**لە هەموو کەسێک زیاتر ڕقم لە باوکم دەبووەوە. پاش ئەوەی بڕیارم دا شوێن مەسیح بکەوم، خۆشەویستییەکی هێندە بەهێز هاتە ناو دڵمەوە کە ئەو ڕقەی برد و سەرەوژێری کرد، ناخمی پاک کردەوە.**

پێنج مانگ دوای ئەوەی ئەو بڕیارەم دا بۆ شوێنکەوتنی مەسیح، خۆشەویستییەکی هێندە بەهێز هاتە ناو دڵمەوە کە ئەو ڕقەی برد و سەرەوژێری کرد، ناخمی پاک کردەوە. دەمتوانی بڕوانمە چاوەکانی باوکم و بڵێم، "بابە گیان، خۆشمدەوێیت" و بەڕاستی مەبەستیشم بوو. پاش هەندێک لەو شتانەی بەرانبەریم کردبوو، ئەمە بەڕاستی تاساندی.

پاش ئەوەی خوێندنەکەم گواستەوە بۆ زانکۆیەکی تایبەت، بەهۆی ڕووداوێکی هاتووچۆی مەترسیدارەوە کەوتمە نەخۆشخانە. کاتێک بردمیانەوە ماڵەوە بۆ چاکبوونەوە، باوکم هات بۆ سەردانم. جیاواز لە گشت کاتێکی دیکە ئەو لە هۆش خۆی بوو ئەو ڕۆژە. بەڵام بێئۆقرە دەردەکەوت، دەهات و دەچوو بە ژوورەکەدا. پاشان لەپڕ لێی پرسیم، "کوڕم، چۆن دەتوانیت باوکێکی وەکو منت خۆش بوێت؟" منیش وەڵامم دایەوە، "بابە، شەش مانگ لەمەوپێش قێزم لێت دەکردەوە." پاشان باسی چیرۆکی لێکۆڵینەوەکەم بۆ کرد دەربارەی عیسای مەسیح و دەرئەنجامەکەی. پێم گوت، "ئێستا بە هەموو ژیانم متمانەم بە مەسیحە، بانگم کرد بۆ نێو ژیانم و تەواو منی گۆڕی. ناتوانم هەمووی ڕوون بکەمەوە باوکە، بەڵام خودا ڕقەکەی منی برد و بە خۆشەویستیی گۆڕییەوە. دەزانم سەختە بۆت باوەڕ بەمە بکەیت، بەڵام خۆشمدەوێیت و تۆم قەبووڵە بەو شێوەیەی کە هەیت."

بۆ نزیکەی کاتژمێرێک گفتوگۆمان کرد دواتر بە خۆشترین هەواڵی ژیانم ئاشنا بووم. ئەم پیاوە کە باوکی من بوو، ئەم پیاوە کە هێندە باش منی دەناسی کە نەدەکرا هەڵخەڵەتابێت. تەماشای کردم و گوتی، "کوڕم ئەگەر خودا بتوانێت ئەو شتەی لە ژیانی تۆدا بینیوومە لە ژیانی

**بۆچوونت چییە؟**
**بۆچی جیاکردنەوەی باوەڕی مەسیحیی لە خودی کەسایەتیی مەسیح سەختە؟ دەتوانیت ببینیت چۆن هەندێکجار هەردووکیان وا دەردەکەون دژی یەکتر بن؟**

منیشدا بیکات، ئەوا دەمەوێت ڕێگەی بدەم بیکات. دەمەوێت وەک خوداوەند و ڕزگارکەرم متمانەی پێ بکەم." هەرگیز ناتوانم وێنای دەرئاسایەکی لەوە مەزنتر بکەم.

زۆر کات پاش ئەوەی کەسێک مەسیح قەبووڵ دەکات، گۆڕانەکانی ژیانی لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەفتەیەکدا، مانگێکدا یان تەنانەت چەند ساڵێک ڕوودەدەن. بۆ ژیانی خۆم گۆڕانەکان ماوەی شەش بۆ هەژدە مانگی خایاند. بەڵام ژیانی باوکم ڕاستەوخۆ لەپێش چاوەکانم گۆڕا. وەک ئەوە وابوو خودا دەستی درێژ کردبێت و سویچێکی هەڵکردبێت. هەتا ئێستا هەرگیز گۆڕانێکی هێندە کتوپڕم نەبینیوە. باوکم لە دوای ئەو کاتەوە تەنها یەکجاری دیکە دەستی بەر خواردنەوە کەوتووە. تا لای لێوەکانی نزیکی کردەوە و فڕێیدایە ئەولاوە، بۆ هەمیشە. دەتوانم بگەمە یەک دەرئەنجام: پەیوەندیی لەگەڵ عیسای مەسیح ژیان دەگۆڕێت.

کەسێکی دیکە هەبوو لە ژیانم کە پێویست بوو لێی خۆش ببم. ناوی وەین بوو، بۆ ماڵی ئێمە کاری دەکرد کاتێک لە کێڵگەیەکی گەورەدا دەژیاین. کاتێک دایکم دەچووە دەرەوە یان بۆ ماوەی دوور و درێژ دەڕۆیشت، منی دەدایە دەست وەین. دایکم دەیهێنام بۆ لای وەین و دەیگوت، "ئێستا بەگوێی وەین دەکەیت و هەر شتێکت پێ بڵێت دەیکەیت. ئەگەر بەقسەی نەکەیت ئەوا کە هاتمەوە تێهەڵدانێکی خراپ دەخۆیت." باوەڕم پێ بکە؛ هیچ شتێک لە تێهەڵدانی دایکم خراپتر نییە.

بەڵام بە خۆشحاڵییەوە تێهەڵدانەکەم قەبووڵ دەکرد ئەگەر بمزانیبایە وەین چی بۆ داناوم. لەو کاتەوەی شەش ساڵان بووم تا ئەو کاتەی سێزدە ساڵان بووم، بەردەوام دەستدرێژیی سێکسیی دەکردە سەرم. کاتێک بە دایکم گوت، ڕەتی کردەوە گوێم بۆ بگرێت. لە سێزدە ساڵیی، هەڕەشەم لە وەین کرد. "ئەگەر یەک جاری دیکە دەستم لێ بدەیتەوە دەتکوژم." وەین دەیزانی کە بەڕاستیمە بۆیە وەستا.

دەمویست وەین لە دۆزەخدا بسووتێت و ئامادە بووم بینێرمە ئەوێ. بیرەوەرییە ناخۆشەکان منیان دەترساند. بەڵام پاش هاتن بۆ لای مەسیح، دەمزانی کە هەر وەک چۆن لە باوکم خۆش بووم پێویستە لە وەین خۆش ببم. جارێکی دیکە ڕووبەڕووی وەین

بوومەوە و پێم گوت، "وەین، ئەوەی بە منت کرد زۆر خراپ و بەد بوو. بەڵام ئێستا متمانەم بە مەسیح کردووە وەک خودا و ڕزگارکەرم و بووم بە شوێنکەوتەی ئەو. هاتووم پێت بڵێم کە عیسای مەسیح هێندەی بۆ من مردووە بۆ تۆش مردووە. من لێت خۆش دەبم." یەکێک بوو لە سەختترین ئەو شتانەی لە ژیانمدا کردبێتم. هەرگیز نەمدەتوانی بەتەنیا بیکەم. ئەگەر تۆش چیرۆکێکی هاوشێوەت هەیە ئەوا دڵنیا بە کە تۆش پێویست ناکات بەتەنیا ڕووبەڕووی ببیتەوە. دەتوانی بە یارمەتی خودا و کەسانی دیکە بەسەر ڕابردووتدا زاڵ بیت.

دەتوانیت بە مەسیحییەت پێبکەنیت؛ دەتوانیت سووکایەتی پێ بکەیت و قسەی پێ بڵێیت. بەڵام ڕاستە و کار دەکات. ژیان دەگۆڕێت و باشتر بڵێم، عیسای مەسیح ژیان دەگۆڕێت. مەسیحییەت تەنها ئایینێک نییە؛ سیستمێک نییە؛ بەرەوشتبوونێکی نموونەیی نییە؛ دیاردەیەکی دەروونزانیی نییە بەڵکوو سەرنجی لەسەر کەسایەتی و کارەکانی عیسای مەسیحە. ئەگەر متمانەت بە مەسیحە، دەست بکە بە تەماشاکردنی ئاکار و هەڵسوکەوتت، چونکە عیسای مەسیح لە کاردایە بۆ گۆڕینی ژیانت. ئەو ژیانی منی گۆڕی و دەتوانێت هی تۆش بگۆڕێت.

ئیدی وەک دەبینیت، باوەڕهێنانم بە مەسیح پڕۆسەیەک بوو کە بە لێکۆڵینەوەیەکی کەللەڕەقانەی زانستی دەستی پێکرد بۆ ئەزموونێک کە ژیانمی گۆڕی. وا دیارە لەمڕۆدا زۆر کەس تامەزرۆن بۆ ئەم ئەزموونە—ئەو ژیانە نوێبووەوەیان دەوێت کە من دۆزیمەوە—بەڵام ئامادە نین ئەو تاقیکارییە زانستییە ئەنجام بدەن بۆ بەڵگەکانی مەسیحییەت. ڕەنگە بەشێک لە دوودڵییەکە نامەیلیی بێت بۆ دڵنیابوونەوە لە یەک ڕاستیی ڕەها لە بەرانبەر ڕۆژگاری

**مەسیحییەت تەنها ئایینێک نییە؛ سیستمێک نییە؛ بەرەوشتبوونێکی نموونەیی نییە؛ دیاردەیەکی دەروونزانیی نییە بەڵکوو سەرنجی لەسەر کەسایەتی و کارەکانی عیسای مەسیحە. ئەگەر متمانەت بە مەسیحە، دەست بکە بە تەماشاکردنی ئاکار و هەڵسوکەوتت، چونکە عیسای مەسیح لە کاردایە بۆ گۆڕینی ژیانت.**

پلوڕالیزمیی ئەمڕۆ کە جەخت دەکاتەوە لە فرەیی. یان ڕەنگە ترسێک بێت لەوەی ئەم گەڕانە گومان زیاتر بکات وەک لە دڵنیابوونەوە لە ڕاستیی بانگەشەکانی مەسیح.

ئایا لێکۆڵینەوە ئاستەنگە بۆ باوەڕی کەسێک بە مەسیح؟ نەخێر، بەپێی ئێدوین یاماوچی مێژووناسی ژاپۆنیی-ئەمریکیی کە یەکێکە لە پسپۆڕە پێشەنگەکان لە مێژووی دێریندا. یاماوچی کە وەک بووزییەک گەورە بووە بێ ئەملاوئەولا دەڵێت: "بۆ من بەڵگە مێژووییەکان پەیوەستبوونی منیان بە عیسای مەسیحەوە وەک کوڕی خودا کە ئێمەی خۆش دەوێت و لە پێناومان مردووە و هەڵساوەتەوە پتەوتر کردووە. هەروا سادەیە."[٢]

کاتێک پرسیار لە بروس ماتزگەر کرا دەربارەی ئەوەی کە ئەگەر خوێندنی چڕی پەیمانی نوێ باوەڕەکەی کز کردبێت، ڕاستەوخۆ وەڵامی دایەوە، "باوەڕەکەمی دروست کرد. تەواوی ژیانم پرسیارم لێکراوە. چوومەتە بنجوبناوانی دەقەکەوە و بەقووڵیی خوێندوومە، ئێستاش بە باوەڕبەخۆبوونێکی تەواوەوە دەزانم کە متمانەم بە عیسا لە جێی خۆیەتی . . . بەڕاستی لەجێی خۆیەتی."[٣]

دانانەوەی وتەی وەک ئەم دوو زانا بەڕێزە جەخت لە مەبەستەکەم دەکاتەوە لە نووسینی ئەم پەرتووکە بچووکەدا. هەوڵم داوە کە پیشانی بدەم چۆن بانگەشەکانی مەسیح وەک ڕاستییەکی جێگیر و پتەو دەوەستێت، کە بە بەڵگەی مێژوویی، پێشبینی و لۆجیک دڵنیا کراوەتەوە. تێگەیشتن لە ڕاستییەکان بناغەیەکی پتەوت پێدەدات کە بتوانیت لەسەری ڕابووەستیت کاتێک خۆت ئەزموونی بانگەشەکانی مەسیح دەکەیت لەو ژیانە گۆڕاوەدا کە من و ملیۆنان مەسیحیی دیکە ئەزموونمان کردووە.

بەڵام سەرەڕای بەهێزی ڕاستییەکان و ڕاستودروستیی ئەزموونەکە، مەسیحییەت شتێک نییە بتوانیت بەزۆر بەسەر هیچ کەسێکیدا بیسەپێنیت. پێویستە ژیانی خۆت بژیت و منیش ژیانی خۆم. هەموومان ئازادین بۆ ئەوەی بڕیاری خۆمان بدەین. هەموو ئەوەی کە دەتوانم بیکەم باسکردنی ئەوەیە کە فێریبووم. پاش ئەمە ئەوەی لەسەر خۆتە دەیکەیت.

ڕەنگە ئەو نوێژەی کردم یارمەتیت بدات: "عیسای خاوەن شکۆ، پێویستم پێتە. سوپاس کە لەپێناومدا لەسەر خاچ مردیت. لێم خۆش بە و پاکم بکەرەوە. لەم ساتەوە من متمانەت پێ دەکەم وەک ڕزگارکەر و خودای من. بمکە بەو کەسەی کە دروستت کردووم بۆ ئەوەی ببم. بە ناوی مەسیح، ئامین."

# ستاییش بۆ *زیاتر لە دارتاشێک*

لەگەڵ خوێندنەوەی *زیاتر لە دارتاشێک*، بۆم دەرکەوت کە چەندە کەم دەزانم سەبارەت بە مەسیحییەت. هەر خۆم بەبێ زانینی ڕاستییەکان لەسەر پەرتووکی پیرۆز چەندین حوکمم دابوو و شتەکانم لە مێشکی خۆمدا یەکلایی کردبووەوە. فێربووم کە چەندین بەڵگە هەیە لەسەر عیسا و زانیم کە کاتی ئەوەیە خودا بە دڵ بناسم!

خوێنەرێک لە ئیستۆنیا

*زیاتر لە دارتاشێک* . . . ژیانی باوکمی ڕزگار کرد. لە خواردنەوە وەستا و دڵی دا بە خوداوەند. پاش ئەوەی هەموو منداڵەکانی ئەم گۆڕانە مەزنەیان بینی، ئاشتی و ئارامیی بەسەر ماڵەکەدا پەخش بووەوە و لە کۆتاییدا هەمووومان دڵمان دا بە خوداوەند.
خوێنەرێک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

پەرتووکەکەت هەموو ئەو گومانانەمی ڕەواندەوە کە دەمزانین و هەندێک کە نەمدەزانی بوونیان هەیە لە ناخمدا.
خوێنەرێک لە زیندانەکانی ماریلاند

لە فرۆشگایەکدا بەشوێن کارتی پیرۆزباییکردن دەگەڕام. کاتێک خەریک بوو دەڕۆیشتم پیاوێک وەک دیاری *زیاتر لە دارتاشێکی* پێ دام. ئەو شەوە نەمدەتوانی دایبنێم. ناوەڕۆکەکە زۆر سەرنجڕاکێش بوو و منیش نەخەوتم تا هەموویم تەواو کرد. ڕۆژی دواتر پەرتووکەکەم لەگەڵ هاوڕێکانم هاوبەشی پێکرد و دەستاودەستمان پێکرد و خوێندمانەوە و بەیەکەوە گفتوگۆمان لەسەر کرد. پاشان وەک کۆمەڵەیەکی بچووک، بڕیارمان دا کە ئەمە ڕاستیەکەیە.
خوێنەرێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە

*زیاتر لە دارتاشێک* بووە بە پەرتووکی دڵخوازم. چەندین دانەم لێ کڕیوە و بەخشیومنەتەوە.
خوێنەرێک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

# تێبینییەکان

## بەشی ١: چیرۆکی من

1. ئەکوەینس دەنووسێت، "هەستی ویستن بەسروشتیی مەیلی لە ئامانجی کۆتاییە، کە خۆشبەختییە و تەواوی هەستەکانی دیکە لەمەوە ڕەگ دەردەکەن هەر وەک چۆن هەموو ئەو شتانەی مەیلمان لێیانە لە کۆتاییدا لەپێناوی گەیشتنن بەو ئامانجی کۆتاییە."

## بەشی ٢: چی وا دەکات عیسا جیاواز بێت؟


1. Archibald Thomas Robertson, *Word Pictures in the New Testament* (Nashville: Broadman Press, 1932), 5:187.
2. Charles F. Pfeiffer and Everett F. Harrison, eds., *The Wycliffe Bible Commentary* (Chicago: Moody, 1962), 943–944 (on the parallel passage in Matthew 9:5).
3. Lewis Sperry Chafer, *Systematic Theology* (Dallas: Dallas Seminary Press, 1948), 5:21.
4. Robert M. Bowman Jr. and J. Ed Komoszewski, *Putting Jesus in His Place: The Case for the Deity of Christ* (Grand Rapids: Kregel, 2007), 246–247.
5. Robert Anderson, *The Lord from Heaven* (Grand Rapids: Kregel, 1978 [orig. 1910]), 22.
6. Henry Barclay Swete, *The Gospel According to St. Mark*, 3rd ed. (London: Macmillan, 1920), 360.
7. Irwin H. Linton, *The Sanhedrin Verdict* (New York: Loizeaux Bros., 1943), 7.
8. William Jay Gaynor, “The Trial of Jesus from a Legal Standpoint,” in Alvin V. Sellers, *Classics of the Bar*, vol. 2 (Baxley, GA: Classic Publishing, 1911), 30.


## بەشی ٣: خودا، درۆزن یان شێت؟


1. C. S. Lewis, *Mere Christianity* (New York: Macmillan, 1960), 40– 41.
2. F. J. A. Hort, *Way, Truth, and the Life* (New York: Macmillan, 1894), 207.

3. Kenneth Scott Latourette, *A History of Christianity* (New York: Harper & Row, 1953), 44, 48.
4. William E. Lecky, *History of European Morals from Augustus to Charlemagne* (New York: D. Appleton, 1903), 2:8 –9.
5. Philip Schaff, *History of the Christian Church* (Grand Rapids: Eerdmans, 1962), 109.
6. Philip Schaff, *The Person of Christ* (New York: American Tract Society, 1913), 94–95.
7. Personal email correspondence with Sean McDowell on September 11, 2023.
8. Pablo Martinez and Andrew Sims, *Mad or God? Jesus: The Healthiest Mind of All* (Downers Grove, IL: InterVarsity, 2018), 93.
9. Gary R. Collins, quoted in Lee Strobel, *The Case for Christ* (Grand Rapids: Zondervan, 1998), 147.
10. C. S. Lewis, *Miracles: A Preliminary Study* (New York: Macmillan, 1947), 113.
11. Schaff, *Person of Christ*, 97.

### بەشی ٤: ئەی چی دەربارەی زانست؟

1. *The New Encyclopedia Brittanica: Micropaedia*, 15th ed. (2009), s.v. “scientific method.”
2. James B. Conant, *Science and Common Sense* (New Haven, CT: Yale University Press, 1951), 25.

### بەشی ٥: ئایا پەیمانی نوێ جێگەی متمانەیە؟

1. John A. T. Robinson, *Redating the New Testament* (London: SCM Press, 1976).
2. Jonathan Bernier, *Rethinking the Dates of the New Testament: The Evidence for Early Composition* (Grand Rapids: Baker Academic, 2022), 1.
3. Sir William Ramsay, *The Bearing of Recent Discovery on the Trustworthiness of the New Testament* (London: Hodder and Stoughton, 1915), 222.
4. Craig S. Keener, *Acts: An Exegetical Commentary: Introduction and*

*1:1– 2:47*, vol. 1 (Grand Rapids: Baker Academic, 2012), 217.

5. Simon Kistemaker, *The Gospels in Current Study* (Grand Rapids: Baker, 1972), 48– 49.
6. A. H. McNeile, *An Introduction to the Study of the New Testament*, rev. by C. S. C. Williams, 2nd ed. (London: Oxford University Press, 1953), 54.
7. Paul L. Maier, *First Easter: The True and Unfamiliar Story in Words and Pictures* (New York: Harper & Row, 1973), 122.
8. Philip Jenkins, *Hidden Gospels: How the Search for Jesus Lost Its Way* (New York: Oxford University Press, 2001), 83.
9. Quoted in Jenkins, 98–99.
10. Chauncey Sanders, *Introduction to Research in English Literary History* (New York: Macmillan, 1952), 143ff.
11. Katie Leggett and Greg Paulson, "How Many Greek New Testament Manuscripts Are There REALLY? The Latest Numbers," *Institute for New Testament Textual Research* (blog), September 29, 2023, https://ntvmr.uni-muenster.de/en_US/intfblog/-/blogs/how-many-greek-new-testament-manuscripts-are-there-really-the-latest-numbers.
12. According to Graeme D. Bird, a specialist of *Iliad* manuscripts, "Homer's *Iliad* is currently represented by more than 1,900 manuscripts (at least 1,500 of which are on papyrus, although many of these of a fragmentary nature)." "Textual Criticism as Applied to Classical and Biblical Texts," in *Multitextuality in the Homeric Iliad: The Witness of the Ptolemaic Papyri*, (Washington, DC: Center for Hellenic Studies, 2010).
13. Daniel B. Wallace, ed., *Revisiting the Corruption of the New Testament: Manuscript, Patristic, and Apocryphal Evidence*, Text and Canon of the New Testament (Grand Rapids: Kregel, 2011), 28–29.
14. For more information on the value of later manuscripts, see Gregory R. Lanier's contribution in chapter 6 of *Myths and Mistakes in New Testament Textual Criticism*, ed. Elijah Hixson and Peter J. Gurry (Downers Grove, IL: IVP Academic, 2019).
15. Giorgio Pasquali, *Storia della tradizione e critica del testo*, 2nd ed. (Florence: Le Monnier, 1952), 8.
16. Hixson and Gurry, *Myths and Mistakes*, 194.
17. Michael Bruce Morrill, "A Complete Collation and Analysis of All

Greek Manuscripts of John 18" (PhD thesis, University of Birmingham, 2012).
18. Hixson and Gurry, *Myths and Mistakes*, 196.
19. J. Ed Komoszewski, M. James Sawyer, and Daniel B. Wallace, *Reinventing Jesus: How Contemporary Skeptics Miss the Real Jesus and Mislead Popular Culture* (Grand Rapids: Kregel, 2006), 109.
20. John Warwick Montgomery, *Where Is History Going?* (Grand Rapids: Zondervan, 1969), 46.
21. Louis R. Gottschalk, *Understanding History* (New York: Knopf, 1969), 150.
22. J. Warner Wallace, *Cold-Case Christianity: A Homicide Detective Investigates the Claims of the Gospels* (Colorado Springs: David C. Cook, 2023), 198.
23. F. F. Bruce, *The New Testament Documents: Are They Reliable?* (Downer's Grove, IL: InterVarsity, 1964), 33.
24. David Hackett Fischer, *Historians' Fallacies: Toward a Logic of Historical Thought*, quoted in Norman L. Geisler, *Why I Am a Christian* (Grand Rapids: Baker, 2001), 152.
25. Will Durant, *Caesar and Christ: The Story of Civilization: Part III* (New York: Simon and Schuster, 1944), 557.
26. Gary R. Habermas, *On the Resurrection*, vol. 1, *Evidences* (Brentwood, TN: B & H Academic, 2024), 212–218.
27. Titus Kennedy, *Unearthing the Bible: 101 Archaeological Discoveries That Bring the Bible to Life* (Eugene, OR: Harvest House, 2020), 9–10.
28. F. F. Bruce, "Archaeological Confirmation of the New Testament," *Revelation and the Bible*, ed. Carl Henry (Grand Rapids: Baker, 1969), 331.
29. Lydia McGrew, *Testimonies to the Truth: Why You Can Trust the Gospels* (Tampa, FL: DeWard Publishing, 2023).

## بەشی ٦: کێ ئامادەیە لەپێناوی درۆیەکدا بمرێت؟

1. Richard Bauckham, *Jesus and the Eyewitnesses: The Gospels as Eyewitness Testimony*, 2nd ed. (Grand Rapids: Eerdmans, 2017), 116.
2. Lydia McGrew, *Testimonies to the Truth: Why You Can Trust the Gospels* (Tampa, FL: DeWard Publishing, 2023), 9–10.
3. McGrew, 10.

4. Flavius Josephus, *Antiquities of the Jews*, xx, 9:1.
5. J. P. Moreland, quoted in Lee Strobel, *The Case for Christ* (Grand Rapids: Zondervan, 1998), 248.
6. Edward Gibbon, quoted in Philip Schaff, *History of the Christian Church* (Peabody, MA: Hendrickson, 1996), chap. 3.
7. Michael Green, "Editor's Preface" in George Eldon Ladd, *I Believe in the Resurrection of Jesus* (Grand Rapids: Eerdmans, 1975), vii.
8. Blaise Pascal, quoted in Robert W. Gleason, ed., *The Essential Pascal*, trans. G. F. Pullen (New York: Mentor- Omega Books, 1966), 187.
9. Sean McDowell, *The Fate of the Apostles: Examining the Martyrdom Accounts of the Closest Followers of Jesus* (London, UK: Routledge Press, 2018), 264–265.
10. Michael Green, *Man Alive!* (Downers Grove, IL: InterVarsity, 1968), 23 –24.
11. Kenneth Scott Latourette, *A History of Christianity* (New York: Harper & Brothers Publishers, 1937), 1:59.
12. N.T. Wright, *Christian Origins and the Question of God*, vol. 3, *The Resurrection of the Son of God* (Minneapolis: Fortress Press, 2003), 10.
13. Simon Greenleaf, *An Examination of the Testimony of the Four Evangelists by the Rules of Evidence Administered in the Courts of Justice* (Grand Rapids: Baker, 1965), 29.
14. William Lane Craig, quoted in Strobel, *Case for Christ*, 220.

## بەشی ٧: مەسیحێکی مردوو چ کەڵکێکی هەیە؟

1. Encyclopedia International (New York: Grolier, 1972), 4:407.
2. Ernest Findlay Scott, *The Kingdom and the Messiah* (Edinburgh: T&T Clark, 1911), 55.
3. Joseph Klausner, *The Messianic Idea in Israel* (New York: Macmillan, 1955), 23.
4. Jacob Gartenhaus, "The Jewish Conception of the Messiah," *Christianity Today*, March 13, 1970, 8 –10.
5. *Jewish Encyclopedia* (New York: Funk and Wagnalls, 1906), 8:508.
6. A. B. Bruce, *The Training of the Twelve* (Grand Rapids: Kregel, 1971), 177.
7. Alfred Edersheim, *Sketches of Jewish Social Life in the Days of Christ* (Grand Rapids: Eerdmans, 1960), 29.

8. Pinchas Lapide, *The Resurrection of Jesus: A Jewish Perspective* (London: SPCK, 1983), 125.

### بەشی ٨: بیستتان چی بەسەر شاوڵدا هات؟

1. Jacques Dupont, “The Conversion of Paul, and Its Influence on His Understanding of Salvation by Faith,” *Apostolic History and the Gospel*, ed. W. Ward Gasque and Ralph P. Martin (Grand Rapids: Eerdmans, 1970), 177.
2. Michael R. Licona, *The Resurrection of Jesus: A New Historiographical Approach* (Downers Grove, IL: InterVarsity, 2010), 440.
3. Douglas A. Campbell, *Paul: An Apostle’s Journey* (Grand Rapids: Eerdmans, 2018), 22.
4. Dupont, “Conversion of Paul,” 76.
5. Philip Schaff, *History of the Christian Church* (Grand Rapids: Eerdmans, 1910), 1:296.
6. *Encyclopaedia Britannica*, vol. 17 (United States: The Encyclopedia Britannica, Inc., 1970), s.v. “Paul, Saint.”
7. Archibald McBride, quoted in *Chambers’s Encyclopedia* (London: Pergamon Press, 1966), 10:516.
8. George Lyttelton, *The Conversion of St. Paul* (New York: American Tract Society, 1929), 467.

### بەشی ٩: دەتوانیت پیاوێکی مەزن ڕابگریت؟

1. Alexander Metherell, quoted in Lee Strobel, *The Case for Christ* (Grand Rapids: Zondervan, 1998), 195–196.
2. John Dominic Crossan, *Jesus: A Revolutionary Biography* (New York: HarperOne, 1995), 145.
3. George Currie, *The Military Discipline of the Romans from the Founding of the City to the Close of the Republic*. An abstract of a thesis published under the auspices of the Graduate Council of Indiana University, 1928, 41– 43.
4. A. T. Robertson, *Word Pictures in the New Testament* (New York: R. R. Smith, 1931), 239.
5. Arthur Michael Ramsey, *God, Christ and the World* (London: SCM Press, 1969), 78–80.
6. James Hastings, ed., *Dictionary of the Apostolic sChurch*

(New York: C. Scribner's Sons, 1916), 2:340.
7. Paul Althaus, quoted in Wolfhart Pannenberg, *Jesus—God and Man*, trans. Lewis L. Wilkins and Duane A. Priebe (Philadelphia: Westminster Press, 1968), 100.
8. Paul L. Maier, "The Empty Tomb as History," *Christianity Today*, March 28, 1975, 5.
9. Craig S. Keener, *A Commentary on the Gospel of Matthew* (Grand Rapids: Eerdmans, 1999), 713 –714.
10. Keener, 714, footnotes 333, 334.
11. David Friedrich Strauss, *The Life of Jesus for the People* (London: Williams and Norgate, 1879), 1: 412.
12. J. N. D. Anderson, *Christianity: The Witness of History* (London: Tyndale Press, 1969), 92.
13. John Warwick Montgomery, *History and Christianity* (Downers Grove, IL: InterVarsity, 1972), 78.
14. Jodi Magness, "Has the Tomb of Jesus Been Discovered?" *Biblical Archaeology Society*, March 5, 2007, https://www.biblicalarchaeology.org/daily/archaeology-today/biblical-archaeology-topics/has-the-tomb-of-jesus-been-discovered/.
15. Craig Evans and Steven Feldman, "The Tomb of Jesus? Wrong on Every Count," *Biblical Archaeology Society*, February 1, 2023, https://www.biblicalarchaeology.org/daily/archaeology-today/biblical-archaeology-topics/the-tomb-of-jesus-wrong-on-every-count/.
16. Magness, "Has the Tomb of Jesus Been Discovered?"
17. Paul Rhodes Eddy and Gregory A. Boyd, *The Jesus Legend: A Case for the Historical Reliability of the Synoptic Jesus Tradition* (Grand Rapids: Baker Books, 2007), 142.
18. T. N. D. Mettinger, *The Riddle of Resurrection: "Dying and Rising Gods" in the Ancient Near East* (Stockholm: Almqvist and Wiksell, 2001), 221.
19. Thomas Arnold, *Christian Life—Its Hopes, Its Fears, and Its Close* (London: T. Fellowes, 1859), 324.
20. Brooke Foss Westcott, quoted in Paul E. Little, *Know Why You Believe* (Wheaton, IL: Scripture Press, 1967), 70.
21. William Lane Craig, *Assessing the New Testament Evidence for the Historicity of the Resurrection of Jesus* (Lewiston, NY: The Edwin Mellen Press, 1989), 418.

22. Simon Greenleaf, *An Examination of the Testimony of the Four Evangelists by the Rules of Evidence Administered in the Courts of Justice* (Grand Rapids: Baker, 1965), 29.
23. Ross Clifford, *Leading Lawyers' Case for the Resurrection* (Edmonton, Canada: Canadian Institute for Law, Theology, & Public Policy, 1991), 112.
24. Clifford, 112.
25. Frank Morison, *Who Moved the Stone?* (London: Faber and Faber, 1930).
26. Lord Darling, quoted in Michael Green, *Man Alive!* (Downers Grove, IL: InterVarsity, 1968), 54.

## بەشی ١٠: تکایە با مەسیحە ڕاستەقینەکە هەڵبستێتە سەر پێ

1. مەتا ئەم دەقە لە بەشی ٢٧: ٩-١٠ دەگەڕێنێتەوە بۆ پێغەمبەر یەرمیا، بەڵام لە ڕاستییدا دەقەکە لە زەکەریا ١١: ١٢-١٣ دەردەکەوێت. ئەم یەکنەگرتنەوە بەرچاوە پاش تێگەیشتن لە کانۆنی عیبریی چارەسەر دەبێت. دەقی پیرۆزی عیبری بۆ سێ بەش دابەش دەبێت: شەریعەت، نووسینەکان و پێغەمبەران. یەرمیا لە یەکدا هاتووە لە ڕیزبەندی پەڕتووکەکانی پێغەمبەران و زانایانی عیبریی وەک کورتکردنەوەیەکی قەبووڵکراو ئاماژە بەم کورتکردنەوەیە دەدەن بۆ ئاماژەدان بە تەواوی نووسینی کۆمەڵەی پێغەمبەران بە ناوی یەکەم پەڕتووک – یەرمیا
2. H. Harold Hartzler, from the foreword to Peter W. Stoner, *Science Speaks* (Chicago: Moody, 1963).
3. Stoner, 107.

## بەشی ١٢ :ئەو ژیانی منی گۆڕی

1. G. K. Chesterton, *The Autobiography of G. K. Chesterton* (San Francisco: Ignatius, 2006), 217.
2. Edwin Yamauchi, quoted in Lee Strobel, *The Case for Christ* (Grand Rapids: Zondervan, 1998), 90.
3. Strobel, 71.

# دەربارەی نووسەرەکان

بۆ زیاتر لە شەست ساڵ جۆش مەکداوڵ یارمەتی زیاتر لە چل و شەش ملیۆن کەسی داوە لە ١٣٩ وڵاتی جیاواز بۆ گەیشتن بەو خاڵە وەرچەرخانە دەربارەی بەڵگەکانی مەسیحییەت و ئەو گۆڕانەی بەسەر مرۆڤدا دەیهێنێت. لە ڕێگەی کارەکانیەوە لە ڕێکخراوی کرو و خزمەتی جیهانیی جۆش مەکداوڵ، ملیۆنان کەس لە جیهاندا گەیشتوون بە خۆشەویستییە مەزنەکەی مەسیح.

ئەو نووسەر یان هاونووسەری زیاتر لە ١٦٠ پەرتووکە، لەناویاندا پەرتووکەکانی، *ئەو بەڵگانەی پێویستیان بە حوکمێکە، ١٢ ڕاستی گەوهەریی دەربارەی باوەڕی مەسیحیی، بۆچی خودا ئەوەی کرد؟* و *چۆن بزانین خودا بوونی هەیە؟* جۆش و دۆتیی هاوسەری لە دانا پۆینتی کالیفۆرنیا دەژین و چوار کوڕ و کچی پێگەیشتوویان هەیە لەگەڵ یازدە نەوە.

شۆن مەکداوڵ پرۆفیسۆری زانستی داکۆکیکاری ئایینیی مەسیحییە لە زانکۆی بیۆلا لە کۆلێژی تالبۆت بۆ ئایینزانیی. ئەو نووسەر، هاونووسەر یان پێداچوونکاری زیاتر لە بیست پەرتووکە، لەناویاندا، *مانیفێستۆی یاخییەک، سێت ئەدریف، ئایا خودا تەنها داهێنانێکی مرۆڤە؟ پەرتووکی پیرۆزی خوێندنی داکۆکیکاریی بۆ قوتابیان و کۆتایی بە چەقبەستووییەکە بهێنە.*

شۆن بۆ زیاتر لە دوو دەیە مامۆستای ئامادەیی بووە و خەڵاتی مامۆستای ساڵی پێ دراوە لە خوان کاپیسترانۆ لە ٢٠٠٨. ئەو یەکێک لە کەناڵە پێشەنگەکانی یوتیوب پێشکەش دەکات بۆ داکۆکیکاری ئایینیی و هاوپێشکەشکارە لە پۆدکاستی ئینجیلیانە بیربکەرەوە. وتاربێژێکە کە لە ئاستی نێودەوڵەتی ناسراوە. دەتوانن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە ئاشنای سۆشیاڵ میدیاکەی ببن و پەیوەندیی پێوە بکەن:

https://www.seanmcdowell.org

لە مانگی چواری ٢٠٠٠، شۆن هاوسەرگیریی لەگەڵ دڵداری ئامادەیی خۆی کرد، ستێفانی. ئەوان سێ منداڵیان هەیە و لە خوان کاپیستارانۆی کالۆفۆڕنیا دەژین.